# 100
# ڕۆژەی
# شۆڕشی ژینا




100
ڕۆژەی
شۆڕشی ژینا
١٠٠ ڕۆژەی شۆڕشی ژینا
DAYS
100
ZHINA
REVOLUTION
بەشی چاپەمەنیی ناوەندی ڕاگەیاندنی
حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

# ١٠٠ ڕۆژەی
# ڕاپەڕینی ژینا

بەشی چاپەمەنیی ناوەندی ڕاگەیاندنی
حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

ناوی پرۆژە:

**١٠٠ ڕۆژەی شۆڕشی ژینا**

ئامادەکردنی:

**بەشی چاپەمەنیی ناوەندی ڕاگەیاندنی**

**حیزب دێموکراتی کوردستانی ئێران**

سەرپەرستی پرۆژە:

**عەلی بداغی**

دیزاین و گرافیک:

**ئەیوب شەهابی راد**

**بەفرانباری ١٤٠١**

## پێرست

- پێشەکی ........................................................................................ ٧
- مستەفا هیجری:ڕێژیم لە بواری ئیدئۆلۆژییەوە ڕووخاوە و هێزەکانی خەریکە هەڵدەوەرن/ دیمانە: عەلی بداغی ............................................ ٩
- ڕاگەیەندراوی ناوەندی بەڕێوەبەریی حیزب بەبۆنەی ١٠٠ ڕۆژەی ڕاپەڕینی ژینا ......................................................................................... ٢١
- خەباتی نەتەوایەتیمان بۆ ڕزگاری قەت بەچۆک دانایە/ خالید عەزیزی ......................................................................................... ٢٥
- لەم شۆڕشە نوێیەی ئێراندا، ڕۆئیەتی سیاسیی کورد لە ئاستی ڕۆڵی مەیدانیی ویدا نییە/ د. ئاسۆ حەسەن‌زادە ......................................... ٣٣
- مستەفا مەولوودی: کۆماری ئیسلامی حیزبی دێموکرات بە سەری مارەکە دەزانێت/ دیمانە: عەلی بداغی ................................................ ٣٩
- شۆڕشی ژینا، بەرەو نەسڵی نوێی شۆڕش/ بێهزاد خۆشحاڵی...... ٤٥
- شۆڕشی ژینا، ئاستەنگ و لەمپەرەکانی بەردەم پەرەسەندنی/ مریەم عەلیپوور ......................................................................................... ٤٧
- شۆڕشی ژینا، داڕووخانی کۆلۆنیالیزم/ کەریم پەرویزی ............. ٦١
- زانکۆکان سەنگەری ئاوەدانی شۆرشی ژینا/ هێمن بایەزیدپوور.. ٦٩
- ئینقلابی ژینا و ئیسقلابی مەهسا/ ژیوار ڕەسووڵی ....................... ٧٥
- بەستێنە سیاسی، مێژوویی و کۆمەڵایەتییەکانی شۆڕشی ژینا/ بەهمەن عەلیار ......................................................................................... ٨٥

- شۆڕشی ژینا تەنیا سەرکەوتن دەناسێت/ شێخ جەماڵ ................ ٩٣
- جووڵانەوەی مافخوازانەی گەلی کورد و کاریگەریی لەسەر ڕاپەڕینی ژینا/ عومەر باڵەکی ........................................................................ ٩٧
- تایبەتمەندییەکانی شۆڕشی ژینا لە ڕۆژهەڵات/ ڕەزا دانشجوو... ١٠٥
- کوردستان لە شۆڕشی ژینادا و دەرفەتەکانی بەردەم بزووتنەوەی کورد لە ئێران/ فەریبا محەممەدی .................................................... ١١١
- گەرووی هاوبەش/ برایم لاجانی .................................................... ١١٥
- ڕەگە مێژووییەکانی «شۆڕشی ژینا» (ژن، ژیان، ئازادی)/ ئەردەڵان فەرەجی ................................................................................... ١٢٣
- ڕاپەڕینی ژینا لە نێوان پشتیوانیی نێودەوڵەتی و ئاڵتێرناتیڤدا/ مادح ئەحمەدی ................................................................................... ١٣٣
- شۆڕشی ژینا وەستانی نییە/ برایم جەهانگیری ......................... ١٣٩
- شۆڕشی ژینا، هاوکێشەکانی شۆڕشێکی فێمینیستی لە ڕاپەڕینێکی سەرانسەری و مافخوازیدا/ کوێستان گادانی .................................. ١٤٣
- «کۆمار»ە کەمتەمەنەکانی شۆڕشی «ژینا»/ تاهیر قاسمی ....... ١٤٩
- شۆڕشی ژینا، ڕێنسانسی عەقڵانییەتی دەسەڵات و حوکمڕانی/ سەلام ئیسماعیلپوور ................................................................. ١٥٧

## پێشەکی

دوای تێپەڕینی ١٠٠ ڕۆژ لە تێپەڕینی شۆڕشی ژینا، ڕاپەڕینی نوێی خەڵکی کوردستان و ناوچەکانی دیکەی ئێران پێی ناوەتە وەرزیکی تر لە بەردەوامیی خۆی.

ناوەندی ڕاگەیاندنی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دوای تێپەڕینی ١٠٠ ڕۆژ بە سەر شۆڕشی ژینادا، و بە مەبەستی شرۆڤە و لێکدانەوەی ڕەهەندە جۆراوجۆرەکانی ئەو ڕاپەڕینە و وێناکردنی دوورەدیمەنەکانی ئەم ڕاپەڕینە؛ نامیلکەیەکی سیاسی-شیکاریی بڵاو کردۆتەوە.

لەو نامیلکەیەی بەردەستتاندا هەوڵ دراوە لە توێی چەند وتار و توێژینەوەیەکدا وەڵامی ئەو پرسیارانە بدرێتەوە کە بەستێنە سیاسی، مێژوویی و کۆمەڵایەتییەکانی شۆڕشی ژینا چین؟ دەسکەوتەکانی هەتا ئێستای شۆڕشی ژینا چ بوون؟ ئاستەنگ و لەمپەرەکانی بەردەم پەرەسەندنی ئەو شۆڕش و کەمایەسییەکانی کامانەن؟ شۆڕشی ژینا لە نێوان چەند فاقێتیی ئێرانی فرەنەتەوە، ترسی ناوەندگەرەکان و داهاتووی سیاسیی ئێراندا بەرەوکوێ دەڕوات؟ دەوری کوردستان لە شۆڕشی ژینادا چی بووە و دەرفەتەکانی بەردەم بزووتنەوەی

کورد لە ئێران لەپاش ئەو ڕاپەڕینە چین؟ هەروەها ڕۆڵی ئۆپۆزیسیۆنی دەرەوەی وڵات و کاریگەریی دیاسپۆرا لە ڕەوتی شۆڕشی ژینادا چی بووە نەبوونی ئاڵترناتیڤ چ کاریگەرییەکی لەسەر ڕەوتی شۆڕشی ژینا داناوە؟

لەو نامیلکەیەدا هەوڵ دراوە لە گۆشەنیگای جیاواز و جۆراوجۆرەوە گەنگەشەی ئەو باس و بابەتانە بکرێت و لەو پێوەندییەدا بەرچاوڕوونیی پتر بدرێت کە ئاسۆ و دوورەدیمەنەکانی ئەم ڕاپەڕینە چۆن لێک دەدرێتەوە؟

**ناوەندی ڕاگەیاندن**
**بەشی چاپەمەنی و بڵاوکراوەکان**
**بەفرانباری ١٤٠١**

## مستەفا هیجری:

# ڕێژیم لە بواری ئیدئۆلۆژییەوە ڕووخاوە و هێزەکانی خەریکە هەڵدەوەرن

**دیمانە: عەلی بداغی**

ئاماژە: تێپەڕینی ١٠٠ ڕۆژ بەسەر ڕاپەڕینی ژینا دەرفەتێکی باش بوو بۆ ئەوەی هەڵسەنگاندێک بۆ دۆخی ڕاپەڕین و تاوتوێیی خاڵە لاواز و بەهێزەکانی بکرێت، دەسکەوت و کەموکوڕییەکانی لێک بدرێتەوە و وێنایەک لە دوورەدیمەنەکانی بەدەستەوە بدەین. هەروەها بەدوای وەڵامی کۆمەڵە پرسیارێکدا بگەڕێین کە کۆمەڵگەکە لەو چەقبەستوویییە ڕزگار بکات. «کوردکاناڵ» بۆ ئەو مەبەستە هەڤپەیڤینێکی لەگەڵ بەڕێز مستەفا هیجری، بەرپرسی ناوەندی بەڕێوەبەریی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران کردبوو کە «کوردستان» پوختە و کاکڵی ئەم دیمانەیە بۆ خوێنەرانی بڵاو دەکاتەوە.

**کاک مستەفا ١٠٠ ڕۆژ لە ڕاپەڕینی ژینا تێپەڕیوە. بەرلەوەی چەند پرس و پرسیارێکی تایبەت لە خزمەت جەنابتدا بێنینە گۆڕێ، پێمان باشە لێکدانەوەی جەنابت لەسەر دۆخی ئێستای ئێران بزانین. ئێرانی دوای ئەم ڕاپەڕینە چ جیاوازییەکی لەگەڵ دۆخی پێش ئەو ڕووداوە هەیە؟**

ئەوەی لەو پێوەندییەدا دەبێ باس بکرێ دوو بەشە، واتە دۆخی خەڵک و دۆخی دەسەڵات. بە نیسبەت کۆماری ئیسلامیی هەڵوەرین لە ڕێژیمدا دوای ئەو سەد ڕۆژە زۆرتر بووە و ئەگەر پێشتر گرووپێک، یان بە نیسبەتی کەم خەڵکێک بە دەوریانەوە مابوون و باوەڕیان پێ دەکردن، ئەوەش زۆر لە کەمی داوە. تەنانەت لەنێو هێزەکانی سەرکوتکەر، بەتایبەتی لەنێو مەرجەعەکانی شیعەدا کە پشتیوانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران بوون، لەنێو ئەوانیشدا درزی تێکەوتووە و ئەو یەکدەستییەی لە هێرەمی دەسەڵاتی ڕێژیمدا هەبوو، ئێمە ئێستا ئەوە نابینین. بێجگە لەوە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە باری ئیدئۆلۆژیشەوە شکستێکی تەواوی خواردووە.

ئەگەر سەرنجتان دابێ، ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە سەرەتای هاتنەسەرکاریەوە، بەشێکی زۆر لە وزە، سامان و دارایی ئەو وڵاتەی تەرخان کرد بۆ ناوەندە ئایینیەکان بۆوەی بتوانێ ئەو نۆرم و بەهاگەلەی بۆخۆیان وەکوو نۆرم و بەهای ئیسلامی دەیناسن، نەوەیی نوێی پێ گۆش بکەن. لە قوتابخانەکان، زانکۆکان، ئیدارە و تەنانەت کارگە و کارخانەکان و لە هەموو شوێنێک ئەو سیاسەتە گیرایە بەر. بەڵام ئێستا دەبینین ئەو نەسڵە کە ئەو هەموو سەرمایەگوزارییەیان لەسەر کردووە و، بە تەمابوون بۆیان ببێتە پشتیوانی ڕێژیمەکەیان، ئەوە ئەوانن لەسەر شەقامەکان دژی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران دروشم دەدەن و خوازیاری ڕووخانی ڕێژیمن. بەتایبەت دەمەوێ ئاماژە بکەم بە دەوری بەرچاو و قارەمانانەی ژنانی ئێران کە زیاتر لە خەڵکی دیکە ستەملێکراو بوون. ڕەنگە ئێمە ئەوە کە ژنان سەرپۆشی

ئیجباری لەسەر خۆیان لا دەبن بە شتێکی کەم بزانین، بەڵام بە بۆچوونی من ئەوە یەکێک لە کۆڵەکە ئیدئۆلۆژییەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامییە کە ئەو خەڵکە بە دەستی خۆیان ڕووخاندیان و یەک لە بەها سەرەکییەکانی ڕێژیمیان خستە ژێر پێی خۆیان و ئەوانە دەستکەوتی زۆر گرینگن.

بێجگە لەوانە کۆماری ئیسلامی ئێران، ساڵانێکە پڕوپاگەندە دەکا بۆ ئەوەی شیعە و سوونی و نەتەوەکانی جیاوازەکان کە پێکهاتەی ئێران پێک دێنن، لەبەرامبەر یەکتردا ڕابگرێ؛ بە نانەوەی ئاژاوە و دووبەرەکی، بە سیاسەتی هەڵاواردن، بە لێدانی تۆمەتی جیاییخوازی و... . بەڵام ئەزموونی ئەو سەد ڕۆژە نیشانی دا کە نەک سیاسەتەکانی ڕێژیم جێ نەکەوتوون، بەڵکوو دروست بەپێچەوانەی ئەوان، نەتەوە جیاوازەکان و ئایینەکانی جیاوازەکان بە لایەنگری لە یەکتر دروشمیان دا. ئەو یەکیەتی و یەکڕیزی و یەکدەنگییە کە بە مانای هەرەسهێنانی ویستەکانی ڕێژیمە، دەسکەوتێکی زۆر گەورە بوو. لە بەشەکانی دیکەش وەک ئابووری و سیاسەتی دەرەکی، ڕێژیم تووشی داڕمان و هەرەس بووە. بەڵام ئەگەر بێینە سەر خەڵک، ئەو خەڵکە لەگەڵ ئەوەی تازیەباری لەدەستدانی خۆشەویستەکانیانن، ناڕاحەتن لەوەی برینداریان زۆرن، خەڵکێکی زۆر گیراون و بێسەروشوێن کراون؛ بەڵام خەڵک براوەن و ئەو وێنایەیان دروست کرد کە خەڵک دەتوانێ ئەو ڕێژیمە بڕووخێنی و نیزامی سیاسیی دڵخوازی خۆی بێنێتە ئاراوە. خەڵک ئێستا ئیدی بەتەواوی ترسیان لە ڕێژیم شکاوە و درێژە بە خەباتی خۆیان دەدن. بەتایبەتی دەبینین خەڵکی دنیا لە پاڕلمانەکان، دەوڵەتەکان لە نێو ڕۆژنامەنووسەکان، هونەرمەندان و بە ئیستلاح سلیبریتییەکان، لە هەموو شوێنێک هاتوونەتە پشت خەڵک و بە ئاشکرا دژی ڕێژیم هەڵوێست دەگرن.

دەستکەوتێکی گەورەی دیکەش ئەوەیە ئەگەر لە ساڵەکانی ڕابردوودا، دەماندیت خەڵک دەهاتنە سەر شەقامەکان، داواکان بۆ مووچەی

دواکەوتوو، یان داخوازیی سینفییان هەبوو؛ بەڵام لەو سەد ڕۆژەدا دروشمەکان لەوە تێپەڕین و تەواوەتیی کۆماری ئیسلامی ئێرانیان کرد ئامانج و دروشمی مەرگ بۆ ڕێبەری ڕێژیم بەرز کرایەوە. ئەوە پێمان دەڵێ کە ئەو خەڵکە ئیدی هیچ هیوایەکی بە ڕێژیم نەماوە و ئەو قەناعەتەی لەلا دروست بووە کە بۆ سارێژکردنەوەی برینەکانەکانی و، بۆ ژیانێکی سەربەرزانەتر دەبێ ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی، بڕوا.

**کاک مستەفا باستان لە دۆخ و دەسکەوتەکانی ئەم ڕاپەڕینە کرد. بەڵام دەرفەتەکان چی؟ ئەم دەرفەتانە چین کە بۆ پرسی کورد لە ئێران دروست بووە؟ هەروەها کورد چۆن دەتوانێ ئەم دەرفەتانە بقۆزێتەوە و لەپێناو دۆز و پرسە گەورەکەی خۆیدا بەکاری بێنێ؟**

گرینگتر لە هەموو شت ئەوە کە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران، تەنانەت پێش کۆماری ئیسلامی و لە ڕێژیمی پەهلەویشدا کورد وەکوو خەڵکێکی یاخی و سەربڕ پێناسە دەکرا. کورد لەو سۆنگەیەوە بەتوندی سەرکوت دەکرا، زوڵمی لێ دەکرا و نەیاندەهێشت سەر هەڵێنێ، بەڵام ئێستا لە تاران، لە تەورێز، لە بەلووچستان خەڵک بۆ پشتیوانی لە کوردستان دروشم دەدەن. ئەوە دەرفتێکی باشە بۆ ئەوەی کورد جارێکی دیکە و بەشێوەیەکی دروست و ئوسوولی لە زمان خەڵکی دیکەوە دەناسرێ. ئەوە دەرفەتێکی زێڕینە و ئێمە هان دەدا بۆ ئەوەی بتوانین لەگەڵ ئەو خەڵکە ڕاپەڕیوەی غەیری کوردستان پێوەندی بگرین و ئەو پێوەندییە، مەعنەوی و سیاسییە کە هاتووەتە پێش بتوانین بەهێزتری بکەین. لێرەدا پێمخۆشە داوا لە خەڵکی تێکۆشەری کوردستان بەتایبەت لاوەکان بکەم کە ئەو دەسکەوت و یەکگرتووییە بە هەند وەربگرن. ماوەیەکی زۆری کێشاوە، کورد زۆری خوێن داوە تاوەکوو ئازادیخوازی و بەها مرۆییەکانی خۆی بە خەڵکی ئێران و جیهان بسەلمێنێ. لەبیریشمان نەچێ ئەگەر ئەو ڕاپەڕینە، لەنێو خەڵکی ئێراندا بەشێوەی بەربڵاو دەنگی داوەتەوە و دنیا هاتووەتە پشتی؛

لەسۆنگەی ئەو یەکگرتووییەیە. ئێمە شان بە شانی خەڵکی ئێران دەتوانین، ڕێژیم بڕووخێنین و ویست داخوازییەکانی خۆمان بێنییە دی، بۆیە لەو پێوەندییەدا ئەوەندی ئیمکانمان هەیە و بۆمان دەلوێ دەبێ پتر تێبکۆشن و کەلکی پتر لەو دەسکەوتە وەرگرین.

دەرفەتێکی دیکە کە دێتە پێشێ مەسەلەی ڕۆژئاوایە بە ئەمریکا و ئورووپاوە. ئێستا جیهان دەزانێ کە ئەو ڕاپەڕینە، یەکەم هەنگاو لە کوردستانەوە دەستی پێ کرد. ئێستا دەزانن کە ئەوە حیزبەکانی ئۆپۆزیسیۆنی کورد بوون کە داوایان کرد خەڵک بێنە سەر شەقام و مان بگرن و خەڵک بە گوێیان کردن. ئەوە ئێعتبارێکی تازەتری داوە بە کورد و هێزە سیاسییەکانی کوردستان داوە کە دەبێ بیکەینە دەسمایەیەکی باش بۆ دیپلۆماسییەکی بەهێز. ئەمن هەر لەو سەفەرە کورتەی بۆ بەشداری لە کۆنگرەی ئینترناسیۆنال سۆسیالیست هەمبوو، ئەو تامەزرۆییەم بینی.

**کاک مستەفا لە تەنیشت ئەو باسانەی کە لەسەر دەسکەوتەکان و دەرفەتەکانی ئەم جووڵانەوەیە کردتان، بۆ هەمووان ئاشکرایە کە جووڵانەوەکە لە کوردستان هێندێک تایبەتمەندیی خۆی هەیە بۆ نموونە ڕۆڵی مامۆستایانی ئایینی. واتە ئەگەر لە دەرەوی کوردستان دەبینین دیاردەی مەندیلفڕێدان هەیە و خەڵکەکە بە بێزراوییەوە لە ئاخوندەکان دەڕوانن، بەڵام لە کوردستان هەم رەفتاری مامۆستاییانی ئایینی جیاواز بووە و خەڵکیش ڕێزێکی زۆر تایبەتیی بۆ ڕۆڵی مامۆستایانی ئایینی هەیە. بەڕێزتان چ خوێندنەوەیەکتان بۆ ئەو جیاوازییانە هەیە؟**

جیاوازییەکی گرینگ هەیە لەنێوان ئەو دوو تەیفە لە کوردستان و دەرەوی کوردستان. ئەوەی کە کەسایەتییە ئایینییەکانی شیعە بەتایبەتی ئەوانەی کە موجتەهیدن خەڵک چاوەڕوانی ئەوەی هەبووە کە لەسەر ئەو زۆڵموزۆرییەی ڕێژیم لەو ماوەیەدا لە خەڵکی کردووە بێنە جواب.

ئەوان بەپێی بنەما ئایینییەکانی خۆیان، دەبێ داکۆکی لە ستەملێکراو بکەن. بەڵام هەتا ئێستاشی لەگەڵ بێ، بێجگە لە هێندێک لە کەسایەتییە ئایینییەکانی شیعە، ئەوانی دیکە هەر لەگەڵ ڕێژیمن و پشتیان لە خەڵک کردووە. بەڵام لە کوردستاندا بەپێچەوانەیە. لە کوردستان کەسایەتییە ئایینییەکان لەگەڵ خەڵکن، نیشتمانپەروەرن و لەو ماوەیەدا پشتی خەڵکیان گرتووە و دژی ڕێژیم ڕاوەستاون. هەرچەند ئەوە ڕەنگە بۆ ئەوان تێچووی زۆریشی هەبێت و لەو سۆنگەیەوە تووشی زیندان و لێپرسینەوە و سزای جۆراوجۆر بن، بەڵام ئەوان ئەرکی ئایینی و ئەخلاقیی خۆیان بەجێ هێناوە و بەرگرییان لە خەڵک کردووە، قازانج و بەرژەوەندیی خۆیان لەپێناو خەڵکەکەدا فیدا، کردووە و بێجگە لە ژمارەیەکی کەم ئەوانی دیکە لەو بارەوە بۆ خەڵک جێگای ڕێزن. بۆیە ئەمن ڕێزی یەکجار زۆرم بۆ ئەو مامۆستا و کەسایەتییە ئایینییانە هەیە و دەستخۆشیان لێ دەکەم و دەڵێم هەر ئەوە شایستەیانە کە بەرانبەر خەڵکەکەیان ئاوا ئامادەی فیداکارین؛ بێگومان کەسایەتی و خۆشەویستی ئەوان ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر دەبێ.

**کاک مستەفا ئەم ڕاپەڕینە تێچووی زۆریشی بووە، بەتایبەت بۆ خەڵکی کوردستان تێچووەکان لەچاو شوێنەکانی دی قورس بووە، ئەوە بە ئاماری کوشتنەکان، ژمارەی بریندارارن، زۆریی گرتن و ڕەشبگیرەکان و شێوەی سەرکوتی خەڵک لە کوردستانەوە دیارە. بۆ؟ لەبەرچی؟**

هەر لە سەرەتای هاتنەسەرکاری کۆماری ئیسلامییەوە، نەتەوەکان بەتایبەتی کورد، لەژێر هەڵاواردنی زۆر ئاشکرادا بووە. ئەوەش هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوە کە کورد هەر لە ڕۆژی یەکەمەوە، ئەو ڕێژیمەی باش ناسیوە و زانیویەتی کە ئەو ڕێژیمە ناتوانێ ویست و داخوازییەکانی خەڵک دابین بکا، بۆیە لەدژی ڕاوەستاوە. گەلی کورد لە هەموو ماوەی دەسەڵاتدارەتیی ڕێژیمدا لە خەباتی خۆی بەردەوام

بووە. بۆیە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە تەواوی ئەو ماوەیەدا بە نیسبەتی خەڵکی کورد هەر پیلانگێڕی کردووە، زوڵم‌وزۆری نواندووە، خەڵکی کوشتووە، ڕێبەڕانی جووڵانەوەکەمانی تێرۆر کردووە و دوژمنایەتییەکی تایبەتی لەگەڵ کورد بووە. لەو سۆنگەیەوە خەبات و تێکۆشان و ناڕەزایەتییەکانی کورد لە ئێران هەمیشە پڕ تێچوو بووە. بەڵام لەگەڵ هەمووی ئەوانەدا کۆماری ئیسلامی نەک هەر نەیتوانییوە خەڵکی کورد بەچۆک دابێنی، بەڵکوو دەبینین کە ئەو نەتەوەیە ڕۆژ بە ڕۆژ ژیرانەتر و بەورەتر دێنە مەیدان و هەتا ڕووخانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی کۆڵ نادەن.

**واتە ئێوە دەڵێن کە ئەو تێچووانە بە هیچ شێوەیەک خەڵک چاوترسێن ناکەن و پاشگەزیان ناکەنەوە؟**

بێگومان. ئەمن پێموابێ هەر ئێستا ئەو خەڵکە کە تێچووی زۆریشیان داوە، ئەوان بە ئیرادەترن. ئەگەر سەرنجتان دابێ، ئەوەی ئێمە لەو ماڵەیەدا لە بنەماڵەی شەهیدان بینیمان، لە بابی شەهیدەکان، لە دایک و خوشک و برا و منداڵی شەهیدەکان، ئەوان هەمووی هاندەر و وەرەبەخش بوون. لەباتی لالانەوە و پاڕانەوە، لەباتی لاوازی و کەساسی، بەڵام وەک لیدێرێکی سیاسی خەڵکیان بۆ درێژەدانی خەبات هان دەدا. ئەوە نیشان دەدا، خەڵک دڵبریندارە، ناڕەحەتە، تازیەبارە، بەڵام لە عەینی حاڵدا، ورەی بەهێزتر و هیوای قاییمترە.

**کاک مستەفا وەکوو باستان کرد، ئەم ڕاپەڕینە دەسکەوتی زۆری بۆ پرسی کورد بووە، بەڵام لە تەنیشت ئەو دەستکەوتانە بێگومان ڕەنگە کەم‌وکووڕی و کەمایەسییش بە ڕاپەڕینەکەوە دیار بێ، ئەگەر جەنابت بتەوێ خاڵە لاوازەکانی ئەم جووڵانەوەیە دەستنیشان بکەی، ئەوانە لە چیدا دەبینی؟**

ئەو سەد ڕۆژە تاقیکارییەکی زۆر گرینگ و مێژوویی بوو بۆ

گەلەکەمان و خەڵکی ئێران بە تەواوەتی. لەوەڕاش کە ئەو خەباتە کۆتایی نەهاتووە، پێویستە وەک چۆن خاڵە بەهێز و دەسکەوتەکان باس دەکەین، خاڵە لاوازەکانیش ببینین. ئەمەش بۆ ئەوەیە بۆ داهاتوو خاڵە لاوازەکان بنەبڕ بکرێن هەتا تێچوومان کەمتر بێ. خاڵێکی لاوازی بنەڕەتی لە ئاستی سەرانسەریدا ئەوەیە لە شارە گەورەکان هێشتا خۆپێشاندانەکان میلیۆنی نین، تەنانەت چەند سەت هەزار کەسییش نین. بۆ ئەوەی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران بڕووخێ پێویستە هەمووان بەشدار بن.

لە کوردستانیش لەگەڵ هەموو سەرکەوتنەکان کە بوومانە، بەڵام ئێمە دەمانتوانی بە وردبینیی زۆرتر، تێفکرین و دوورکەوتنەوە لە هەست و سۆز و بە لێکدانەوە و مشوورخۆریی زیاترەوە تێچووی ڕاپەڕینەکەمان کەمتر بکەین و ئەوەندە شەهید و بریندارەمان نەدابا. ئێمە وەکوو خەڵکی کورد کەممان نەهێناوە لە خەباتدا. ئەو دەمەی کە بەشێکی زۆر لە خەڵکی ئێران خومەینییان لە مانگدا دەدیت و پیرۆزییەکی ئاسمانی بۆ ئەو ڕێژیمە قایل بوون، کورد ئەوکاتە لەدژی ئەو ڕێژیمە خەباتی کردووە. یانی ئێمە ٤٤ ساڵە قوربانی دەدەین. ٤٤ ساڵە ئێمە دەڵێین ئەو ڕێژیمە کۆسپی سەر ڕێگای ئازادییە، ئەو ڕێژیمە زاڵمە و دەبێ بڕوا و و نەمێنێ. ئیدی پێویست ناکا ئێمە لە درێژەی خەباتەکماندا، بمانەوێ بیسەلمێنین کە شۆڕشگێڕ و خەباتگێڕین. بەڵکوو دەبێ شانبەشانی خەڵک لە بەشەکانی دیکەی ئێران بڕۆینە پێشێ، نە زۆرتر و نە کەمتر. ئەمن دەزانم لاوەکانمان تووڕەن، بێزان لەو ڕێژیمە، چونکە گەورەترین زوڵم لە لاوەکانمان کراوە بە کچ و کوڕەوە. بەڵام خەباتکردن دژی ڕێژیمێکی ئاوا پێویستیی بە تێفکرین و هەڵسەندگاندنە. هیوادارم ئەوە ببێتە دەرسێک لە داهاتوودا، لەگەڵ بەشداری زۆر چالاکمان لە خەبات دژی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی، بەڵام شانبەشانی خەڵکی ئێران بچینە پێشێ، بۆ ئەوەی تێچوومان کەمتر و لە ئەنجامدا دەسکەوتمان زیاتر بێ.

خاڵێکی لاوازی دیکە ئەوەیە هێشتا ئاڵترناتیڤی ڕێژیم دروست نەبووە و ئۆپۆزیسیۆنیش هەتا ئێستا نەیتوانیوە بە پلان و بەرنامەکانی توێژی خۆڵەمێشیی کۆمەڵگە بێنێتە سەر شەقام کە هیوادارم لە بەردەوامیی خەبات و بەرەوپێشچوونی جووڵانەوەکەدا هەمووان بتوانین ئەو کەمایەسییانە چارەسەر بکەین.

**لە دەرەوەی ئەو هیوادارییە بەڕێزتان کە زۆر جێگای سەرنجن، بەڵام پرسیاری خەڵک ئەوەیە کە ئەم ئاڵترناتیوە بۆ دروست نابێ. ئەم ئۆپۆزیسیۆنە بۆ بارتەقای گۆڕانکارییەکانی، کۆمەڵگەی ئێران ناجووڵێتەوە و ئەو کێشە و ناکۆکییانە چین کە ناتوان لە باروودۆخێکی ئاوا هەستیاریشدا کە ڕێژیم لە لێواری ڕووخانە؛ ئەوان لە دەوری لانیکەمی خاڵە هاوبەشەکان ساغ ببنەوە؟**

ئەمن سەرەتا کوردستان لە دەرەوەی ئەو باسە دادەنێم. بەڵام لە ئاستی سەرانسەریدا لە ماوەی سەد ساڵی ڕابردوودا، ئێمە سیستمێکی دێموکراتیکمان لە وڵاتدا نەبووە کە خەڵک فێری کاری هاوبەش بکا. هەر کەس بۆخۆی، خۆی بە جەمسەرێک دەزانێ. خۆیان بێنیاز لە خەڵک و ڕاوێژی خەڵکی زانا و دڵسۆز و نیشتمانپەروەر دیوە. بەرژەوەندییەکان تەسک و سنووردار بوون، بۆیە لەگەڵ ئەوەدا و لە دۆخێکدا کە نوخبەکانی ئێرانی باس لە دێموکراسی دەکەن، خوێندەوارن و لە جیهانی ئازادی دەرەوەدا دەژین و ئەزموونی پێشکەوتووی ئەو وڵاتە دێموکراتانەشیان هەیە؛ کەچی ناتوانن پێکەوە کار بکەن. بەداخەوە هەتا ئێستا کەس بیروبۆچوونی ئەویدیی قبووڵ نییە و هەر کەس پێیوایە بۆخۆی حەقیقەتیی موتڵەقە و ئەوە ئەوانی دیکەن کە دەبێ لە دەوری ئەو بهاڵێن. ئەوە بە داخەوە واقعی ئۆپۆزیسیۆنی کۆماری ئیسلامی لە دەرەوەی وڵاتە. بەڵام لە کوردستان، ڕاست بەپێچەوانەی ئەو دۆخەیە. لە کوردستان خەڵک لە ماوەی ئەو چل و چەند ساڵەدا، ئەزموونی گەورەیان لە خەباتدا وەدەست هێناوە و تاقیکاریی زۆریان

بووه. ئەزموون لە شکاندنی یەکتر، لە کوشتن و بوغزاندنی یەکتر و هەموو ئەوانەی تاقی کردووەتەوە. بەڵام بەو دەرەنجامە گەیشتوون هیچکام لەوانە ڕێگای ڕزگاری نین. ڕێگای ڕزگاری لە یەکگرتوویی و لە بەهێزبوون‌دایە. ئێمە پێشتریش ڕامانگەیاندووە، خەڵکی ڕۆژهەڵات دەبێ ببێتە هێزی شوێندانەر. بۆ ئەوەش کە ببێتە هێزی شوێندانەر دەبێ یەکگرتوو بێ. هێز لە یەکگرتوویی‌دایە و بۆ ئـەوەی بتەوێ لەگەڵ لایەنی دیکە یەکگرتوویی پێک بێنی، دەبێ حەقانییەتێک کە بیری لێ دەکەیە و باسی لێ دەکەی هەمووی لە خۆتدا نەیبینی و لە خەڵکی دیکەشدا بیبینی بۆوەی بتوانی بەرنامەی هاوبەشت لەگەڵی هەبێت. ئێستا پێچەوانەی ئۆپۆزیسیۆنی سەرانسەری لە کوردستان یەکگرتوویی بەکردەوە هەیە و ئەوە جیاوازییەکی گەورەیە لەنێوان ئەو دوو بەشە لە ئێراندا.

**هەر ئەم جیاوازییانە لەو ماوەیەدا واقعی سیاسیی گرینگی لێ کەوتووەتەوە. بۆ نموونە هەرکات ناوەندی هاوکاریی دوای مانگرتنی کردووە، وەڵامی خۆی لەلایەن خەڵکەوە وەرگرتووە. بەڵام کاک مستەفای بەڕێز ئایا حیزبی دێموکراتی کوردستان ئێران، یان ناوەندی هاوکاری هەر بەو مێتۆدە لە خەبات لە کوردستان بەردەوام دەبێ، یان پلان و بەرنامەیەکی دیکەتان بۆ ڕاپەڕین هەیە؟**

بێگومان هەر قۆناغێک لە خەبات، ڕێوشوێن و بەرنامەی تایبەت بە خۆی هەیە. هەر بەو شێوەیە کە کۆمەڵگە دەگۆڕێ، خەبات ڕەنگی جیاواز بە خۆییەوە دەگرێ و دروشمەکان دەگۆردرێن و داخوازیی خەڵکیش دەگۆڕدرێن و دەبێ حیزبە سیاسییەکان پێ بەپێی ئەوە ئاڵوگۆڕ لە بەرنامەکانی خۆیاندا پێک بێنن. ڕەنگە ئەو شێوە خەباتە لە ماوەی ئەو سێ مانگە یان ١٠٠ ڕۆژەدا لە پشت سەری خۆمان بەجێمان هێشت، نەتوانین بە عەینی، ئەو مێتۆدە دووبارە سەرکەوتن

بەدەست بێنێ. بۆیە ئێمە ئێستا هەم لە ڕێبەرایەتیی حیزبەکەمان و، هەم لە ناوەندی هاوکاریی خەریکی لێکدانەوە و تاوتوێکردنی ئەزموونی ئەو ماوەیەین، بۆ ئەوەی بزانین چ ڕێگەچارەیەکی دیکە دەتوانین بێنینە پێشی کە هەم خەباتەکە بەردەوام بێ، هەم خەڵکیش ماندوو نەبێ و بتوانی بچێتە لە خەباتەکە بچێتە پێش.

**کاک مستەفا جەنابت دەورە دیمەنەکانی ئەو ڕاپەڕینە چۆن دەبینی؟**

من ئەوە قسە و بیروباوەڕی ئێستام نییە، بەڵکوو زۆر لەمێژە گوتوومە لەوەدا کە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی، دەڕووخێ و ناتوانێ درێژە بە مانەوەی خۆی بدا، ئێستاش هەر لەسەر ئەو باوەڕەم و ئەو باوەڕەم بەهێزتر بووە. ئەوەی ئێستا بڕوای منی بەهێزتر کردووە ئەو دەستکەوتانەیە کە لەو ١٠٠ ڕۆژەدا بەدەست هاتووە زۆر گرینگ بوون. بەتایبەتی لە کوردستان و باقی ناوچەکانی دیکەی ئێران وەکوو بەلووچستان  کە پێویستە، ڕێزی لێ بگرین. بۆیە من ئاراستەکە ئاوا دەبینم، ڕۆژبەڕۆژ ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی، بەرەو لاوازیی زیاتر دەڕوا و لە ڕووخان نیزیکتر دەبێتەوە. هۆکاری ئەوەش زۆرتری دەگەڕێنمەوە بۆ ئەوەی کە ئەو ڕێژیمە عەقڵییەت و تێگەیشتنی ئەوەی نییە گوێی لە خەڵک بێ و هەنگاوێک لەپێناو ویست و داخوازی خەڵکدا هەڵێنێتەوە. ئەوە تایبەتمەندیی دیکتاتۆرەکانە لەباتی ئەوەی گوێ لە خەڵک بگرن و داخوازیی خەڵک جێبەجێ بکەن، بەرنامەی خۆیان دەبەنە پێشێ و ئەوە دەبێتە عامیلی ڕووخانەکەیان.  لەلایەکی دیکەوە بەو وشیاری و ئاگاییە کە خەڵکی ئێران بەگشتی و خەڵکی کورد بەتایبەتی بە دەستی هێناوە، ئەم ڕێژیمە چیدی ناتوانێ بەو عەقڵییەتەوە درێژە بە دەسەڵاتەکەی بدا. جا هۆکاری دیکە زۆرن، ئەوەش کە جیهان پشتی کردووەتە کۆماری ئیسلامی ئێران و ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر فشاری بۆ دێنن و ئەو فشارانە لە داهاتوودا زیاتر کاریگەرییان لەسەر کۆماری ئیسلامی دەردەکەوێ.

**کاک مستەفا پرسیار زۆرن، بەڵام کات کەم. ئەگەر لە کۆتاییدا پەیامێک، یان بابەتێکی نەگوتراو و باس نەکراوتان مابێت بفەرموون.**

من شتێکی کە دەمەوێ پێداگریی لەسەر بکەمەوە، مەسەلەی یەکگرتووییە. داوام لە خەڵکی کورد ئەوەیە ئەوەندەی لە فکری یەکگرتووی کورد و نێومالّی خۆماندا هەن ئەوەندەش لە فکری یەکگرتوویی بن لەگەڵ بەشەکانی دیکەی ئێران، بەتایبەت نەتەوەی فارس. ئێمە، بۆ پێکهێنانی ئاڵوگۆڕ لە بەرامبەر ڕێژیمێکی وەکوو کۆماری ئیسلامیی ئێراندا، پێویستیمان بە یەکگرتوویی هەیە وەکوو عەرزم کردن هێز لە یەکگرتوویی‌دایە. ئێمە لە کوردستان‌دا هەرچەند یەکگرتووش بین ناتوانین بە تەنیا ڕێژیم بڕووخێنین و لە تاران ناتوانین ببین بە ئاڵترناتیو. بەڵام بە یەکگرتوویی لەگەڵ خەڵکی ئێران دەتوانین بە ئامانجەکانمان بگەین. بۆ ئەوە هەم دەبێ ئەو سیاسەتەمان درێژە پێ بدەین و حورمەتی خەڵکی دیکە بپارێزین، هەم لەلایەکی دیکە نابێ هیوا و ئومێدمان لە دەست بدەین پێمان وا نەبێ کۆماری ئیسلامی ئەگەر ئەمجارەش، خەڵکی سەرکوت کرد هەمووشتێک تەواوە. چونکە لە ڕاپەڕینەکانی پێشوودا لەو جارەشیان خەڵکیان زیاتر کوشت. بەڵام بەو حاڵەش خەڵک هاتنە مەیدان. ئەو خەڵکە بەو ئاگاییە گەیشتووە هەتا ڕووخاندنی کۆماری ئیسلامی دەست لە خەبات هەڵناگرێ. بەڵام دەبێ پێداچوونەوە بکەین بە هەڵەکانمان، کەموکووڕییەکانمان و بەتایبەتی ئەو یەکگرتووییە بپارێزین و بەرفراوانتری بکەین.

**زۆر سپاس کاک مستەفا کە کاتتان بۆ ئەو دیمانەیە تەرخان کرد**
بەهیوای سەرکەوتنی خەباتەکەمان و ئێوەش ماندوو نەبن.

## ناوەندی بەڕێوەبەریی حیزبی دێموکرات:

# ئەزموون و دەسکەوتەکانی ١٠٠ ڕۆژی ڕابردووی ڕاپەڕێنی ژینا، سەرکەوتنی ئیرادەی خەڵک بە سەر ڕێژیمی دیکتاتۆریدا دەنوێنێ

ناوەندی بەڕێوەبەریی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە دوایین کۆبوونەوەی خۆیدا ئیرادەی بەردەوامبوونی گەلانی ئێران لە درێـژەدان بە ڕاپەڕین و هەڵوێستی وشیارانەی کوردستانی لەم پێوەندییەدا بەرز نرخاند.

ڕۆژی شەممە، ڕێکەوتی ٣ی بەفرانباری ١٤٠١ی هەتاوی، بەرانبەر بە ٢٤ی دیسامبری ٢٠٢٢ی زایینی، ناوەندی بەڕێوەبەریی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران هاوکات لەگەڵ تێپەڕینی ١٠٠ ڕۆژ بەسەر ڕاپەڕینی گەلانی ئێران دژ بە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی، ئەم ڕاپەڕینەی لە ڕەهەند و بەستێنی جۆراوجۆری کوردستانی، ئێرانی و نێونەتەوەییدا تاوتوێ کرد.

لە سـەرەتـای کـۆبـوونـەوەی بـەڕێـوەبـەریی حیزبدا بـەڕێز کاک مستەفا هیجری، بەرپرسی ناوەندی بەڕێوەبەریی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران وێڕای دانەوەی ڕاپۆرتێک لەسەر دوایین سەفەری

بۆ دەرەوەی وڵات و بەشدارییان لە کۆنگرەی ئینترناسیونال سۆسیالیست و دیدارەکانی لەگەڵ کۆڕ و پارلمانتارانی ئورووپایی بە بەڕێوەبەریی حیزب، لەسەر ڕەوتی جووڵانەوەی مافخوازانەی خەڵکی ئێران و کوردستان دژ بە دیکتاتۆری لە ماوەی ١٠٠ ڕۆژەی ڕاپەڕینی ژینادا باسێکی سیاسیی پێشکەش کرد.

بەڕێز بەرپرسی ناوەندی بەڕێوەبەریی حیزب لە سەرەتای باسەکەیدا بە ئاوڕدانەوەیەک لە ڕوانگە و هەڵوێستەکانی حیزب لەسەر ئەم ڕاپەڕینە و وڵامدانەوەی خەڵکی کوردستان بە داوا و بانگەوازەکانی ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران لە چەند مانگی ڕابردوودا، ئاماژەی بە سیاسەت و پیلانگێڕییەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران دژ بە خەڵکی کوردستان و حیزب و لایەنە سیاسییەکان کرد. هەروەها بەڕێزیان لە درێژەی باسەکەیدا هاوکات لەگەڵ دەستنیشانکردنی دەسکەوتە گرینگ و پڕبایەخەکانی ئەم ڕاپەڕینە لە ماوەی کورتی چەند مانگی ڕابردوودا، لە ڕوانگەیەکی ڕەخنەگرانەوە باسی لە خاڵە لاوازەکانی پێوەندیدار بە ڕووداوەکانی ئەم دواییانە کرد.

لە درێژەی کۆبوونەوەکەدا ناوەندی بەڕێوەبەریی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە وردبوونەوە لە ئاستی بەشداریی خەڵک لە مانگرتن و خۆپێشاندانەکان، نێوەڕۆکی دروشم و داخوازییەکان، ئاستی سەرکوتی هێزە ئەمنییەتییەکانی ڕێژیم، بەشداریی چین و توێژە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵگە، ڕۆڵ و کاریگەریی کوردستان لە ماوەی چەند مانگی ڕابردوودا، ئاستی پشتیوانیی دیاسپۆرای کورد و ئێرانی، دەوری تەشکیلاتی حیزب و کۆڕ و کۆمەڵی نێودەوڵەتی لە خەڵکی ڕاپەڕیو دژ بە دیکتاتۆری لە ئێران، هاوپێوەندیی و هاوکاریی نێوان هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆن و پرسی ئاڵترناتیڤ بۆ ئێرانی دوارۆژ، لەو باوەڕەدا بوو کە ڕەوتی ڕاپەڕینی ژینا دژ بە دیکتاتۆری لە ماوەی ١٠٠ڕۆژەی خۆیدا گەلێک هەنگاوی پڕ لە دەسکەوت و ئەزموونی بڕیون و ئەوەی تا ئێستا براوەی ئەم گۆڕەپانەیە، گەلانی مافخوازی

ئێرانن.

لە پێوەندیی لەگەڵ کوردستاندا ناوەندی بەڕێوەبەریی حیزب وێڕای قورس و گران بەراوەردکردنی تێچووەکانی تا ئێستای ئەم ڕاپەڕینە کە بریتین لە شەهید و برینداربوونی سەدان و هەزاران کەس و دەستبەسەرکرانی هەزارانی دیکە لە لاوانی نیشتمان، ڕۆڵی وشیارانەی کۆمەڵگەی کوردستانی لەم ڕاپەڕینەدا بەرز و بەرچاو لە قەڵەم دا کە بەپێی هەڵسەنگاندنی بەڕێوەبەریی حیزب، کۆمەڵێک دەرفەتی بۆ حیزبە سیاسییەکان و خودی کۆمەڵگەی کوردستان خوڵقاندووە.

ناوەندی بەڕێوەبەریی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران هاوکات لەگەڵ بەدەسکەوت گرتنی ڕۆڵی بەرچاوی ژنان و لاوان لە خۆپێشاندانەکان و ڕۆڵی بەرچاوی کاسبکاران و بازاڕییان لە داخستنی دووکان و بازاڕ و مانگرتنەکان، هاتنە مەیدانی خوێندکاران، مامۆستایان و قوتابیان لە زانکۆ و قوتابخانەکان و هەڵوێستی نەتەوەیی و پشتیوانیی دەروەستانەی مامۆستایانی ئایینی لە خەڵکی ڕاپەڕیو، نەبوونی ڕێبەرییەکی گشتگیر بۆ قۆناغی ئێستای ڕاپەڕینەکە و ئاڵترناتیڤ بۆ بەڕێوەبەریی سیاسیی دوارۆژ لە ئێرانی بە یەکێک لە کەمایەسییەکان زانی. لەم پێوەندییەدا بەسەرنجدان بە ڕۆڵ و قورسایی حیزب و لایەنەکانی کوردستان و چاوەڕوانییەک کە لە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دەکرێ، بەڕێوەبەریی حیزب لە هەر دوو بەستێنی نێوخۆ و دەرەوەی وڵاتدا کارکردن بۆ لابردنی ئەم کەمایەسییەی بە زەرووری زانی.


دژ بە
دیکتاتۆری
100
ڕۆژەی ڕابوون

# خەباتی نەتەوایەتیمان بۆ ڕزگاری قەت بەچۆک دانایە

**خالید عەزیزی**

ڕاپەڕینی ئێستا کە بەدوای کوشتنی حکوومەتیی ژیلا ئەمینی، کچە کوردی خەڵکی سەقز بە دەستی هێزەکانی کۆماری ئیسلامی و دواتر مانگرتنی خەڵکی کوردستان لەسەر داوای ناوەندی هاوکاری و پاشان پەلاماری مووشەکی و درۆنبارانی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر بنکە و بارەگاکانی حیزبە کوردییەکان لە باشوور دەستی پێکرد، هەتا ئێستاش بەردەوامە.

ئەم ڕاپەڕینە هەتا ئێستا ئەگەرچی قوربانیدان و تێچووی زۆری بۆ جووڵانەوەی کورد بووە، بەڵام هەڵسەنگاندێکی ئەو کارە گەورەیە کە هەموو ئێرانی هێنایە سەر خەت، بوو بە مێژوو. دوای شۆڕشیساڵی ١٣٥٧ زۆر ڕووداو لە ئێران هاتنەگۆڕێ، بەڵام ئەو نارەزایەتییانەی ئەمجارەیان کە بە کوژرانی کچە کوردێک لە تاران دەستی پێ کرد و کوردستان یەکگر و یەکپارچە پشتی گرت و بوو بە پرسێکی گشتیی ئێران و لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییشدا بوو بە پرس و خەڵکی

هێنایە سەر شەقام و، کوردستان و تەورێز و تاران و ئیسفەهان بە هەموو زمان، نەتەوە، ئایین و جۆراوجۆرییەکان وردەوردە لە دەوری دروشمێک کۆ بوونەوە؛ ئەو بڕیار و کردە مێژووییە دیسانەکە لە کوردستانەوە دەستی پێ کرد.

بەخۆشییەوە ئەمجارەیان دەنگی کورد و داوای کورد لە ئێران بەردەنگی هەبوو، زۆربەی زۆری خەڵکی ئێران بە هەموو جۆراوجۆری و بۆچوونە جیاوازە سیاسییەکانەوە باشتر لە پرسی کورد تێگەیشتن و کورد لە ڕۆژهەڵات بەڵگەیەکی دیکەی لە خەباتی مافخوازانەیدا تۆمار کرد. ئەمەش بێهۆکار نەبوو:

یەکگرتنەوەی دێموکراتەکان کاریگەرییەکی باشی لەسەر خووڵقانی ئەو دۆخە بوو، ئەگەرچی ئێمە چاوەڕوانیی ئەوەمان هەبوو کە کۆماری ئیسلامی لە کاردانەوە بە یەکگرتنەوەمان بیەوێ زەبرێکمان لێ بوەشێنێت. هۆیەکەشی ئەوەیە کە بەداخەوە یەکێک لە خاڵە بەهێزەکانی کۆماری ئیسلامی هەمیشە نەبوونی یەکڕیزی و پەڕشوبڵاویی هێزە دژبەرەکانی بووە کە بووەتە هۆی ئەوەی ئاڵترناتیڤێک لەدژی ڕێژیم دروست نەبێت. بۆیە یەکگرتنەوەی حیزبی دێموکرات لەو دۆخەدا شوێنی گرینگی لەسەر ئەو هاوکێشەیە دانا و گەلێک پەیامی تێدابوو کە خەڵکی نێوخۆ لە ڕۆژهەڵات، لایەنە سیاسییە کورد و ئێرانییەکان و لە دەرەوەی وڵاتیش بەباشی وەرگیرا و ئەوە ئەو بابەتە بوو کە کۆماری ئیسلامیی ئێران خستە تەنگانەوە. ئەزموونی خەبات و تێکۆشانی حیزبی دێموکرات لەدژی کۆماری ئیسلامی زۆر شتمان پێ دەڵێ، یەک لەوان ئەوەیە ئەو ڕێژیمە هەرکات لەبەرانبەر یەکڕیزی و یەکگرتوویی و جموجۆڵی جەماوەریی خەڵکدا تووشی شکست و بێدەرەتانی بووە، پەنای بردۆتە بەر مێتۆدێک کە خۆی بەرهەمی ئەو مێتۆدە واتە توندوتیژییە. بۆیەشە بە توندوتیژی بەرهەڵستی هەرچەشنە مافخوازییەکی نەتەوەکانی ئەو وڵاتە، لە مافی مرۆیی، سیاسی، مەدەنی، زمانی، مافی ژنان و ئەمنییەتی فەردییەوە بۆتەوە.

کاتێک خۆپێشاندانەکان پەرەیان سەند، ستراتیژیی کۆماری ئیسلامی ئەوە بوو کەسانی سەر بە خۆی بخزێنێتە نێو خۆپێشاندەران و خۆپێشاندانەکە بە ئاقاری توندوتیژی بەرێ بۆوەی هەم بتوانێ بواری زیاتر و باشتری بۆ سەرکوت هەبێ و؛ هەم بیەوێ ناڕەزایەتییەکان بە پیلان و دەستی دەرەکیی ببەستێتەوە. بەوەش بواریان بۆ هێرشی مووشەکی بۆ سەر حیزبی دێموکرات و لایەنەکانی دیکە خۆش کرد. ئێمە وەک کورد و حیزبی دێموکرات ئەزموونی زۆرمان لە سیاسەتی دژمنکارانەی کۆماری ئیسلامی هەیە، لە تێرۆری ڕێبەران و کادر و پێشمەرگەکانمان هەتا مووشەکبارانی خەرمانانی چوار ساڵ لەوە پێش. بەڵام حیزبی ئێمە پاش هەموو ئەو کارەساتانە نەکەوتووە و لەسەر پێ ماوەتەوە. هونەرەکە لێرەدایە: تێرۆرمان دەکەن، بە مووشەک لێمان دەدەن، هەڕەشەمان لێ دەکەن؛ بەڵام ئێمە بەچۆک دانەهاتووین، بە چۆک دانایەین و دەیان پیلانی دیکەشمان لەژێ بگێڕن هەر بەچۆکدا نایەن. نەیاندەهێشت و هەڕەشەیان لێ دەکردین کە نەتوانین ڕێوڕەسمی یەکگرتنەوە بەڕێوە ببەن، بەڵام بە چۆکدا نەهاتین و قەتیش بەچۆکدا نایەن. بەڵام بۆ؟ وەڵامەکە ڕوونە: خەباتی حیزبی دێموکرات خەباتی نەتەوەیەکە لە ڕۆژهەڵات، نەتەوەیەک کە ٧٧ ساڵ لەوەپێش ئەو حیزبەی دروست کرد و، ڕێبەرانی ئەم حیزبە لە هەموو بارودۆخێکدا لە زیندان و دوورخراوەییدا حیزبەکەیان ڕاگرت و ئێستاش ڕێبەران و تێکۆشەرانی ئەم حیزبە ئەو ئەرکەیان لەئەستۆیە.

**وانەکانی ڕووداوەکانی ئەم دواییانە بۆ ئێمە بەبایەخ بوون:**

یەکەم، دەسەڵاتی سیاسی بە پێناسە شۆڕشگێڕییەکەی خۆی، بە ئیدئۆلۆژییە ئایینییەکەی، بە زەرادخانە مووشەکییەکەی، بە هەموو هەوڵدانی بۆ دەستڕاگەیشتن بە چەکی ئەتومی دەسەڵاتێکی بێداهاتوویە.

دووهەم، لە بەرانبەر ئەو دەسەڵاتەدا خەڵکی کوردستان و ئێران

بەگشتی لێبڕاون چارەنووسی خۆیان لەگەڵ ئەو ڕێژیمە یەکلا بکەنەوە. فاکتەری خەڵک بابەتێکی دیکەی لەو هاوکێشەیە زیاد کرد، ئەویش ئەوە بوو کە دەیان ساڵ بوو ئۆپۆزسیونی کۆماری ئیسلامی لە دەرەوە بە حیزب، ڕێکخراو، مێدیا و ڕایەڵەی جۆراوجۆر بەڵام نایەکگرتوو لە گۆڕەپانەکەدا بوون، بەڵام بەسەرهاتی «ژینای کوردان» دەریخست کە ئەوە خەڵکن وەک خاوەنی سەرەکیی پرسەکە دەتوانن لە نێوخۆی وڵات و لەسەر شەقامەکانەوە بەبێ ئەوەی لە ئێستادا خۆیان بە کێشە تیۆرییەکانەوە سەرقاڵ بکەن، بەرەنگاری ئەو ڕێژیمە ببنەوە. لایەنێکی دیکەی ئەو بابەتە ئەوەیە کە حیزبە سیاسییەکانیش دەبێ بەبایەخەوە ئەو فاکتەرە لە هاوکێشە سیاسییەکاندا بەشدار بکەن، چونکی ئەو پارامێترانەی لە ڕاپەڕینی ئەمجارەدا دەور دەبینن لە ناخی کۆمەڵگە و لە هەناوی داخوازە سەرەکییەکانی خەڵکدا، ئەویش بەبێ ململانێی حیزبی و ڕێکخراوەیی و پێناسە تیۆرییەکاندا دەبێ بخوێندرێنەوە. شتێک کە ئۆپۆزیسیۆنی کۆماری ئیسلامی لە چوار دەیەی ڕابردوودا لێی خافڵ بوون ئەوەیە کە ئەوە تەواوەتیی خەڵکە کە دەتوانێ شەقام بکاتە سەنگەری خەڵک و ڕاپەڕینێکی سەرانسەری وەڕێ بخات. ئەوە پەیامێک بوو بۆ ئۆپۆزیسیۆن کە سیاسەتەکەیان دەبێ پێی لەسەر عەرزی واقیع بێت.

حیزبی ئێمە بۆیە بەرگەی ئەو هەمووە برین و ڕووداوە تاڵانەی گرتوە، بەخۆشییەوە قەت لە خەڵکی خۆی دانەبڕاوە و سیاسەتەکەی ئاوێنەی باڵانوێنی ویست و داخوازەکانی خەڵکەکەی بووە. مانگرتنەکەی ٢١ی خەرمانانی چوار ساڵ لەوەپێش دوای مووشەکبارانی بنکەکانی حیزبی دێموکرات کە لایەنەکانی دیکەش دەستیان لەگەڵ داینێ، دەریخست کە لە کوردستان سیاسەت لەسەر عەرزی واقع دەکرێت، مانگرتنەکانی ئەم دواییانەش ئەوەی پشتڕاست کردەوە. بەڵام چۆن دەکرێ ئەوە بەردەوام بێت؟ وەڵامەکەی ڕوونە: ویست و داخوازی، بۆچوون و سەرنج و دروشم و ئامانجەکانی خەڵک مێعیار و پێوەر

بن و بەهەند وەربگیرێن. بەڵام هیچ شتێک لەوە مەترسیدار نییە کە حیزب و ئۆپۆزیسیۆن لە خەڵکی خۆیان داببرێن و دوور کەونەوە. ئـەوە گەورەتین پەیام بوو کە لەو ڕاپەڕینەدا هەموو لایـەک دەبێ وەری بگرین. حیزبی دێموکرات لەو پێوەندییەدا هەمیشە بەرپرسانە جووڵاوەتـەوە. هەر لە ساڵانی ڕابـردوودا خەڵکی ئێمە پەیامیان بۆ دەناردین کە ئێمە دوو دێموکراتیمان ناوێ، داوایەکی زۆر ژیرانە و بەرپرسانە و هەر ئەو دڵسۆزی و دەروەستییەش وایکرد کە ئێمە پڕۆژەی یەکگرتنەوە بخەینە نێو ڕۆژەڤی پێویستییەکانی بزووتنەوەی سیاسیی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

سێهەم فاکتەر کە کاریگەریی زۆری لەسەر ڕاپەڕینەکەی ئێستا داناوە، بەشداریی هـەراوی ژنانە. سروشتی کۆمەڵگەی ئێران و سیاسەتە سەپێندراوەکانی کۆماری ئیسلامی لەگەڵ یەکتر ناتەبان. ڕەفتاری کۆماری ئیسلامی لەهەمبەر ژنان هەڵسوکەوت و ڕوانگەی تالیبانی داعشییە، بۆیە ژنانی ئێران زۆر بەگوڕ و بەربڵاو لە گۆڕەپانەکەدان و ئەوەش دەخوازێ حیزب و هێزە سیاسییەکان پارامێتری ژنان ببینن و لەو هاوکێشە و بەرنامەکاندا بیانخوێننەوە و جێگای شیاوی ئەو بەشداری و هاوبەشییەیان بدەنێ.

فاکتەرێکی دیکەی شوێندانەر لەسەر ڕووداوەکان سۆسیالمێدیایە کە لە ڕاپەڕینی ئێستادا چ لە فۆڕمی کلاسیکی تەلەڤیزیۆندا و چ لە فۆڕمی نوێی پلاتفۆڕمە کۆمەڵایەتییەکاندا دەوری یەکجار بەرچاو دەبینێ. هەروەک دەبینین بەشێکی زۆری مانگرتن و خۆپێشاندانەکان لە کوردستان و ئێران لە ڕێگەی سۆسیالمێدیاوە مودیرییەت دەکرێن. ئەگەر سەردەمانێک لە کێشەی فەلەستین و ئیسڕائیلدا بەردتێگرتن و قەپانچەلە هاویشتنی فەلەستییەکان لەدژی هێزە نیزامییەکانی ئیسڕائیل بە ئینتفازە ناوی دەرکرد، کارکردی سۆسیالمێدیا لەو ڕاپەڕینەدا خۆی ئینتفازەیەکی دیکە بوو. ئەو سۆسیالمێدیایە دەبێ هەم وەک دەرفەت ببیندرێ. هەم دەبێ بۆ نەتەوەسازی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەمانا

سیاسییەکەی کەلکی لێ وەربگرین، هەم لە بەرینکردنەوەی ڕاپەڕینە سەرانسەرییەکەی ئیستادا.

فاکتەرێکی دیکەی ئەو هاوکێشەیەی ئێستا، دنیای دەرەوە و بەدەنگەوەهاتنی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییە کە دوای دادگای مێکونووس نموونەی نەبیندرابۆوە. قەیرانی دیپلۆماتیکی کۆماری ئیسلامی لەگەڵ دنیای دەرەوە ئەوکاتیش لەسەر پرسی کورد بوو، ئەمجارەشیان کە هەر لەسەر کوشتنی حکوومەتیی ژینا هاتنە دەنگ، لەبەر ئەوەی حیزبێک و لایەنێکی سیاسی نەیتوانی پاوانی بکا و دەستی بەسەردا بگرێت و بوو بە پرسێکی گشتی؛ سیاسەتمەدارەکان، هونەرمەند و ئاکادیمیسیەنەکان، سێلبریتی و مێدیا و بەگشتی هەموو شەقامی دنیای دەرەوە بوون بە پاڵپشت بۆ دەنگی ئازادیخوازیی خەڵکی ئێران. ئەوە پاڵپشتییە دەبێ کەلکی لێ وەربگیردرێ، چونکی هاوکێشەکانی لە بەرژەوەندیی خەڵک و هێزە سیاسییەکان گۆڕیوە.

## دەسەڵات و ڕاپەڕینی جەماوەری

نموونەی ئەو ڕاپەڕینە جەماوەرییە لە مێژووی کۆماری ئیسلامیدا نەبووە، بۆیە کۆماری ئیسلامی کە لەهەمبەر ئیرادەی خەڵکدا دەستەوەستانە، لەلایەک دەیەوێ ڕاپەڕینەکە بە ئاقاری توندوتیژییدا بەرێ؛ لەلایەکی دیکەش وا بنوێنێ کە ئەوە پرسە ئیتنیکییەکەیە و دەست دەرەکیی لەپشتە و دەیانەوێ ئێران بەرەو لێکترازان ببەن. بەوە دەیانەوێ هەستی خەڵک ناوچەکانی ناوەندی ئێران بە سیاسەتی فۆبیای هەڵوەشان (تجزیە هراسی) هەڵخرێنن. بەڵام ئەمجارەیان هاوپێوەندی و لێکتێگەیشتنی خەڵک لە ئاستی سەرانسەری ئەو بوارەی پێ نەدان. بۆیە کۆماری ئیسلامی بە دوای ئەوەدا چوو کە کورد بە هاندەری ئەو دابەشکارییە وەهمییە پێناسە بکا. ڕێژیم بە سەرکوتی خوێناویی خەڵک لە نێوخۆی کوردستان و بە مووشەکبارانی بنکە و بارەگا و قوتابخانە و شوێنی ژیانی بنەماڵەکانی حیزبی دێموکرات و لایەنەکانی

دیکە ویستی هەم تۆڵەی ئەو پێشەنگایەتییە لە کوردستان بکاتەوە، هەم وا بنوێنێ کە بەمجۆرە وڵاتیان لە هەڕەشەی هەڵوەشانە وەهمییەکە پاراستوە.

ڕێژیم لەوەدا ناکام بوو، چونکی هەم ئاستی تێگەیشتنی کۆمەڵانی خەڵکی ئێران و هەم هێز و لایەنە سیاسییە بەرپرسیارەکان لە نێوخۆ و دەرەوەی وڵات لە پرسی کورد زۆر لەوە زیاترە کە بتوانێ ئەو ئاکامەی لێ وەرگرێت. بۆیە ئێمە دەبێ لە پرۆسەی پێوەندی و هاوپێوەندییەکانمان لەگەڵ لایەنە ئێرانییەکان ئەوە بکەین بە دەرفەت و بە بنەمای پرۆژە و کاری هاوبەشی گرینگ لە داهاتوودا.

باسێکی گرینگی دیکە لەو هاوکێشەیەدا نیازی کۆماری ئیسلامی بۆ تێوەگلاندنی هەرێمی کوردستانە. با لە پێشدا ئەوە بڵێین کە حیزبی دێموکرات وەک سەرمایەی خەباتکاری و مافویستیی کۆمەڵانی خەڵکی خۆرهەڵاتی کوردستان بەرهەمی شەڕ و دۆخی شەڕ نییە. ٧٧ ساڵ لەوە پێش کە دامەزرا، نە بۆخۆی و نە وەزیرەکانی کەسایەتیی سەربازی نەبوون و دوای دامەزرانی حیزب و ڕاگەیاندنی حکوومەت و لە ئیدارەی وڵاتدا هێزی نیشتمانپارێز پێکهاتووە و ناوی «پێشمەرگە»ی لەسەر داندراوە. حیزبی دێموکراتی کوردستان بە عەقڵییەتێکی مەدەنی و بۆ بەڕێوەبردنی وڵات و بەشداری لە پرۆسەی سیاسیی وڵاتدا دروست بووە. ئەوە سیاسەتی حیزب بەدرێژایی مێژووی خۆی بووە و دوای شۆڕشی ساڵی ١٣٥٧ و ڕووداوەکانی کوردستانیش، سەرەڕای هەوڵی زۆری دەستەی نوێنەرایەتیی گەلی کورد و هەوڵی هەموو لایەک کە دەمانەویست بە شێوەی ئاشتییانە پرسی کورد چارەسەر ببا؛ کە هێرشمان کرایە سەر دەبوا بەرگرییمان لە خۆمان کردبا. پێشمەرگە بەرهەمی ئەو قۆناغەیە لە خەبات و دواتریش هەموو کاتێک هێزی بەرگری لە خەبات و تێکۆشانی گەل بووە.

لە ئێستادا کە کۆماری ئیسلامی بیانووی هێرشەکانی بۆ سەر هەرێمی کوردستان بۆ جموجۆڵی هێزی پێشمەرگە دەگەڕێنێتەوە،

ئێمە بەتەواوی ئەوە ڕەت دەکەینەوە. ئێمە هەم بە ڕێبەرانی هەرێمی کوردستان و هەم بە ڕێبەرانی عێراقمان ڕاگەیاندووە کە ڕاستە بەشێک لە بنکە و بارەگاکانمان لێرەن، بەڵام لە سنوورەکانی عێراق و هەرێمەوە هیچ هێرشێکمان نەکردۆتە سەر هێزەکانی کۆماری ئیسلامی و هیچ دەستێوەردانێکیش لە کاروباری نێوخۆیی ئەم وڵاتە ناکەین و نەمانکردووە. لەو بارەیەوە هەمیشە بەرپرسانە جووڵاوینەتەوە و گوتوومانە کە نابێ بە بیانووی ناپێویستی کۆماری ئیسلامی لەدژی هەرێمی کوردستان و ئێستاش پێداگری لەسەر ئەوە دەکەینە پێمان باشە پرسەکانی هەرێمی کوردستان و حکوومەتی ناوەندی لە ڕێگەی وتووێژ و «ڕێککەوتن»ەوە چارەسەر بن و هەر ئەو عەقڵییەتی دانوستان و تەوافوقە بگوازینەوە و لە نێوخۆی ئێرانیش ببێتە ڕێکار و چارەسەری پرسەکان، نەک دێموکراسیی بەتەنیا.

لە کۆتایی ئەو باسەدا پێ لەسەر ئەوە دادەگرمەوە کە ئەو ڕاپەڕینەی ئێستا لە نیوخۆی وڵات هەیە، گەورەترین شکستە بۆ کۆماری ئیسلامی، چونکی کێشە کەوتۆتە نێو ماڵی خۆیان و سیستەمە ئیدئۆلۆژیکەکان دەبێ ئەو کێشانەیان لە نێوخۆیاندا بۆ دروست بکرێ. پێویستە ئەوەش بڵێین کە لەو بارودۆخەدا چەندی دەکرێ دەبێ ستراتیژییەکمان ئەوە بێت کە هێز و قەوارەی ڕێژیم پتر تووشی هەڵوەرین ببێت. دەبێ هەوڵ بدەین کە ئەو خەباتە بە لانیکەمی تێچووی گیانی هەتا بەچۆکداهێنانی ڕێژیم بەردەوامیی هەبێت، دەبێ ئۆپۆزیسیۆن ئەرک و بەرپرسایەتییەکانی ئێستای باش بناسێت و هەوڵەکان بۆ دروستبوونی ئاڵترناتیڤی کۆماری ئیسلامیی ئێران دروست بێت.

# لەم شۆڕشە نوێیەی ئێراندا،
# ڕۆئیەتی سیاسیی کورد
# لە ئاستی ڕۆڵی مەیدانیی ویدا نییە

**(وتاری دوکتور ئاسۆ حەسەنزادە لە وێبیناری ئەنستیتۆی کورد لە پاریس و ئەنیستیتۆی کورد لە واشینگتۆن لەبارەی دۆخی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ١٥ی دێسامبری ٢٠٢٢)**

سەرەتا دەمەوێ سوپاسی هەردوو ئەنستیتۆی کوردیی پاریس و واشینگتۆن بکەم بۆ ڕێکخستنی ئەم وێبینارە. دەزانم ئەوە یەکەمین کاری وان لەپێوەندی لەگەڵ بارودۆخی ئەو ماوەیەی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا نییە. بەو حاڵەش پێموایە هێشتا پێویستیمان بە چالاکیی زۆرتر لەو پێوەندییەدا هەیە.

هەروەک دەزانن بەپێی سەردەم و هەلومەرج، ناوەندی قورسایی پرسی کورد هەر جارەی لە پارچەیەکی کوردستاندا چڕ دەبێتەوە. لە ئێستادا ئەم ناوەندی قورساییە ڕۆژهەڵاتی کوردستانە، یان باشترە بڵێم دەبوو ڕۆژهەڵاتی کوردستان بێ. بەوحاڵەش، ڕۆژهەڵاتی کوردستان –تەنانەت لە هەلومەرجی ئێستادا– هێشتا بەدەست لاوازیی پشتیوانیی سیاسی و سەرنجی میدیاییەوە دەناڵێنێ، یان لانیکەم ئەو پشتیوانی و سەرنجەی وەری دەگرێ لە ئاستی ئەو سەرکوتەدا نییە کە گەلی ئێمە لەو پارچەیەی کوردستاندا ئەم ڕۆژانە ڕووبەڕووی دەبێتەوە و ڕەنگدانەوەی ئەو ڕۆڵە مەیدانییەش نییە کە ئەو گەلە لە بزووتنەوەی ئەمجارەی خەڵک لە ئێراندا دەیگێڕێ.

ئەوەی دەمەوێ لەم وتە سەرەتاییەمدا باسی بکەم، دوو خاڵی سەرەکییە. لەپێشدا دەمەوێ لە گۆشەنیگای بزووتنەوەکە لەئاستی ئێرانەوە دەست پێ بکەم، چونکە تەنانەت ئەگەر ئەولەوییەتمان کوردستانیش بێ، هەموومان کۆکین لەسەر ئەوە کە کورد لە ئێران بە تەنیا ناتوانێ کۆماری ئیسلامی بڕووخێنێ و پێویستە هەوڵ و هەنگاوەکانی خۆی لەگەڵ باقیی ئێران ڕێک بخا.

سێ مانگ پاش دەسپێکی ئەم بزووتنەوە جەماوەرییە بێوێنەیەی ناڕەزایەتی و ڕاپەڕین لە ئێران کە نەک تەنیا لەباری ڕووبەڕوونەوەی مەیدانییەوە، بەڵکوو لەڕووی دنیابینی و بەرهەمهێنانی بەها و سەمبولەکانیشەوە زۆر دەوڵەمەندە، بارودۆخەکە هەموو تایبەتمەندییەکانی پرۆسەیەکی شۆڕشگێڕانەی هەیە. بێگومان ڕێژیم هێشتا دەتوانێ دەست بۆ سەرکوتی زیاتریش ببا (وەک لە ئێعدامی خۆپێشاندەران لەم حەوتوویەدا دیتمان). بزووتنەوەی خەڵکیش دەکرێ هەوراز و نشێوی دیکە بە خۆیەوە ببینێ و ناچار بێ شکڵ و شێواز و ئاقاری خۆی بگۆڕێ. بەڵام هێندێک تایبەتمەندی کە لە شەپۆلەکانی پێشووی ناڕەزایەتیی خەڵک لە ئێراندا (بۆ نموونە لە ١٣٨٨ و ١٣٩٨)

نەبوون، بەخۆشییەوە ئەمجارە حازرن:

بۆ نموونە بەردرێژی و بەردەوامیی بزووتنەوەکە لە مەودای کات و جوغرافیادا؛ پێگەی جەماوەریی بەرفراوانی بزووتنەوە کە بەسەر جیاوازییە جێندەری و ئێتنیکی و سیاسی و کۆمەڵایەتییەکاندا باز دەدا؛ سروشتی گشتی و ڕادیکاڵی ویستەکانی خەڵک کە چیدیکە ویستی سینفی و ڕۆژانە نین هەتا بە هێندێک ڕیفۆرم چارەسەر بکرێن، بەڵکوو ویستی بنەڕەتیی گشتگیرن کە تەنیا بە ڕووخانی ڕێژیم زەمینەی وەدیهاتنیان دێتە دی؛ یەکگرتوویی بێوێنەی خەڵک لە ئێران؛ ئەوە کە خەڵک چیدیکە لە ڕێژیم ناترسن؛ هاوپێوەندیی پێشتر نەدیتراوی کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی (هەرچەند ئەو هاوپێوەندییە هێشتا کۆمەڵێک کەموکوڕیی بنەڕەتیی هەیە)، ... هتد.

سەرباری هەموو ئەو خاڵە بەهێزانە، کەمایەسییەکی گەورە هەیە کە ئەمجارەش بەردەوامە، ئەویش ئەوە کە وێڕای هەبوونی ڕێکخەرانی مەحەللی و مەیدانی، ئەو بزووتنەوەیە لە ئاستی وڵاتدا خاوەنی ڕێبەرییەکی سیاسی نییە. ئەمە لە لایەکەوە شتێکی باشە، چونکە دەبێتە هۆی ئەوە کە ڕێژیم نەتوانێ بەئاسانی زەفەر بە بزووتنەوەکە ببا و پێش لە سەرهەڵدان و گەورەبوونەوەی ڕێبەرانێکیش دەگرێ کە دەکرێ دواتر بەرهەمی شۆڕشی خەڵک زەوت بکەن (وەک خومەینی لە ئینقلابی پێشوودا کردی). لەلای دیکەوە بەڵام بۆ ئەوەی هێزەکانی لایەنگری گۆڕانی بنەڕەتی لە ئێران بە ئاقار و ئەنجامێکدا بڕۆن کە دڵخوازی هەموو لایەک بێ و ئالترناتیڤێک لە دوورەدیمەندا شکڵ بگرێ، لانیکەمێک لە نەخشەڕێگای سیاسی و چوارچێوەی کاری هاوبەش پێویستە.

ئێستا سەبارەت بە کوردستان، بێگومان هەموو شتێک لە کوردستانەوە دەستی پێ کرد و کوردستان بوو بە پێشەنگی ئەو شۆڕشە لە ئێراندا، نەک تەنیا لەبەر ئەوە کە ژینا ژنێکی کورد بوو،

بەڵکوو لەپێشدا لەبەر ئەوە کە کوردەکان لە ڕۆژی ئەوەڵەوە تا ئێستا هەرگیز حوکمی ئەو ڕیژیمەیان قبووڵ نەکرد و هەرگیز لە خەبات بەدژی نەوەستان. لە شۆڕشی تازەی خەڵکی ئێرانیشدا، دروشمی سەرەکیی کوردەکان، وشیاریی مەدەنییان، ڕوانگەی سیاسی و بەها ئینسانی و سێکولارەکانیان، لە سەرووی هەمووشیەوە توانای وان بۆ خۆڕێکخستن و ئازایەتییان بۆ بەرەنگاربوونەوەی زوڵم و سەرکوت هەوێنی دایە سەرجەم خەڵکی ئێران.

هەربۆیەش سەرکوت لە کوردستان لە هەر ناوچەیەکی دیکەی ئێران قورسترە و کۆماری ئیسلامی لەوێ چەکی گەرم و جبەخانەی شەڕ لەدژی خەڵک بەکار دەبا و شارەکانی کوردستان دەخاتە ژێر گەمارۆی قورسی نیزامی. ڕێژیم بەو کارەی پێی وایە دەتوانێ بزووتنەوەکە لە شوێنی لەدایکبوونیدا سەرکوت بکا و ئەم هەوڵە دڕندانەیەشی سنووردار نییە بە نێوخۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستان. لەم سێ مانگەدا، بە لەبەرچاوگرتنی ئەوە کە ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران ڕۆڵێکی کاریگەری لە بزوتنەوەکەدا گێڕاوە و بانگەوازەکانی بۆ مانگرتنی گشتی لەلایەن خەڵکی کوردستانەوە پێشوازیی لێ کراوە، کۆماری ئیسلامی بنکە و بارەگاکانی ئەو حیزبانەی لە باشووری کوردستان مووشەکباران کردووە و تەنانەت بەنیازە ئۆپەراسیۆنی زەمینییش لەدژی وان بەڕێوە ببا. ئامانجی ڕێژیم لەو کارە ئەوەیە کە سەرنجی بیروڕای گشتی لەسەر ڕووداوەکانی نێوخۆی ئێران لاببا و بە پەنابردنەوە بۆ مەترسیی لەبەریەکهەڵوەشانی ئێران و دەستێوەردانی دەرەکی، یەکێتیی گەلانی ئێران تێک بدا.

لە بەرامبەر ئەو مانۆرە سیاسی و سەربازییانەی کۆماری ئیسلامیدا، حیزبەکانی ئێمە سوور بوون لەسەر ئەوە کە هەروا ئەولەوییەت بدەنە بەردەوامیی بزووتنەوەی جەماوەری لە نێوخۆی وڵات و پاراستنی یەکگرتوویی خەڵک لە ئێران بەدژی ڕێژیم. ئەوان تەنانەت پاش هێرشە

موشەکی و درۆنییەکان پێشمەرگەیان نەناردەوە نێوخۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لەکاتێکدا دەیانتوانی ئەو کارە بکەن. لەڕووی سیاسییشەوە، گوتاری ئەوان لەو ماوەیەدا زۆرتر جەختی لەسەر زەروورەتـی پاراستن و پەرەپێدانی یەکگرتوویی و هاوخەباتیی خەڵک لە ئێران کردوە. تەنانەت خودی چەمکی «ڕۆژهەڵات» کە ئێوە لە تایتڵی ئەو وێبینارەدا بەکارتان بردووە و هەروەک لەوێشدا هاتووە پێوەندیی بە کوردستانی گـەورەوە هەیە، لەو ماوەیەدا بەکردەوە لە گوتاری سیاسیی کوردی ئێران لاچووە.

ڕاستییەکەی ئەوەیە کە پۆتانسیەلی جووڵە و ئەنگیزەی خەڵک لە کوردستان لەوە کە دەکرێ خەڵک لە تـاران یان گرووپە کەمتر پەراوێزخراوەکانی ئێران هەیانبێ، زۆر جیاوازە. ناوەندی هاوکاری لەو ماوەیەدا تەنانەت ناچار بووە داوا لە خەڵکی کوردستان بکا کە لە حەرەکەتی خۆیاندا لە خەڵکی شارەکانی دیکەی ئێران خێراتر نەڕۆن بۆ ئەوەی هەم تێچووی ئینسانی لە کوردستان کەم بێتەوە و هەم ڕێژیم نەتوانێ ئەم گوڕ و تینە زۆر زیاترەی کورد بکاتە دەسمایەی هەوڵ و پروپاگاندای دابەشکردن و لێکجیاکردنەوەی گەلانی ئێران. بەوحاڵەش، ئەگەرچی لەو ماوەیەدا تێگەیشتن و هاوپێوەندیی باقیی ئێران لەگەڵ کورد لەچاو ڕابردوو زۆر باشتر بووە، هێشتا ڕوانینی زۆرینەی هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆنی ئێران لەوە کە ئێمە بۆ ئایندەی ئەو وڵاتە بیری لێ دەکەینەوە، زۆر دوورە. لەڕاستیدا پارادۆکسی گەورە ئەوەیە کە لە حاڵێکدا فیداکاری و ڕۆڵی مەیدانیی کوردستان لە هەستانی ئەمجارەی خەڵکی ئێراندا یەکجار گەورە و بەرچاوە، دڵنیا نیم کە لە وێنە گشتییەکەدا قورسایی و ڕۆئیەتی سیاسیی ئێمە وەک کورد لە ئێران لەو ئاستەدا بێ کە دەبێ ببێ.

بەکورتی، دەمـەوێ بڵێم ئێمە وەک کـورد لە ئێران هـاوکات لە دوو بـەرەدا دەچینە پێش: لەلایەک دەبێ یارمەتی بە دروستبوونی

یەکیەتییەکی بەهێزتر و ماناداتری سەرجەم ئێرانییەکان بۆ گۆڕینی ڕێژیم و هێنانە سەرکاری سیستمێکی دێموکراتیک و پلۆرالیست و ئەگەر بکرێ فیدرالی بکەین. لەلایەکی دیکە و لە هەمان کاتدا، دەبێ تێبکۆشین هەڵگری گوتارێکی شوناسخوازانە بین کە بە دروستی نوێنەرایەتیی تایبەتمەندی و پێویستییەکانی کوردستان و گەلی کورد بکا.

## مستەفا مەولوودی:
# کۆماری ئیسلامی حیزبی دێموکرات
# بە سەری مارەکە دەزانێت

**هەڤپەیڤین: عەلی بداغی**

ئاماژە: دوای دەسپێکی ڕاپەڕینی ژینا حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دووجار مووشەکباران کرا و هەڕەشەکانی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر ئەم حیزبە ڕ دێمحئیسلامیدا بەداییم پەیوەندیی ڕاستەوخۆیان لەگەڵ خەڵکی وڵات هەبووە و بە هیچ جۆرێک نامۆ و نائاشنا بە ویستی خەڵکی کوردستان نین، هەربۆیە کاریگەریی ڕاستەوخۆیان لەسەر ڕووداوەکانی کوردستان هەیە و دروشمەکانیان ئێستا لەسەر شەقامەکان لەسەر زار و زمانی خەڵک ڕێک ئەو بابەتە دەسەلمێنن. بە ڕوونی لە وەڵامی پرسیارەکەتدا حیزبەکان بە تایبەت ناوەندی هاوکاری لە سیاسەت، هەڵوێستگرتن، ئاراستەکردن و پشتگیریکردنی

بەربەرینی خەڵکی ئێران و کوردستان باشی کار کردووە. هەڵوێست و سیاسەتەکەی جێگای پەسەند بووە کە خۆی لە پەیامی یەکیەتی و خەباتی جەماوەری و ڕووخانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیدا دۆزیوەتەوە. ئەوە تا ئێرە موسبەت و باش بووە، بەڵام ئەگەر بە ستراتیژی نەک بە تاکتیکی سەیری کار و تێکۆشان و سیاسەتی حیزبەکان بکەین بە ئەندازەی ئەرکی سەر شانیان و چاوەڕوانی خەڵک وڵامدەر نەبوون، هۆکارەکەشی ئەمانەن: یەکەم، بە شێوەی پێویست لە ئاستی سەرێدا یەک گوتار نەبوون. دووهەم، ئەو کۆدەنگییە کە پێویستە زۆربەی حیزبەکان لە دەوری یەک ئامانجی سیاسی و نەتەوەیی لە دەوری یەک کۆ بکاتەوە پێی نەگەیشتوون کە پێکهێنانی بەرەیەکی دێموکراتیکی فرەچەشن یەکەم ئامانجە. سێهەم، لەسەر بەرنامەیەکی ڕوون بۆ تێپەڕبوون لە کۆماری ئیسلامی و دەورانی تێپەڕ ساغ نەبوونەتەوە. چوارەم، هەرچەندە هەموو حیزبەکان درووشم و ئامانجی تایبەت بە خۆیانیان هەیە، بەڵام ئەوە کە چۆن لەگەڵ سیستەمی داهاتووی ئێران کار دەکەن و چییان بۆ داهاتووی کوردستان دەوێ، بەرچاوڕوونیمان نییە. ئەمانەش کەمایەسین و پێویستە بەزوویی چارەسەریان بۆ بدۆزرێتەوە.

**پێتان وایە ئۆپۆزیسیۆنی کۆماری ئیسلامی توانیویەتی لەسەر قەرار و بڕیاری وڵاتانی شوێندانەر لەسەر ئێستا و داهاتووی ئێران کارتێکەریی هەبێت؟**

ڕێژم بۆ تاک تاکی کەسایەتییە سیاسی و حیزب و ڕێکخراوەکانی سەرانسەری ئێران هەیە و هەرکام بەپێی سەنگ و قورسایی خۆیان حاشا لە خەبات و تێکۆشان و کاریگەری و شوێندانەرییان ناکرێ. بەڵام ئەوەی لە ئێستادا لە هەڵوێستی کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی و ناوەندەکانی بڕیار لە وڵاتاندا دەبینین، پتر پێوەندیی بەو دۆخەی

ئێستای وڵات، خەباتی شێلگیرانە و مافخوازنەی خەڵک بە هەموو چین و توێژەکان ئازایەتی و لەمەیداندابوونی خەڵک و سیاسەتی ڕێژیم ڕەفتار و کاردانەوەیان لەهەمبەر نارەزایەتییەکانی خەڵکە. ئەگەر ئەوە نەبا دەوڵەتان بەم جۆرە نەدەهاتنە سەر خەت و ئاوا بیریان لە هەڵسەکەوتی جیاوازتر لە جاران لەگەڵ ڕێژیمی ئێران نەدەکردەوە.

کەمایەسییەکی دیکە لەو راپەڕینەدا نەبوونی ئۆپۆزیسیۆنی یەکگرتوو دژی کۆماری ئیسلامییە. ئەمن پێموایە ئۆپۆزیسیۆنی سەرانسەری -جیا لە لایەنی کوردی- ئێستا لەو ئاستەدا نییە بتوانێ هەڵگری پەیامەکان شەقام و ڕاپەڕینەکە بێت. ئەمن ناڵێم هیوام بە ئۆپۆزیسیۆنی دەرەوە نییە، بەڵام بڕوام وایە ڕێبەرانی سیاسی چ لە ئێستای ڕاپەڕین و دواتریش لە هەناوی ئەو ڕاپەڕینە جەماوەرییە و لەنێو کچان و کوڕانی ئازای شەقام و زانکۆکاندا دروست دەبێت.

**بەو پێیە ئەو ئەرک و بەرپرسایەتییانەی لە ئێستادا دەکەوێتە سەرشای ئۆپۆزیسیۆن چین؟**

ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی پێویست بوو زۆر پێشتر بیری لە پەرش‌وبڵاویی خۆی کردباوە و بەو ئەنجامە گەیشتبێت کە ڕێبەریی کۆمەڵگەی ئێران و بزووتنەوەی گەورەی سەرانسەری بەدژی کۆماری ئیسلامی بەو پەرتەوازەیی و خۆبەتەوەرزانینی تاک، حیزب و لایەنەکان ناکرێ و ئەوە ئێستا بەتەواوی دەرکەوتووە. بۆیە لە ئێستای بزووتنەوەدا ڕاستی چاوەکان زۆرتر لەسەر شەقامی ئێران و ئەو کچ و کوڕانەیە کە راپەڕینەکە بەڕێوە دەبەن. ئەگەر ئۆپۆزیسیۆن بیهەوێ نەخشی کاریگەر و شوێندانەریشی هەبێ، پێویستە ڕاستیەکانی کۆمەڵگەی ئێران چۆنە ئاوای بیبینێ و خوێندنەوەی واقعبینانەی لە پرس و کێشەکانی ئێران هەبێت. نیزامی داهاتووی ئێران ناکرێ و ناشتوانێ ناوەندگەرا بێت و ئاواش نییە بچێتە ژێر ڕکێفی بڕیاری ئۆپۆزیسیۆنی

تاراوگەنشین. خۆ بێتوو گۆڕانکارییش لە بۆچوونەکانیاندا پێک نەهێنن، ناتوانن ڕۆڵ و نەخشێکی ئەوتۆیان لە داهاتووی ئەو وڵاتەدا هەبێت.

**ئەدی سەنگی کورد لەو ڕاپەڕینەدا چەند بووە و کورد چۆن دەتوانێ قورسایی خۆی لە هاوکێشەکانی داهاتووی ئێراندا بپارێزێت؟**

سەنگی کورد لەو ڕاپەڕینەدا دیار و بەرچاو بووە و ئەوە لەکەس شاراوە نییە و دروشمەکانی وەک «کوردستان چشم و چراغ ایران» ئەو ڕاستییە دەسەلمێنن. ئەوەش سروشتییە، لەبەر ئەوەی خەڵکی کوردستان ٤٣ ساڵە بێپسانەوە، بە هەموو شێوەکان و لە هەموو ڕەهەندەکاندا دژی کۆماری ئیسلامی لە سەنگەری خەباتدایە. خەباتی سیاسی، پێشمەرگانە، جەماوەری، مەدەنی، ڕێکخراوەیی و کولتووری ئەویش بە بەشداریی هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵی کوردەواری و لەو ڕێگەیەشدا قوربانی زۆر و بەنرخیشی داوە. کوردستان هێزی سیاسیی بەئەزموون و خاوەنفکر و پێشەنگی تێدا هەڵکەوتووە. بۆیە بزووتنەوەی سیاسیی کورد دەتوانێ بۆ داهاتووی ئێران و لەپێناو بنیاتنانەوەی دێموکراتیکی ئەو وڵاتەدا سەرمایە و دەرفەتێکی بەنرخ بێت. بۆیە ئەو سەنگ و قورساییەی کوردستان ئێستا بەتەواوی هەستی پێ دەکرێ و وای دەبینم خەڵکی ئێرانیش هەستیان بەو نەخش و دەور و کاریگەرییە کردووە و بەوەیان زانیوە کە ئێرانی داهاتوو بێ لەبەرچاوگرتنی خەباتی خەڵکی کوردستان و دابینبوونی مافە سیاسی، نەتەوەیی و مەدەنییەکانی کورد، ئێرانێکی دێموکراتیک چێ نابێت.

**کاک مستەفا سەرکوت و کوشتوبڕەکان لە کوردستان لەچاو ناوچەکانی دیکە زیاتر بوون، بۆ؟**

ئاشکرایە کە دوژمن بۆ چاوترسێنکردنی خەڵکی کوردستان ئاوا بێباکانە خوێنی لاوانی کورد دەڕێژێ هەتا بەشکم لەو ڕێگایەوە کورد

لە خواستەکانی خۆیان پەژیوان بکەنەوە. ئەوە بە درێژایی مێژوو و لە سەردەمی ڕێژیمی پاشایەتییش لە ئارادا بووە. ڕێژیمی کۆماری ئیسلامییش لە سەرەتای هاتنەسەرکاریەوە ئەوە کار و کردەوە و سیاسەتی بووە و چاوترسێنکردن و پاشگەزکردنەوەی خەڵکی کورد لە خەبات و خواستە ڕەواکانی هەمیشە ئامانجی سەرەکیی ڕێژیم بووە. بەڵام وەک دەبینین ئەو خەڵکە هەر لە مەیدان‌دایە و لەسەر ویست و داخوازیی ڕەوای خۆی هەر سوورە. ئەمە لە یەک شوێن و هەر لەنێو حیزبەکاندا نییە، بەڵکوو لە نێو هەموو چین و توێژەکان و شار و گوندەکان دەبینی. بۆیە لە ڕاپەڕینی ئەمجارەشدا کورد لە سەرکوتی خوێناوی و زەبروزەنگی سیستماتیک بەشی شێری بەرکەوتووە، لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا بەڵام خەڵک بە ئازایەتیی خۆیان لە مەیداندا ماوەتەوە و دڵنیام کۆڵیش نادەن.

## پلان و بەرنامەکانی ناوەندی هاوکاری و حیزبەکانی دیکە بۆ ئێستا و داهاتووی ئەو ڕاپەڕینە چین؟

پلان و سیاسەتی ناوەندی هاوکاری و بە ڕوونیش حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئێران کارکردنە بۆ تۆکمەترکردنی ئەو راپەڕینە جەماوەرییە. بۆ ئەوەش پێویستە نەخش و دەوری کچان و کوڕانی کوردستان، خەڵکی ڕاپەڕیو بەتەواوەتی لەبەرچاو بگرین. بەرنامەی ناوەند ئەوەیە بەوەخت و بە بەرنامەتر لەگەڵ ڕەوتی ڕووداوەکان بچێتە پێشێ و بیر لە بەربەرینترکردنەوەی خۆی دەکاتەوە و لەگەڵ خەڵکی راپەڕیوی ڕۆژهەڵات بە شێوەیەکی زیندوو و بەردەوام لە پەیوەندی‌دایە. چونکی دەبێ بەرنامە و پرۆژەی ڕوونی بۆ شوێندانەریی زیاتر لە ڕاپەڕینەکەی ئێستا و بۆ دواڕۆژیش هەبێت. بۆ ئەوەش دەبێ پەیوەندی دیپلۆماسیی خۆی بەهێزتر بکا و لەگەڵ کۆڕوکۆمەڵی نێونەتەوەیی و دەوڵەتان لە پەیوەندیدا بێت. لە داهاتووی ئێران و لە چوارچێوەی نیزامی سیاسیی

داهاتوودا پێوشوێنی خواستەکانی خەڵکی کورد بگرێ و بارتەقای بەشداری خەڵکی کوردستان لە خەبات بۆ ڕووخانی ڕێژیمی ئێران و هێنانەسەرکاری ڕێژیمێکی دێموکڕاتیک، هەوڵ بۆ دابینبوونی ماف و ئازادییەکانی خەڵکی کوردستان بدات.

**زۆر سپاس کاک مستەفا بۆ بەشداریتان لەو دیمانەیەدا**

سپاس بۆ ئێوە و ماندوو نەبن



# شۆڕشی ژینا، بەرەو نەسڵی نوێی شۆڕش

بێهزاد خۆشحاڵی

نەوەی Z کە لە مێژووی نزیکدا بە هەمەچەشنترین نەوە ناسراون و پێیان دەگوترێت نەوەی ڕەسەنی دیجیتاڵی، نەوەیەکن لە بازنەی تەمەنی لە دوایین دەیەی سەدەی بیستەمەوە تا نێوەڕاستی دەیەی یەکەمی سەدەی بیست و یەکەم، کە ئەم تایبەتمەندییە هاوبەشانەیان هەیە:

دیدگای سیاسی پێشکەوتنخوازانەیان هەیە، ئاسوودەن لەگەڵ تەکنەلۆژیا، چالاکن لە سۆشیال میدیا، سەرنجیان لەسەر دارایی کەسی هەیە، زۆر پراگماتیکن، زۆر کارگێڕن، تایبەتمەندیی دیجیتاڵییان هەیە و فرە ئەرکن. هەروەها ڕاهاتوون بەخێرایی لە نێوان بەرنامەکاندا بجووڵێن و ڕەنگە ڕوانگەیەکی هاوشێوە لە پرۆژەکانی کارەکانیاندا بگرنەبەر.

لەگەڵ زیادبوونی پەیوەندییە جیهانییەکان، نەوەی نوێ گۆڕانکاریی قووڵی چۆنایەتیی بەخۆیەوە بینیوە. بە دەرککردن بە پێویستیی دیالۆگ و کردار بۆ چارەسەرکردنی ناکۆکی و باشترکردنی جیهان لەم روانگەوە ڕێگا دەکەن و گرنگییەکی بنەڕەتیی هەیە بۆ ژیانیان، بە سەیرکردنی پێناسەی جیهانی ناسنامەی تاکەکەسی خۆیان پێناسە دەکەن، خۆیان لەگەڵ ستانداردی زێڕینی جیهانی دەگونجێنن، و لە چاویلکەی کۆمپیوتەر و مۆبایلە زیرەکەکانەوە ئەوان سەیری جیهان دەکەن.

**بەراوردێک**

سەبارەت بە نەسڵی یەکەم و دووهەمی شۆڕش کە نموونەکانی وەکوو شۆڕشی ئینگلترا، فەڕانسە، ڕووسیە و چین ناو دەبرێن، ئەم تایبەتمەندییانە هەژمار دەکرێن:

ئیدغامی ڕێبەری، ئایدیۆلۆژی، پرۆسەگەلی بەفەرمی ناسین، پێکهاتەی چینایەتی، گۆڕانکاریی خێرا لە دەوڵەتان.

لە نەسڵی سێهەمیشدا، خەسارهەڵگری پێکهاتەیی، حکوومەتی دارماو، هەڵبژاردنی عەقڵانی، بێسامانیی نێوان سێکوچکەی حکوومەت، ئیلیت و چینی خوارو، دواجار خۆپیشاندان و مانگرتن، وەکوو گرینگترین تایبەتمەندییەکان ناسراون.

لە نەسڵی سێهەمی شۆڕشەکان، بڕێکی بەرچاو لەم شۆڕشانە بەرەوە دیکتاتۆری پۆپۆلیستی، بەسیجی خەڵکی، ئایدیۆلۆژیسم و سیاسەتی ناکۆکی ڕۆیشت وەک نموونەگەلی ئێران و نیکاراگوای.

دوای نەمانی کۆمۆنیزم و فاشیزم و هەنووکە کە حکوومەتی ئیسلامیی ئێرانیش دوایین هەناسەکانی ئەدات، نیوەرۆکی ئایدیۆلۆژیکبوونی شۆڕشەکان، چیدیکە نابینرێت بەڵام ڕواڵەتێکی هاوبەش دەبینرێت کە ئەم تایبەتمەندیگەلەی هەیە کە کەم و زۆر هاوشێوەی شۆڕشەکانی نەسڵەکانی پێشووترن:

هەوڵدان بۆ گۆڕینی سیستەمی سیاسی، هاوار بۆ نەزمێکی نوێی دادوەرانــە، ڕاپەڕینی جـەمـاوەری، هەنگاوی نـادامـەزراوەیـی وەک خۆپیشاندانی بەرین، ناڕەزایی دەربڕین، مانگرتن و توندوتیژی.

لێرەدا ئەچینە نێو شۆڕشی ژینا و تایبەتمەندییەکانی کە پیشاندەری دەسپێکی نەسڵی نوێی شۆڕشە.

جێگای ئاماژەیە کە بۆ لێکدانەوەی شۆڕش، پێویستە «هۆکار» و «پڕۆسە» و «ئەنجامەکان» خوێندنەوەی بۆ بکرێت، بەڵام لەم وتارەدا بە پشتبەستن بە هۆکار و پڕۆسە، لێکدانەوەی خۆم پێشکەش ئەکەم و بێگومان، دواتر دەتوانرێت بە سەرنج خستنە سەر ئەنجامی شۆڕش، خوێندەکانم گۆڕانکاری تێدا درووست بێت.

## بەرەو نەسڵی نوێی شۆڕش

یەک: شۆڕشی ژینا هەم ئاخێزگەی پێکهاتەی ئابووریی هەیە هەم پێکهاتەی کۆمەڵایەتی و هەم پێکهاتەی سیاسی

دوو: ڕێبەر یان ڕێبەرانی نییە کە وەک هێما ئاماژەیان پێ بدرێ.

سێ: دارمان لە ناوەند دەستی پێ نەکردووە.

چوار: خەریکە ڕوو لە ئاوێتەبوون و تێکەڵە و تەرکیب دەڕوات.

پێنج: ئایدیۆلۆژیک نییە. مەبەست لە ئایدیۆلۆژیکبوون لێرەدا ئەوەیە کە ئایاکوو ئایدیۆلۆژی وەک ڕۆڵی مامان بۆ لەدایکبوونی خولیایەکی کۆمەڵایەتی و سیاسی بێت؟ یان ئایدیۆلۆژی، پاڵنەر و ڕێنما و ڕێنوێنی ڕەها بێت؟ یان شەڕی ئایدیۆلۆژییەکان لە چەشنی «حەمامی خوێنی ستۆکهۆڵم» یان شەڕی ڕاست و چەپ یان هۆکاری کردەوەی سیاسی لە قۆناغێکی مێژووییدا بێت، وڵام «نا» یە. بە گشتی دەتوانین بێژین ئایدیۆلۆژیا خاڵی سەرەکی فۆڕماسیۆنی سیاسی و فەرهەنگی شۆرشی ژینا نییە.

شـەش: وەکـوو «نەخۆشیی ئـابـووری»، لە بەستێنی بازرگانیی بێسامانی نێونـەتـەوەیی ئێران گـەشـەی سـەنـدووە، و نەبوونی

تەعدیلکردنی داهاتەکان و گەندەڵی کاریگەری بووە.

حەوت: عەقڵییەتی شەبەکەیی سوارە لە سەری و شەبەکە وەک هۆشی دەسکرد، ڕێنوێنیی دەکات.

هەشت: خۆڕسک نییە، بەڵکوو شەبەکەڕسکە.

نۆ: بەسیجی نافەرمی درووست بووە لە ڕێگای سازماندانی گشتی لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان.

دە: پێوەندی شەبەکە و سازمان و شوناس و ڕەگەز تێیدا تۆکمەیە. سازمانی خوێندکار و مەکتەب و کرێکارو ڕەگەزی ژنان و جەوانان لە قاڵبی ڕەگەی فێمێنیستی، خواستی حقووقی مەدەنی و خواستی ڕادیکاڵی جەوانان، بەرچاوە.

یانزدە: کردەوەی کۆی یاریچییەکانی شۆڕش لە سەر ئەساسی «شوناسی نارەزایی» (گشتی و تایبەت) دەبینرێت.

دوانزدە: دوو فاکتەری «تووڕەیی» و «خواستی گۆڕانکاری»، سەرەتا «هۆگری سۆزداری» درووست کرد و دواتر «هەستی شوناسی دژبەر» بە هۆکاری بەرچەسپ لێدان لەلایەن دەسەڵات، بەهێزتر بوو.

سیانزدە: لە چوارچێوەی فەرهەنگی داسەپاو یان فەرهەنگی غاڵبدا نەبوو بەڵکوو فەرهەنگی پەراوێزو دوورخراوە خۆی سەپاند.

چواردە: تەنیا لە ماوەی سێ ڕۆژدا، لە حاڵەتی سلبی تێپەڕی و ڕواڵەتی ئیجابی لە خۆ گرت و تەنانەت شوناسی مەفهوومی پەیدا کرد.

پانزدە: باوکسالار نەبوو.

شانزدە: کاریزمای نییە.

حەڤدە: ڕێبەریی شەبەکە، کاریگەریی ئاڵۆزی دانا

هەژدە: نە ڕێبەریی ئەرکتەوەری هەیە نە ڕێبەریی جەماوەری. مەبەست لە ڕێبەریی ئەرکتەوەر، ڕێبەرێکە کە ئێستراتژی کارا دیاری بکات، خشتەی زەمەنی دابنێت، ڕێوەبەری قۆناغ بکات و ئامانجی تایبەت دیاری بکات. هەروەها مەبەست لە ڕێبەری جەماوەری، ڕێبەرێکە کە

ئیلهامبەخش بێت، هەستی شوناس ببەخشێت، هێز و وزە بدات بە خەڵک، ئاسۆی عیداڵەت پێشکەش بکات و پێناسەی نەزمی نویێ بکات.

نـۆزدە: عەقڵییەتی شەبەکە، گرووپی بچووک بـەڵام فیداکاریی دروست کرد.

بیست: «ڕێبەریی پرد» دروست بوو کە ئێستا هەم ئامانج و هەم ئەرکە سازمانییەکان تا ئاستی تاکەکان دیاری دەکات.

بیست و یەک: مۆئەلەفەی بەهێزی ڕەگەز و تەمەنی تێدایە.

بیست و دوو: چیدیکە سەرکوت نەک تەنیا لەمپەرو بەربەست نییە بەڵکوو وروژێنەرو هەڵخرێنەرە.

بیست و سێ: «گوشاری لە ناکاو»ی تێدایە بە هۆکاری دوانەی «ئێمتیاز» و «سەرکوت» کە ئەبێتە «بەرگریی گشتیی چالاکانە».

بیست و چوار: ڕێژیمێکی بەهێز کە ڕووبەڕووی ئۆپۆزیسیۆنێکی لاوازە یان ئێمتیاز ئەدات یان سەرکوت ئەکات. لێرەدا چونکی عەقڵییەتی شەبەکە و دواتر شەقام لە ئۆپۆزیسۆن تێپەڕیوە، ئەم تاکتیکە چیدیکە وڵامدەر نییە.

بیست و پەنج: ڕژیم چووەتە قۆناغێک کە «دەرکی سووژە»کان ناکات ئیتر لەبەر ئەوەی کە «پاڵنەرەکان» گۆڕدراون، «پابەندییەکان» نەماون و «گرێبەستی کۆمەڵایەتی»ی کۆن تێک چووە.

بیست و شەش: چیدیکە ئۆپۆزیسیۆن، «یەکەی بنەڕەتی»ی بڕیاردەر نییە و شۆڕش خەریکە لە پێشانگەیەتی پارچەیی بەرەو پێشەنگایەتیی یەکپارچەیی شەقام، هەنگاو هەڵدەگرێت.

بیست و حەوت: مارپێچی خێرا و غافڵگیرکەر دروست بووە.

## ئەنجام

شۆڕشی ژینا ناتوانرێت بە ڕگڕێسیۆنی هێڵکاری ئانالیز بکرێت بەڵکوو پێویستی بە پەیکەربەندی فرە پاڕامێترەی سەربەخۆیە یان پێوەندیی پیچیدەی فرە پاڕامێتر یان ئەو مۆدێلەی کە پێی دەگوترێ «قاڵبی پانێل».

بەم هۆکارانەیە کە پێویستە چەمکێکی نوێ بۆ شۆڕشی ژینا، مەفهوومسازیی بکرێت و جارێکان، هەر بە شێوازی «پرۆسە تەوەر»، خوێندنەوە بۆ ڕەوتی ڕووداوەکان بکرێت.

لە کۆتاییدا ئەتوانم بێژم شۆڕشی ژینا نیشانەگەلی نەسلێکی نوێی شۆڕشی پێوە دیارە کە پێویستە دواتر لە ئاستی شوناس و چەمک و مەعریفە و ڕەگەز و شەبەکە و ڕێبەری، لێکدانەوەو خوێندنەوەی بۆ بکرێت.

بڕوانە بۆ:

Jack A Goldstone, Toward a Fourth Generation of Revolutionary Theory, ٢٠٠١

Stanford Encyclopedia of Philosophy, Revolution, ٢٠١٧

what is Z generation, bamboohr, ٢٠١٩

## شۆڕشی ژینا
## ئاستەنگ و لەمپەرەکانی بەردەم پەرەسەندنی

**مریەم عەلیپوور**

بەر لەوەی ئاماژە بە ئاستەنگ و لەمپەرەکان بکەم، بۆ کرانەوەی باسەکە پێویستە بزانین ئایا ئەو ڕاپەڕین و خۆپێشاندانانە دەچنە نێو قەوارەیەک بە ناوی شۆڕش، یان شۆڕشێک بە ناوی شۆڕشی ژینا؟ کەی و کێ شۆڕش دەکات؟ ئەو شۆڕشە لە ناو چ شێوە سیستمێکدا دەکرێت؟

### شۆڕش

شۆڕش پرۆسەیەکی گۆڕانکاریی بنەڕەتییە و لە ماوەیەکی زۆر کورتدا ڕوو دەدات. ئەو چەمکە بە تایبەتی بۆ هەڵچوونە سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئابووری، زانستی، کولتوورییەکان و ... هتد بەکار دەهێنرێت. دەتوانین شۆڕش بە پرۆسەی گۆڕان پێناسە بکەین کە پێویستیی بە هێندێک پشتیوانیی جەماوەر هەیە.

گرینگترین شۆڕشە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی سەدەکانی ڕابردوو، شۆڕشی ١٧٨٩ی زایینیی فەڕانسە و شۆڕشی ١٩١٧ی ز. ڕووسیە بـووە. لـەو دواییانەشدا گرینگترین هەڵچوونە سیاسییەکان بریتی بوون لە شۆڕشی کۆمۆنیستی لە چین لە ساڵی ١٩٤٩ ز.، شۆڕشی سۆسیالیستی لە کوبا لە ١٩٥٩ ی ز.  و شۆڕشی ئیسلامی لە ئێران لە ساڵی ١٩٧٩ی ز. ، کە ئاکامەکەی بوو بە سەرهەڵدانی ڕێژیمێکی توتالیتار و ئاپارتاید.

کەواتە بەپێی ئەو بۆچوونانە لە شۆڕش، دەتوانین بڵێین ئەو شۆڕشەی کە ئێستا لە ئێران و بە تایبەت لە کوردستانی ڕۆژهەڵات دەستی پێ کردوە وەک شۆڕشێکی سیاسی، ڕووناکبیری، زانستی و کولتوورییە کە توانیویەتی هەموو نەتەوەکانی ئێران بەهەموو توێژەکانیەوە لە دەوری خۆی کۆ کاتەوە. ئەو شۆڕشە لە دوای ڕژانی خوێنی ژینا لە تاران بەدەستی پۆلیسی ‹‹ئەخلاقییەوە›› کە بۆ پاراستنی سەرەکیترین بەها سیاسی/ ئایدیۆلۆژییەکانی ڕژیمی ئیسلامی ئێران دروست کراوە، لە کوردستان-سەقز دەستی پێ کرد. سەرەڕای ئەوەی زۆر ژیلەمووی دیکەش گەشانەوە بۆ دەربڕینی ناڕەزایەتیەکان، ژینا بوو بە سیمبول و هەوێنی ئەو شۆڕشە.

شۆڕشی ژینا بەرزترین بەها مرۆییەکانی هێنایە سەر زاری میلیۆنان تێکۆشەری ئازادیخوازی کورد و غەیرە کورد، بوو بە سیمبولێکی جیهانی بۆ بەرگری لە «ژن ژیان ئـازادی» خەباتێکی جیهانی دژی دیکتاتۆری و چـەوسـانـەوەی مـرۆڤـەکان. ئـەوە تەنیا شۆڕشێک بە ناوی ژینا نییە، بەڵکو پێداگری لە مافە نەتەوەییەکان و ئازادی تاک و گرووپەکان و مافی ژن لە پێگەی داهاتوو دایە. نابێ لە یاد بکرێن و دەبێ لە فورمی یاسا و نووسراوە و بە کردەوە جێبەجێ بکرێن.

ئەو دۆخەی کە بۆ مرۆڤایەتی لە ئێراندا بەگشتی و لە کوردستانی ڕۆژهەڵات بەتایبەتی، لەلایەن ئەو ڕێژیمە توتالیتارە دروست کراوە، چی دیکە جێگای هەرسکردن و پەسەندی خەڵک نییە. لێرەدا ناکرێ ئاماژە

بە شێرەژنان و لاوانی کورد کە مەشخەڵی ڕزگاریخوازی و ئازادین نەکرێت، ئەوان خاوەنی سەرەکین لە سەرهەڵدان و بەردەوامبوونی ئەو شۆڕشە. خۆیان بە بەشێک لە کۆمەڵگە دەزانن، ئەگەرچی بەپێی یاسا و ڕێساکانی ڕێژیمی توتالیتاری ئێران ئەو دوو توێژە لە کۆمەڵگەدا کەمترین ڕۆڵ و بایەخیان پێ دراوە و دەدرێت.

## سیستمی سیاسی و حکومەتداری لە ئێراندا

بە چاوخشاندنێکی خێرا بە کۆی پێکهاتەی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران، وێنایەک هزر و بیری مرۆڤ داگیر دەکات کە وێنای سیستمێکی توتالیتاریزم و ئاپارتایدە، بۆ؟

تۆتالیتاریزم یان ڕێژێمی تۆتالیتار چەمکێکە بۆ سیستمە سیاسییەکان کە دەسەڵات لە پرەنسیپدا، کۆنترۆڵی هەموو چالاکییەکانی کۆمەڵگە دەکات، تەنانەت ئەوەی لەنێو خێزانیشدا ڕوودەدات. بە واتایەکی دیکە دەتوانین بڵێین، تۆتالیتاریزم، شێوەیەک لە حکومەتدارییە کە ڕێگە بە هیچ ئازادییەکی تاک نادات و دەیەوێت هەموو بوارەکانی ژیانی تاک ملکەچی دەسەڵاتی دەوڵەت بکات. تۆتالیتاریزم بە چڕکردنەوەی دەسەڵات لە ناوەندێکی تاکدا، دەبێتە دیکتاتۆرێکی تاکەکەسی یان کۆمەڵێک لە خاوەن دەسەڵاتەکان وەک لیژنە یان سەرکردایەتیی حیزبێک. ئەو ناوەندە پشت بە هێز دەبەستێت بۆ سەرکوتکردن و سنوردارکردنی هەر پێشکەوتنێک لە بەرژەوەندی و دەسەڵاتی ئەواندا نەبێت و کەڵک لە هەموو کەرەسەیەکی ناڕەوا وەردەگرێت بۆ بێدەنگکردنی هەموو دەنگە نارازییەکان.

بەپێی ئەو پێناسە و ئەرگومێنتانەی لەسەر توتالیتاریزم هەیە بەو قەناعەتە دەگەین کە ئەو ڕێژیمە، ڕێژیمێکی توتالیتارە. کەواتە هەر خودی ئەو سیستمە گەورەترین لەمپەرە لە بەردەم پەرەسەندنی شۆڕشی ژینا، بۆ؟ لەبەر ئەوەی دەسەڵاتێکی توتالیتار بۆ مانەوە و بەرژەوەندی دەسەڵاتەکەی، نەک هەر هاوولاتیان لە نێو دەبات، بەڵکو

هەوڵ دەدات وڵاتیش ویران بکات. چەمکی«وێرانی» دەتوانین بە سێ فاکتەری سەرەکی ببستینەوە کە ڕێژیمی سەرەڕۆی ئێران بەڕێوەی دەبات وەکوو:

١. توندوتیژی و تۆقاندن، بە مەبەستی لەنێوبردنی هەموو شێوە ئازادییەکی هاووڵاتیان.

٢. هەبوونی ئیدیۆلۆژیی چەقبەستوو.

٣. تەیارکردنی بەشێک لە جەماوەر لە دەوری ئەو ئیدیۆلۆژییە چەقبەستووە.

## هۆکارەکانی سەرهەڵدانی شۆڕشی ژینا

هۆکارەکانی سەرهەڵدانی ئەو شۆڕشە یەکجار زۆرە بەڵام زۆر بەکورتی دەتوانم بڵێم: قەیرانی سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی، ئەخلاقی، دیپلۆماسی، دروستبوونی کەلێنێکی گەورە لەنێوان دەوڵەت و نەتەوەکانی نیشتەجی لەو قەوارەیەدا، زوڵم و زۆری، ئەشکەنجە، زیندان، سێدارە، سیستمی بانکیی ناکارا و گەندەڵ، گەندەڵیی ئابووری و یاسایی، نزمیی بەرهەمهێنان، وێرانکردنی ژینگە، لەنێوبردنی سامانی سروشتی، هەژاری، بێکاری، پەراوێز خستن و زیندانی کردنی نوخبەکان، لەدەستدانی شەرعییەتی سیاسی و دەسەڵاتداری، بە دیکتاتۆرکردنی سیستمی پەروەردە، پەرەدان بە برۆکراسیی دواکەوتوو و سوننەتی، خۆرافاتی و تەک مەزهەبی هەموو ئەوانە دڵۆپێک لە دەریایەک قەیرانن کە ئاماژەم پێدان. هەموو ئەو قەیرانانە دەرئەنجامی چەندین کێشە و گرفتی (نێوخۆ و دەرەکی) پێکهاتەی نیزامە، بەدرێژایی مێژووی زیاتر لە چل ساڵی ئەو ڕێژیمەیە کە کەڵەکە بوون و ئێستا وەک ڕنووی بەفر بە سەریاندا دارماوە. لەباتی دۆزینەوەی چارەسەر بۆ ئەو کێشە و گرفتانە، هاووڵاتیانیان بە سەر سێ گرووپدا پۆلێنبەندی کردووە.

دەستەی یەکەم: ئەو کەسانەن کە بە هەر هۆیەکەوە گرێدراوی دەسەڵاتن و بۆ مانەوەی ئەو دەسەڵاتە توندئاژۆییە لە هیچ بێ

ئەخلاقیەک و کردەوەیەکی نامرۆڤانە ناسڵێنەوە.

دەستەی دووهەم: بەشێک لە نەوەی بەر لەو جیلی ئێستا کە بەداخەوە کولتوری بە کویلە بوون بەسەریاندا زاڵە و هەتا ئێستا کەم تا زۆر بێ دەنگیان هەڵبژاردووە. لەوانەیە هێندێک لەوانە بترسێن یان باوەڕیان بە چاکسازی لە لایەن ئەو ڕێژیمە توتالیتارە هەبێت، کە قەت شتێکی ئاوا لە ناو سیستمی توتالیتار ڕوو نادات.

دەستەی سێهەم: ئەو جیلەن کە پەروەردەی شۆڕشی ئەلکترونین و پاندیمی کۆرۆنان. کۆرۆنا بوو بە دەرفەتێک بۆیان بۆ ئەوەی کاتی زیاتریان بۆ بەرەخسێ بۆ چوونە ناو دونیای مەجازی هەتا بتوانن زیاتر ئاگاداری ژیان و دۆخی وڵاتانی پێشکەوتوو بن و لەگەڵ ژیان و دۆخی خۆیان هەڵسەنگاندنی بۆ بکەن. پرسیار لایان دروست بێت و بە دوای وڵامەکانیاندا بگەڕێن. ئەوە و زۆر هۆکاری دیکەی نەرێنی ڕێژیمیان کە بە کردەوە هەست پێکردوە، وای لێکردوون و بەو ئاکامە گەیشتوون کە بۆ گەیشتن بە وڵامی پرسیار و ئارەزوەکانیان دەنگ هەڵبڕن و ئێستا دەبینین چاو نەترسانە لەسەر شەقامەکانن و خەریکی شۆڕش و بەهیوای سیستم گۆڕینن.

### ئاستەنگ و لەمپەرەکان

ئاستەنگ و لەمپەرەکان یەکجار زۆرن و دوولایەنەشن، چ لەلایەن دەسەڵاتدارەوە و چ لە لایەن هاووڵاتیان. لەبەر دووریم لە شۆڕشی نێوخۆ (نیشتیمان) زۆر ئاگاداری هەموو ئاستەنگ و لەمپەرەکانی نێوخۆ نیم. بەڵام بەگشتی ئەوەندەی لە ڕێگای تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان، خوێندنەوەکان و پەیوەندیەکی سنووردار لەگەڵ نێوخۆ ئاگادارم، وێڕای ئاماژەدان بەو کۆسپانە، بەکورتی باسی هەوڵەکانی دەرەوەش دەکەم.

– گۆڕانکاریی سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی، ڕووناکبیری، زانست و زانیاری، پەروەردە و تەنانەت هونەر و تەکنولۆژیش کارێکی قورس و کاتخوازە، بەتایبەت لە وڵاتە توتالیتارەکاندا. من پێم وایە بۆ ئاسانکاری

و زووتر گەیشتن بەو گۆڕانکاریانە پێویستە: بەهێزتربوونی پشتیوانیی شارەکان لە یەکتر، بەڕێکخراوتربوونی خەڵکی نێوخۆ، نەترستر بوون، بەسیاسیکردنی دروشمەکان، بەردەوامبوونیان، چۆکدانەدان لە بەرانبەر زۆری و زەختی مۆرە بەکرێگیراوەکانی ڕێژیم، هەموو ئەوانە کاریگەری ئەرێنی دەبێت بۆ ئەو گۆڕانکاریانە.

– هەر وەک پێشتریش ئاماژەم پێدا هەر خودی ئەو سیستمە یەکێک لە بەربەستە گەورەکانە لەبەر ئەوەی خاوەنی هیچ ئەخلاق و مرۆڤایەتیەک نییە و لە هەموو کەرەسەیەک کەڵک وەردەگرێت بۆ توندوتیژی و سەرکوتکردن. بەڵام ئەوەی جێگای دڵخۆشی و هیوابەخشە ئەوەیە کە هێزی گەل بەهێزترە لە هێزی داگیرکەر. نەترسی و باوەڕبەخۆبوونی دایکان و باوکان و نزیکانی گیان بەخت کردووەکان، بریندارەکان، زیندانییەکان و زۆربەی خەڵک ئەوەمان پێ دەڵێت.

– ئینتێرنێت یەکێک لەو کەرەسە گرینگانەیە بۆ پەیوەندی نێوان تاک و گرووپەکانی کۆمەڵگە چ لەگەڵ خەڵکی ناوچەکە و شارەکانی دیکە و چ لەگەڵ تاراوەگە و وڵاتانی دەرەوە بە تایبەت لە ئێستادا. هەر بۆیە ڕێژیم هەوڵی داوە و دەدات هەتا بۆی بکرێت ڕێگری لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بکات و هەموو کەرەسەیەک کە پەیوەندی بە ئینتێرنێتەوە هەیە کۆنتڕۆڵ و سنووردار بکات. تەنانەت وەک گەڵاڵەیەکی پارستنی وڵات لە هەوڵدایە ئینتێرنێتی وڵات بکات بە ئینتێرانێت (پەیوەندییەکان نەک هەر تەنیا لە نێوخۆیی ئێراندا دەبێت بەڵکوو سنووردار و تەواو لەژێر کۆنترۆڵی ڕێژیمدا دەبێت). بەخۆشییەوە چالاکانی دەرەوەی وڵات لە ڕێگای پێوەندییەکانیانەوە توانیویانە سەرنجی ئورووپایی و ئەمریکییەکان ڕابکێشن بۆ دۆزینەوەی ڕێگا چارەی ئینتێرنێت بۆ خەڵکی نێوخۆ. لەو ڕاستایەدا ئەمریکا و ئورووپا بەو ئاکامە گەیشتوون کە هاوکاری خەڵک بکەن بۆ نەمانی ئەو کۆسپە. هەر بۆیە گرووپێکی کارایان پێک هێناوە و هەموو وردەکارییەکانیان دەست نیشان کردوە هەم لە ئاستی ناوەوەو هەم دەرەوە.

– بە کارهێنانی توندوتیژی، زیندان، ئەشکەنجە و کوشتن بە مەبەستی ترساندن، هەڕەشە و تۆقاندنی خەڵک بۆ ئەوەی واز لە خۆپێشاندان بێنن. بەداخەوە هاووڵاتیانێکی زۆر بە شێوازی جۆراوجۆر بوونە و دەبنە قوربانی. بەڵام دایکان، باوکان و لاوان بەهۆی هەڵوێستەکانیان لەبەرابەر ئەو توندوتیژییانەدا، ڕێژیمی بەچۆک داهێناوە و کاریگەرییە نەرێنییەکانی ئەو گرفتەی زۆر لاواز کردووە.

لە تاراوگەشدا: هەر بەهۆی ئەو توندوتیژییانەی ڕێژیم، ئەنجومەنی مافی مرۆڤی نەتەوە یەکگرتووەکان ستاڤێکی دەستنیشان کردوە بۆ لێکۆڵینەوە لە پێشێلکارییە ئاشکراکانی مافی مرۆڤ لە سەرکوتکردنی خۆپیشاندەرانی ئێران. هەروەها چەندین سزایان خستۆتە سەر بەرپرسانی ئێرانی و ئێرانیشیان لە کۆمیسیۆنی پێگەی ژنانی سەر بە نەتەوە یەکگرتوەکان دەرکرد. لەوانەشە لە داهاتوویەکی نزیکدا سزای زیاتریش بەسەر ڕێژیمدا بەسەپێنن. هەربۆیە بە دڵنیایەوە دەتوانم بڵێم ئێران لە سەروبەندی گۆڕانکارییەکی گەورەدایە و بەهیچ شێوەیەک ناتوانێت بگەڕێتەوە بۆ ڕۆژانی بەر لە سەرهەڵدانی شۆڕشی ژینا.

– بەپێی ڕاپۆرتی ڕێکخراوی ڕوونکاری نێونەتەوەیی، ئێران لە بواری گەندەڵی و قەیرانی ئابوورییەوە لە پلەی بەرزدایە. هەر بۆیە بارودۆخی ئابووری و گوزەرانی سەختی ژیانی زۆربەی خەڵک دەتوانێت تا ڕادەیەکی زۆر کاریگەری لەسەر ئەو شۆڕشە هەبێت یان وەک بەربەستێک بێتە ئەژمار کە خەڵک ماندوو بکات. بە خۆشییەوە چالاکانی دەرەوە لە هەوڵی دۆزینەوەی ڕێگا چارەیەکن بۆ ئەو بەشە. هەوڵی دانانی سندوقێکن بۆ قەرەبووکردنەوەی ئەو زیانانەی کە بە هۆی خۆپێشاندانەکان وەبەر هاوڵاتیان دەکەوێ. ئەگەر حیزبەکان لەگەڵ کەسایەتییە سەربەخۆکان حکومەتێکی کاتی پێک بهێنن، ئەو گیروگرفتە لە ڕێگای دیپلۆماسیی ئەوانەوە دەتوانێ بە ئاسانی جێبەجێ بکرێ.

– نەبوونی ڕێکخراو یان پەیوەندییەکی پتەو لەنێوان جیلەکانی ئێستا

و ڕابـردوو و نەتەوەکانی ئێراندا دەتوانێ کۆسپێک بێ. بەداخەوە لەوانەشە ئەوە هۆیەک بێ کە خۆپێشاندانەکان گشتگیر نەبێ و دەبێ کاری زیاتری بۆ بکرێت بۆ ئەوەی تێگەیشتنی لایەنەکان بە ئاستێکی بەرز بگات.

– زۆربەی خەڵک بە فکر و ئەندیشە لەگەڵ شۆڕشی ژینان، بەڵام لە کـردەوەدا خەڵکێکی بەر چاو لە فـارس و تـورک لە گەڵ شۆڕش نەکەوتوون. ئەوەش دەزانین کە لە هیچ شۆڕشێک لە سەرەتادا هەموو خەڵک بەشدار و چالاک نابن بەڵام لە کۆتاییدا زۆربەی خەڵک لەگەڵیدا هاودەنگ دەبن و سەردەکەوێ. دەتوانین ئەو گروپە بە ٣ دەستە دابەش بکەیین:

١) گروپێکی بەرچاو بەکۆیلە کراوان یان ترسەنۆکن یان داهاتووی ڕوونیان لە پێش چاو نییە لە دوای ڕووخانی ڕێژیم. ئەو گرووپە کە ترسیان شکا هەتمەن لەگەڵ شۆڕش دەکەون. من پێم وایە ئەوەش بە هەبوونی ئەڵترناتیوێکی بەهێز بۆ جێگرەوەی ئەو ڕێژیمە و بەردەوام بوونی خۆپێشاندانەکان ترسیان دەشکێت و لەگەڵ شۆڕش دەکەون.

٢) گروپێکی کەم لەسەر ئیدئولوژیی سەر بە ڕێژیمن و بەتەواوی هێزی خۆیان پشتیوانی لە ڕێژیم دەکەن. هەر وەک دەستەی یەکەم ئەو گرووپە بە بەردەوامبوونی خۆپێشاندانەکان و بوونی ئەڵترناتیوێکی بەهێز بۆ جێگرەوەی ئەو ڕێژیمە ئیرادە و هیوا و باوەڕیان لاواز دەبێ و دەبێتە هۆی لێکترازان و هەڵاتنیان.

٣) توێژی دەوڵەمەند یان پوڵداری بەرژەوەندیخواز. ئەوانە کاریگەریی ڕاستەوخۆیان لەسەر ئابووری ڕێژیم هەیە. زۆربەیان لەلایەن ڕێژیم هاریکاری دەکرێن و بەشێوەیەک لە شێوەکان لە گەندەڵییەکان گەلاون و دەستیان لەگەڵ مافیاکان تێکەڵ کردوە. ئەگەر ئەو توێژە واز لە دەسەڵات بێنێت و بە کێشانەوەی پۆڵەکانیان لە بانکەکان و وەستاندنی جومگەکانی بەرهەمهێنان، ئەوە دەتوانن گورزێکی جەرگبڕ لە ڕێژیم بدەن. هەر وەک دەستەی یەکەم پێم وایە حکومەتێکی بنکە فراوانی

کاتی لە تاراوگە و بەردەوامبوونی خۆپێشاندانەکان کاریگەری ئەرێنی لەسەر ئەو چینەدا دەبێ. ئەو توێژە پێویستی بە ئاسایش ژینگەی تایبەت بەخۆیی هەییە بۆ گەشەکردنی سەرمایەکەی. ئەگەر ئەو ئاسایەشەی لێ بشێوێ ئەوە ناچار دەبێ سەرمایەکەی بەوەستێنێ یان بۆ شوێنێک ڕابگوێزێت کە ئەو ئاسایشەی تێدا بەدی دەکرێت.

– هەبوونی پەیوەندیەکی لاواز لە نێوان ڕاسانی شار و شاخ و تاراوگە. دەبێ کار بکرێت بۆ گرێدانی ئەو سێ ڕاسانە پێکەوە بەشێوەیەکی چڕوپڕ. دەبێ هەرسێک پێکەوە لە یەک ڕەهەند و لە ڕاستای سەرکەوتنی شۆڕشی ژینا و دەستکەوتنی مافە نەتەوەیەکانی کورددا چالاکیان هەبێت. بەخۆشیەوە ئەوەندەی من ئاگادارم تا ڕادەیەکی باش چالاکانی تاراوگە بوونەتە دەنگ و ڕەنگی خەڵکەکەیان لە نێوخۆی وڵات و ئاکام و دەستکەوتی باشیشی هەبووە و دەبێ باشتریش بکرێت. بەڵام من پێم وایە ڕاسانی شاخ بەو شێوەیەی پێویستە بە پیری ڕاسانی شار نەچووە. من ناڵێم شان بە شانی خۆپێشاندەران شەڕی چەکداری بکرێ لەبەر ئەوەی ئەوە بە سیاسەتێکی خۆکوژی دەزانم. من پێم وایە دەتوانن زۆر کاری دیکە لە لاوە بکەن کە کاریگەری ئەرێنی ڕاستەوخۆی لەسەر خەڵکدا دەبێ. لە لایەک خەڵک هەست بە پشتیوانی دەکەن و دەبێتە بەرزبوونەوەی ورەیان و لە هەمان کاتدا دەبێتە دابەزینی ورەی دوژمن.

– نەبوونی ئالترناتیڤێکی بەهێز لە بەرانبەر ئەو ڕێژیمە فاشیستە. هەربۆیە هەبوونی ئۆپۆزیسیۆنێکی بنکەفرەوانی ئێرانی زۆر پێویستە هەم بۆ کاری دیپلۆماتی لە ئاستی نێونەتەوەی و ناوچەدا و هەم ڕوو بە ناوخۆ. ئەو پێکهاتە دەتوانێ کاریگەری ئەرێنی هەبێ کە لە سەرەوە ئاماژەم پێدا بۆ هەموو ئەو توێژانەی کە هەتا ئێستا بە کەمی لەگەڵ خۆپێشاندانەکان کەوتوون و هەروەها هەڵوەرینی لایەنگران و دارمانی سیستیمی ولایەتی فەقی.

ئاستەنگ و لەمپەری دیکەش هەن و من پێم وایە کار کردن لەسەر ئەوانە دەتوانێت کاریگەری ئەرێنی زۆری هەبێت بۆ سەرکەوتنی ئەو

شۆڕشە.

**کۆتا قسە**

ڕوو بە دەرەوە: بەپێی شیکارییەک بۆ دۆخی ئێستای ئێران و کوردستانی ڕۆژهەڵات دەتوانم بڵێم: «جیهان لە ئاستێکدا وەستاوە کە هۆکاری شۆڕش و ڕزگاری نەتەوەیی گەلانی ئێران تەنیا خواست و ئاسۆیەک نییە بۆ داهاتوو، بەڵکوو گرفتێکە کە دەبێ چارەسەربکرێت.» بە خۆشیەوە من پێم وایە لە دەرەوە ئاسۆ ڕوونە و پشتیوانیی باش لەو شۆڕشە کراوە و دەکرێت. ڕێژیمی ئێران لەبواری دیپلۆماسیدا دارِەماوە و نەک هەر جێگای باوەڕ نییە بەڵکوو زۆریش بێ‌نرخ و لە پەراوێز خراوە.

ڕوو بە نێوخۆ: لەبەرانبەر هەموو ئەو توندوتیژییەی ڕێژیمە سەرەڕۆیەکەی ئێراندا، جیلێک بە ئیرادەیەکی پۆڵاینەوە وەستاوە. ئیرادە بۆ تێکۆشانێکی مەبەستدار، بۆ گەیشتن بە ماف و ئازادییەکان، بۆ نەهێشتنی دیکتاتۆر و بۆ هەڵبژاردنی ژیانێکی سەربەستانە لە ژێر دروشمی ژن، ژیان، ئازادیدا.

ڕوو بە هێزە سیاسییەکان: هێزە سیاسییەکان دەبێ بەو پەڕی بوێرییەوە و بە تەواوییەوە، پارێزگاری لە مافەکانی گەلی کورد بکەن. لەبەر ئەوەی گەلی کورد لە ئێراندا پاڵپشتی هێزەکانی خۆیەتی و پشتیوانیان لێ دەکەن. چ لە ئێستادا و چ لە داهاتوودا دەبێ جێ پەنجەیان دیار بێت، بە تیۆری و بەکردەوە لە گۆڕەپانی خەباتدا بن.

بۆ سەرکەوتنی ئەو شۆڕشە و ڕووخاندنی ئەو دەسەڵاتە توندئاژۆییەی ئێران، پێویستە وەک ئەرکێک بەردەوام لە گۆڕەپانەکانی ڕاپەڕین دابین. هەر سێ ڕاسانی شار و شاخ و تاراوەگە بەردەوام لە جووڵە دابن و چالاکیەکانیان چڕتڕ و پتەوتر بکەنەوە. گومان لەوەدا نییە ئەم شۆڕشە سەردەکەوێت.

# شۆڕشی ژینا، داڕووخانی کۆلۆنیالیزم

کەریم پەرویزی

لە ڤیدیۆیەکدا کە لە سۆشیاڵمیدیا لەم ڕۆژانەی سەرەتای زستانی ٢٧٢٢ی کوردیدا بڵاو بۆتەوە، موژگان کاوسی، چالاک و نووسەری کورد خەریکی تەمووورەژەنینە. تەمووورە ئامێرێکی مووسیقاژەنینە کە تایبەتە بە کورد و لەنێو کوردستاندا کەسانی بەناوبانگی مۆسیقاژەن وەکوو شەهرام نازری بە ئێران و جیهانیان ناساندووە و هەم بۆ ڕێورەسمە ئایینیەکان و خوێندن و بەڕێوەبردنی سروودی مەزهەبی و هەم بۆ سروودی حەماسی بەکار دێ.

بەڵام ئەوەی لەو ڤیدیۆیەدا زۆر گرینگە، خودی ئاهەنگەکە نییە، بەڵکوو هێماکانی نێو ڤیدیۆکەیە کە لەیەکەم نیگادا دەر ناکەوێ و تۆزێ وردبوونەوە، توێژاڵەکان هەڵ دەدداتەوە و دیوە شاراوەکان زیاتر و ڕوونتر دەردەخا.

ڤیدیۆی تەمموورەژەنینی موژگان کاوسی لە ڕۆژانێکدا بڵاو بۆتەوە کە دەزگای بێدادی ویلایەتی فەقیهی، تاوانی فەساد لەسەر ئەرزی خستۆتە پاڵ موژگان! لەم ڤیدیۆیەدا ژنێک دەر دەکەوێ! ئەمە لە کاتێکدایە کە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی زۆر بەدەست ژنانەوە هەراسانە و زیاتر لە چوار دەیەیە کە دەیەوێ ژن لە ماڵەوە بشارێتەوە و گەر هاتەدەر لەژێر چادری ڕەشدا داپۆشراو بێ. ئەم ژنە سوورپۆشە بە هەوریەوە کە لەم ڤیدیۆیەدا تەمموورە ئەژەنێ، کوردە! کوردێک کە لە دەسەڵاتی حاکم لە تاراندا وەکوو غەیرە چاوی لێ دەکرێ و ترسێکی فراوانی لێ هەیە و بەردەوام لە دۆخی هەراسانی و ئەمنییەتیدا چاو لە کورد و کوردستان دەکا و پێی وایە کە گەر ڕۆژێک ڕێژیم مەترسیی ڕووخانی لەسەر بێ لە درگای کوردستانەوە دوژمنان دێنە ژوورەوە!

لەم ڤیدیۆیەدا جیا لە ژنە کورد، تاکێکی یارسانە تەمموورە دەژەنێ، کە لە باری ئایینیەوە ڕێژیم ئینکاری ئایینەکەیان دەکا و تەنانەت بۆ فۆرم پڕکردنەوە بۆ بەشداری لە هەر شتێکی ڕەسمی لە ئێراندا هیچ جێگایەک بۆ یارسان و پێڕەوانی ئایینی یاری نییە و ئەوان دەبێ خۆیان وەکوو شیعە بناسێنن بە حکوومەت! ئایینی یاری لە ڕوانگەی ویلایەتی فەقیهەوە هەر بوونی نییە تاکوو لە فۆرمی ناونووسیشدا جێی بکاتەوە!

ژنە کوردی یارسان لەم ڤیدیۆیەدا خەریکی ژەنینی تەمموورەیە و ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئامێرەکانی مۆسیقا و ژەنینی مۆسیقا لە لایەن ژنەوە بە حەرام دەزانێ!

پێشتر و پێش لە شۆرشی ژینا، موژگان کاوسی چەند جاری دیکە دەسبەسەر کرابوو و تاوانی بانگەشە دژی نیزامی خرابووە پاڵ، بەڵام لەم قۆناخەدا دوای دووبارە دەسبەسەرکردنەوەی ژنە چالاکێکی کورد کە لە تاڵشی دوور لە نیشتمانی کوردستان و لە شوێنی دوورخرانەوەی کوردەکان لە سەردەمی سەفەوی و دواتر قاجاریدا هاتۆتە دونیا، تاوانی توندتر دەخەنە پاڵ: ناوی فەساد لەسەر ئەرزا!

دیارە کە کوردبوون و ژنبوون و باسکردن لە مافی تاک و ناسنامەی نەتەوەییت لە چاوی ئەم ڕێژیمەوە فەسادە لەسەر زەوی و ئێستە کە دۆخی شۆڕش گەرمتر بووە، ڕێژیمیش هارتر لەجاران حوکم دەدا.

ئەم کورتە ڤیدیۆیە حیکایەتێکی قووڵی پێیە بۆ گوتن، حیکایەتی نەتەوەیەک کە لە بندەستیدا ڕاگیراوە و بە هێزی نیزامیی پاڵپشتیکراو لەلایەن بیانییەکانەوە، خاکەکەی داگیر کراوە و هەروژم بۆ سەر ناسنامەی نەتەوەیی هێنراوە و لە ڕێگەی ئەم هرووژمەوە دەچێتە نێو ناخی هروژمبەر کە دەزگایەکی پان و بەرینی ئینکار و سەرکوت و حاشالێکردن و تواندنەوەیە لە ئێراندا کە دەیەوێ هەر ڕەنگ و سیمایەکی غەیرو ئەویتر بسڕێتەوە و ئوممەتی واحیدەی بە یەک زمان و یەک ئاڵاوە دروست بکا و بە چەواشەکاریش بڵێ کە ئەمە هەر هەمیشە وابووە و هەر وادەبێ!

دۆخێک کە لە ئێراندا زاڵە تەنیا دۆخی دەسەڵاتێکی سیاسیی سەرەڕۆ نییە کە دەیەوێ بە زۆرداری حوکم بکا. گەر تەنیا پرسەکە سیاسی بوایە و پرسی دەسەڵات و هێز بوایە، ڕەنگە دوای چەند دەیە سەرکوت و سەرکوتکاری، نەوەیەکی دیکە لەدایک بوایە و ملی بە زۆرەملێیەکانی دەسەڵات نەدایە و منداڵێک لە سەر شەقام هاواری بکردایە کە پاشا ڕووتە و ئیتر وەهمی هەتاهەتایی بوونی دەسەڵات دادەڕووخا و سیاسەت دەگۆڕدرا و سیما سیاسییەکانیش دەگۆڕدران.

بەڵام لە ئێراندا بە گۆڕینی سیاسەت و سیما سیاسییەکانیش لە سەردەمی مەشرووتەوە تاکوو ئێستا هەر دووبارە و دووبارە تۆتالیتاریزم دەژییەتەوەو سەر هەڵدەداتەوە.

مەشرووتەخوازان سەر دەکەون، دوایە حەمەعەلیشا کوودتا دەکا، دووبارە ڕادەپەڕنەوە بەدژی حەمەعەلی شا، ئەم جار سەید زیا کوودتا دەکا؛ هێشتا سەید زیا جێ نەکەوتوە ڕەزای می پەنج کوودتا دەکا. مەشرووتەخوازان سەرکوت دەکرێن و ڕەزا میرپەنج دەبێ بە ڕەزا شا! ڕەزا شا وەدەر دەنرێ و دوایە سەردەمی میلیکردن و

موسەدق دێ کەچی کودتا دەکرێ و حەمەڕەزا شا دێتەوە! ڕاپەڕین دژی حەمەڕەزا شا دەکرێ کەچی خومەینی دەستی بەسەردا دەگرێ! لەنێو خودی ڕێژیمدا باڵێک بەناوی ئیسلاحخواز پەیدا دەبن هەوڵی گۆڕینی سیاسەت دەدەن، بەڵام خامنەیی دەبێ بە نوێنەری خودا لەسەر ئەرز و هەموو کونجێکی وڵات دەتەنێ! دیارە کە لە ئێراندا پرسەکە سیاسەت و گۆڕینی سیاسییەکان نییە، بەڵکوو شتێکی دیکە لە ئارادایە کە دەبێ ئەوە چارەسەر بکرێ، بەڵام ئەو شتە چیە؟

لە شۆڕشی ژینادا، کە بە شەهیدکردنی کچەکوردێک لە پێتەختی وڵات دەستی پێ کرد، وەکوو گەردەلوولێک بە سەر شاخ و پێدەشت و چۆم و دۆڵ و شار و ناوچەی ئێراندا هەڵی کرد و زۆر شتی ئەم دیو و ئەو دیو کرد. هەتا چەند ڕۆژ پێش لەوە لە ناوەندی ئێران باسکردن لە کورد و بەلووچ و عەرەب و تورک و ... وەکوو پەراوێزی هەواڵێکی زۆر دوورەدەست بوو. بەڵام لەناکاو کوردستان بوو بە پێشەنگی خەبات و شۆڕش لە ئێران و تەنانەت لە تارانەوە بە حەسرەت و تامەزرۆییەوە چاو لە کورد و کوردستان دەکەن!

## چی گۆڕاوە و چی بەرەو گۆڕان دەچێ؟!

هەرجۆر ستەم و ستەمکاری و بێدادییەک، ڕەنگە بۆ ماوەی کاتی بەرژەوەندی و قازانجێک بۆ ستەمەکار و لایەنگرەکانی دابین بکا، بەڵا لە درێژماوەدا هەر ئەو ستەمە دەبێتە زنجیرێ و پێوەنێک کە ستەمکار و هاوپیاڵەکانی دەبەستێتەوە و دەیانکێشتە نێو زەلکاو. ستەم گەر فراوانتر بێ، زەلکاوەکەش فراوانتر و گەر بگاتە ئاستی پێناسە و ناسنامە و دابەشکردنی نێو نەتەوەکانی ژێر دەست، دەبێت هۆی زەلکاوێکی مێژووی کە دەربازبوون لێی دژوارتر دەبێ بۆ ستەمکار و دەستوپێوندییەکانیشی.

کاتێک کە لە تاراندا دەسەڵاتداران، کورد و تورک و بەلووچ و ئایین و توێژەکانی غەیرە پیاو و غەیرەفارس و غەیرەشیعەی ملکەچی ویلایەتی

فەقیهی بە ئەویتر و غەیرە ناو دەبەن و بە شایانی سەرکوتی دەزانن و خوێن و ماڵ و ژیان و لەشیان حەڵاڵ دەکەن بۆ هاوپیاڵەکانیان، پیاوی فارس یا پیاوی پێڕەوی ویلایەتی فەقیهی دونیایەک چێژ و سامان و دەسەڵاتداری دەبینێ کە دەتوانێ تێر چێژیان لێ وەرگرێ و قامچی بەدەست دادەگژێتە سەر هەموو ئەوانەی کە ویلایەتی فەقیهـ بە سووکیان پێناسە دەکا.

ئەم پێناسەیە نەک تەنیا ویلایەتی فەقیهیە بەڵکوو ڕێژیمی پاڵەویش هەمان پێناسەی هەبوو و بیرکردنەوەی ئێرانشەهریش هەمان پێناسەی هەیە؛ تەنیا جیاوازیی ئەوەیە کە ڕەنگە ئەوان ژن وەکوو ئامرازێ بۆ شاردنەوە و بەشاراوەیی چێژوەرگرتن چاوی لێ نەکەن بەڵکوو ژن وەکوو ئامرازێک بۆ بەکاڵاکردن و هێنانە سەر ویتیرین ببینن! جیاوازییەکەیان تەنیا لە شێوازی بەکاڵاکردنی ژندا بێ! ئەم ڕوانینە کۆلۆنیاڵیستیە، قازانجی کاتیی بۆ کۆلۆنیالیست و هاوپیاڵەکانی هەیە، بەڵام لە درێژماوەدا ئەوانیش دەخاتە نێو دۆخی بەهەدەردانی سەرمایە و ژیان و وزەوە و لەڕاستیدا کۆلۆنیاڵیزم وەکوو چاڵێکی لێ دێ کە ستەمکار و ستەملێکراو پێکەوە هەڵدەلووشێ و بەرەو خواریان دەبا.

لە دەورانێکەوە کە خەڵکی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و بەتایبەت خەڵکانی ئێران لەگەڵ مۆدێرنیزمی ئورووپاییدا ئاشنا بوون و بە تامەزرۆییە چاوی لێ دەکەن و لە مەشرووتە بەم لاوە هەوڵی بۆ دەدەن کە پێی بگەن تاکوو ئێستە چەندین ڕاپەڕین و شۆڕشی سیاسییان بەڕێوە بردووە و چەند جۆر حکوومەتیان تاقی کردۆتەوە، بەڵام چوونەوە نێو چاڵی وەیلی کۆلۆنیاڵیزم لەجێی خۆی بووە! هەموو هەوڵەکانیان تەنیا پەلەقاژە بووە و دووبارە چوونەتەوە خانەی سیفری تۆتالیتاریزم و سەرکوتکاری و ئازارچێشتن!

لە ئێراندا پێش لە هەموو وڵاتەکانی ناوچە شۆڕشی مەشرووتە هاتە ئاراوە و ویستیان ژیانی مۆدێرن بژین. لە ئێراندا پێش لە کۆرەی باشوور و تەنانەت ژاپۆنیش ویستیان بەرەو دونیای گەشەکردوو

هەنگاو بنێن، بەڵام ئێستە و لە ساڵی ٢٠٢٢ی زایینیدا لە ڕیزی وڵاتانی وەکوو سۆمالی و بۆرکینافاسۆدایە! هەرجارە و هەوڵ و ڕاپەرینی خەڵکی ئێران بە ناکامی ماوەتەوە و دووبارە ستەمکارێکی دیکە و ملهوڕێکی دیکە هاتۆتەوە سەرکار، چوونکە تێ نەگەیشتوون کە لە چاڵی وەیلی کۆلۆنیاڵیزمی نێوخۆییدا گیریان کردوە!

کۆلۆنیاڵیزم وای لێ دەکا کە بۆ چەوساندنەوەی نەتەوە ستەملێکراوەکان دۆخی ئاورتە لە وڵات حاکم بکا! هەروەک ئەوکات ڕەزاشا هێرشی کردە سەر نەتەوەکان یان حەمەڕەزاشا هروژمی بۆ سەر کۆماری کوردستان و ئازەربایجان برد یا خومەینی حوکمی جیهادی بە دژی کوردستان دەر کرد. دۆخی ئاورتە یانی بەرتەسک کردنەوەی ئازادی و دواتریش خنکاندنی ئازادی! دۆخی ئاورتە یانی وردە وردە هەرچی سامان و داهاتی وڵاتە هەزینەی هێزی نیزامی و سەرکوتکار بکرێ تاکوو مەترسیی ڕاپەرینی نەتەوە چەوساوەکانی پێ سەرکوت بکرێ! دۆخی ئاورتە یانی سوکایەکتیرکردن بە کەرامەتی مرۆڤەکانی نێو نەتەوە چەوساوەکان ئاسایی بکرێتەوە و دواتر خودی سووکایەتی بە کەرامەتی هەموو مرۆڤێ دەبێ بە باو و لە قۆناخی دواتردا سەرەڕۆ و ملهوڕی حاکم بە سانایی سووکایەتی بە کەرامەتی تەنانەت هاوپیاڵەکانیشی دەکا! وای لێ دێ حەمەڕەزا شا دەڵێ هەر کەس حیزبی ڕەستاخیزی قبووڵ نییە لە ئێران بچێتە دەر و خومەینی بە مونتەزیری دەڵێ سادەلەوح و خامنەیش بە ڕەفسەنجانی دەڵێ بەسیرەتی نییە!

ئەمە ئەو دەور و خولانەوە لە نێو بازنەدایە کە بە چاڵی کۆلۆنیالیزمی ناوی دەبەین و وای لێ دەکا دەسەڵاتی ملهوڕی کۆلۆنیالیستی لە ئێران بەردەوام پەنا بباتە بەر زلهێزێکی دەرەکی تاکوو چەک و دەزگای داپڵۆسینی پێ بدا و دەسەڵاتەکەی پێ ڕابگرێ! دەسەڵاتی ڕەزاخان بە چەک و ڕاوێژکاری ئینگلیسی بەپێوە بوو و دەسەڵاتی حەمەڕەزا شا بە چاوشینەکانی ئامریکا و دەسەڵاتی خامنەییش بە چەک و ئیتلاعاتی

پۆتینەوە لە ڕووسیە گرێ دراوە، دەنا بەرگەی شەوێک ناکا!


شۆڕشی ژینا لەم سەد ڕۆژەدا تەنیا ڕاپەڕینێک نەبوو کە خەڵک لە دەسەڵاتداران وەزاڵە هاتبن و دروشمی گۆڕینی دەسەڵاتدار بدەن، بەڵکوو شۆڕشێکە لە بیر و هزردا کە دەیـەوێ بازنەی داخـراوی کۆلۆنیاڵیزم بشکێنێ و ئێران لە چاڵی نەگبەتی دەربێنێ.

لە نێو هزر و بیری خەڵکی ناوەندنشیندا وایـان جێ خستبوو کە بەلووچ قاچاقچی و تیرۆریستە و تـورک نەزانە و کـورد کێوییە و عەرەب پێ پەتییە. بەڵام لە شۆڕشی ژینادا، تاران چاوی لە کورد و بەلووچ و تورک و عەرەب و ... هتدیە تاکوو هاوشانی وی بێتە مەیدان و نەک  هاوشان بەڵکوو بە پێشەنگی خۆی چاوی لێ بکا! ئەو کوردەی کە بە کێوییان دەزانی، ئێستە بۆتە پێشەنگیان و بە تامەزرۆییەوە چاو لە ئێرادەی شۆڕشگێڕیی دەکەن. لە تاران دروشم دەدەن گەر تاران ببێتە کوردستان، ئێران دەبێتە گوڵستان! ژن کە وەکوو ئامرازێک بۆ چێژوەرگرتن و شاردنەوە دەیانبینی، ئێستا بۆتە ڕێبەری شۆڕش و خۆپیشاندان! کۆلۆنیالیست کە  فەرهەنگی مەرگ و بەقەول شەهادەتی پێ شانازی بوو و دەیەویست هەموو کات خەڵک ئامادەبن گیانیان لێ بستێنرێ تاکوو وەلیی فەقیە و هاوپیاڵەکانی بمێنن، ئێستە دروشمی ژیانی بە دژ دەدەن!

ئەمانە نیشانەکان و سەرەتاکانی شۆڕشێکی قووڵترن کە زۆر گۆڕانی دیکە بەدوای خۆیدا دێنێ.

شۆڕشی ژینا بەڕێوەیە تاکوو وەکوو گەردەلوولێک، کۆلۆنیالزم تێکەوە بپێچێ و نەتەوەکان بە فارس و کورد و تورک و عەرەب و بەلووچ و تورکمەن و هەمووانەوە لە چاڵی نەگبەتیی کۆلۆنیاڵیزم دەربێنێ و بەرابەریی نێو نەتەوەکان بکاتە بناخەی پێکەوەژیان. مرۆڤەکان وەکوو مرۆڤی هاوتا و یەکسان ببینن و ژن و پیاو یەکسان بن نەک ژن کاڵایەک بێ بۆ شاردنەوە یان بۆ ویتیرن!

شۆڕشی ژینا گەر لە داڕووخانی کۆلۆنیاڵیزمدا سەرکەوتوو بێ، دەبێتە سەرباشقەیەک بۆ ناوچەکەش و وڵاتانیتریش دەگرێتەوە و دەتوانێ دەسپێکی کۆتاییی ناسەقامگیریی هەتاهەتایی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستیش بێ.



# زانکۆکان سەنگەری ئاوەدانی شۆڕشی ژینا

هێمن بایەزیدپوور

لە کاتێکدا کە ١٠٠ ڕۆژ لە دەستپێکی نوێترین ڕاپەڕین لە کوردستان و ئێران تێپەر دەبێت کە بە بڕوای کارناسان و توێژەرانی کۆمەڵناسی بیانی و نێوخۆیی ئەو ڕاپەڕینە وەک ڕێنێسانسێک دەتوانێ پێناسە بکرێت کە لە دوو ئاستی فۆڕم و نێوەڕۆک کۆمەڵگەی خستۆتە ئاستێکی نوێیەوە کە سەری گەڕانەوەی نییە و دەتوانێ سەرەتای شۆڕشێک بێت کە بنچ و بنەمای کۆماری ئیسلامی لە داهاتوودا تێک دەدات و دەیرووخێنێت. لەو وتارەدا حەول دراوە کە بنەما سەرەکییەکانی ئەو ئاخێز یان ڕاپەرینە پێناسە بکرێت. جێگای ئاماژەیە کە سەرنجی سەرەکی وتارەکە لەسەر خوێندکاران و زانکۆکان دەبێت.

بە چاوخشاندنێک لە دروشمی سەرەکیی ئەو شۆڕشە ئەو ڕاستییەمان بۆ دەردەکەوێت کە ئەو شۆڕشە، شۆڕشێکی ئیجابییە، لە شۆڕشی پێشووی ئێراندا درووشمەکان یان داخوازییەکان تەنیا

لەسەر ئەوە بوون کە ڕێژیمی موستەقەر بڕوات و هیچ ڕوانگەیەکی سەرەکی لەسەر ئەوەی ڕێژیمی جێگرەوە دەبێت چ تایبەتمەندییەکی ببێت نەبوو. دیارە ئەو ڕوانگەیە کوردستان ناگرێتەوە و لە کوردستان ئەو دۆخە جیاواز و داواکارییەکان ڕوون بوو و گەلی کورد دەیزانی چی دەوێ. بۆیە هەر لە سەرەتاوە شوێن کۆماری ئیسلامی نەکەوت و وێنەی خومەینیی خوێنمژی لەنێو مانگدا نەدیت، بەڵام ئەوەی کە لە دەرەوەی کوردستان دەبیندرا سەراسەر پێچەوانەی کوردستان بوو.

ژن، ژیان ئازادی وەک سێ وشەی بەڕواڵەت کورت بەڵام بە نێوڕۆکی قووڵ کە مانیفێستی شۆڕشەکە پێناسە دەکات، بەو مانایەیە کە خەڵک دەزانن چ جۆر حوکمڕانی و دەسەڵاتێکیان دەوێ یان تایبەتمەندییەکانی یان ئەو ئارمان و ئیدەئالانە بۆ داهاتوو دەبێ چی بێت. ئەمانە خاڵی جەوهەریی ڕاپەڕینی ئەو ڕۆژانەن و، ئەو دەستکەوتە بە بەراوەرد لەگەڵ شۆرشی پێشووی ئێران لەگەڵ ئەوەی کە چین و توێژ و نەتەوە جۆراوجۆرەکانی ئێران تێیدا بەشدار بوون، بەڵام خاڵی جەوهەری ون بوو، و ئیدەئاڵ و بەرنامە و داواکارییەکانی ئەو شۆڕشە بۆ پاش ڕووخانی ڕژیمی پاشایەتی بوو. بەڵام لە ئێستادا بەرابەری ڕەگەزی، پلۆرالیسم، ئازادی و یەکسانی و دادپەروەریی کۆمەڵایەتی وەک تەوەرگەلی سەرەکیی ئەو شۆڕشە ئەوینی دروستکردنی ئێرانێکی نوێ دەدات، ئەوەی کە ئێستا لە کوردستان و ئێران ڕوو دەدات نەتەنیا لە مێژووی ٤٣ ساڵەی کۆماری ئیسلامی بەڵکوو مێژووی هاوچەرخی ئێران و ڕۆژهەڵاتی ناوین بێوێنەیە.

ئەو ڕاپەرینە، ڕاپەرینی ژنان نییە بەڵام ژنان پێکهێنەری سەرەکیی ئەو شۆرشەن، هەر ئەو تایبەتمەندییەش شۆڕشی ئەو ڕۆژانەی ئێران لە چوارچێوەی ڕۆژهەڵاتی ناویندا لە سەدەی ڕابردوو بێوێنە دەکات؛ ئەوەش بۆ ئەوە دەگەرێتەوە کە یەکەم شۆڕشە کە بەرابەریی ڕەگەزی پێناسەی سەرەکییە، ئەوە لە کاتێکدایە کە لە ناوچەکەدا ئەو ئاستە لە تێگەیشتوویی سیاسی بێوێنەیە. خاڵی سەرەکیتر

ئەوەیە کە پێکهێنەرانی سەرەکی ئەو شۆڕشە گەنجن، کە لە ئێران بە دەیەی هەشتایی یان چینی Z ناسروان کە لە باری کۆمەڵناسی و سایکۆلۆژیکەوە تایبەتمەندیی خۆیان هەیە، وەک بوێری کۆڵنەدان و وزە و.... چینێک کە هیچ دڵخۆشییەکیان بە کۆماری ئیسلامی نییە و بە هیچ شێوازێک خۆیان لە پارادایمی ئایینیی کۆماری ئیسلامیدا نابیننەوە. بەشداری هەموو چین و توێژەکانە لەو شۆڕشە، جیاوازیی تایبەتی لەگەڵ ئاخێزەکانی پێشتر لە ساڵانی ڕابردوو لە ئێران هەیە، داواکاریی سیاسی، کۆمەڵایەتی و ئابووری تێدایە، شۆڕشێکە لەسەر ئەساسی یەکسانیخوازی لە ئێران.

ئاکامێکی تری شۆڕشەکە یەککگرتوویی و یەکدەنگی لە چوارچێوەی سەرانسەری ئێران و تەنانەت درەوەی ئێرانی کە دیاسپۆراشی گرتۆتەوە. ئەو ڕادەیە لە یەکگرتوویی و یەکدەنگی لەنێو کۆمەڵانی خەڵک لە دەرەوەی وڵات و ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی لەگەڵ ئەوەی دەبێ لە داهاتوودا کاری زیاتری بکرێت و پێویستی شۆڕشەکە بەو یەکگرتووییە زۆر لەوەی هەیە زیاترە، بەڵام تا ئیستاشی لەگەڵ بێت ئەوە دەستکەوتێکی مێژووییە، هیچکات تا ئەو ڕادەیە ئێرانییەکان پێک نزیک نەبوونەتەوە و ئەوە لە کاتێکدایە کە کۆماری ئیسلامی هەر لە سەرەتای هاتنەسەر کاری خۆی حەولی دا بە لێکدوورکردنەوەی کۆمەڵگە، درووستکردنی خودی و ناخودی و ئەتۆمیزەکردنی خەڵک و درووستکردنی بێمتمانەیی لە خەڵکدا حەولی دابوو جیاوازی لەنێو خەڵکدا درووست بکات، کۆماری ئیسلامی تا ئەو ڕادەیە لە لایەن کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی چ لە نێو بیری گشتی وڵاتانی دەرەوە چ لەنێو هێز و لایەنە سیاسییەکان نەکەوتۆتە ژێر گوشارەوە، دیارە ئەوەش دوو هۆکاری هەیە. دروشمی ئازادیخوازانە و مودێرنی شۆڕشەکە، و هەروەها کوشتنی بێڕوحمانەی مناڵان و ژنان لەلایەن کۆماری ئیسلامی کە لەگەڵ ڕەفتارەناموتەعارفەکانی کۆماری ئیسلامی لە ساڵانی ڕابردوو چ لە ڕووی تێکدانی ناوچەکە و چ نەسازان لە کەیسی

ئەتۆمی و بەشداری لە شەری ڕووسیە و ئوکراین، بەرژەوەندییەکانی ڕۆژئاوا و خەلکی خستۆتە یەک ڕێڕەوەوە.

تایبەتمەندییەکی سەرەکی تری ئەو شۆڕشە وەک نێوەرۆکی سەرەکی ئەو بابەتە زانکۆکان و خوێندکارانی زانکۆکانن کە وەک خوێن و وزەی شۆڕش لەو ماوەیەدا پێناسە دەکرێن. کۆماری ئیسلامی لە ساڵانی ڕابردوو حەولی دابوو زانکۆکان لە گۆڕانکارییە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان تەریک بخات و لەو ماوەیەدا حەولی دابوو لە ڕێگەی دەستبەسەرکردن یان خود دەرکردنی خوێندکارانی پێشەنگ لە زانکۆکان، لەنێوبردن و داخستنی ڕێکخراوە سەربەخۆکان لە زانکۆکان و پێکهێنانی ڕێکخراوەگەلی دەستکرد و حکوومەتی تێکەڵکردن و ئاراستەکردنی داخوازییەکانیان و چوارچێوەدارکردنیان و بەجۆرێک ئاراستەی سێنفییان پێ ببخشێت. لەلایەکی ترەوە بە زۆرکردنی فیزیکیی زانکۆکان و خۆجێیی کردنییان لە قورسایی زانکۆ گەورە و پێشەنگەکان کەم بکاتەوە، مەخابن تا ڕادەیەکیش سەرکەوتوو بوو؛ بەڵام شۆڕشی ژینا وەک هەناسەیەک دووبارە خوێندکاران و زانکۆکانی لە پەراوێزەوە خستەوە نێوەرۆکی کۆمەڵگە و پاشان پێشەنگی ئاخێزەکە.

ئەوەی لە زانکۆکان لە ماوەی دەستپێکی ئەو شۆڕشەدا گوزەرا بێوێنە بوو. زانکۆکان ڕۆڵی سەرەکییان لە شۆڕشی گەلانی ئێران و پاشان لە دەیەی هەشتا و نەوەدی هەتاویدا گێڕا، لە ساڵی ٧٨ ی هەتاوی یەکەم بزووتنەوەی بەرینیان پاش دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی وەڕێ خست و پاشان لە ساڵی ٨٨ و بزووتنەوەی سەوز دەوری سەرەکییان بوو، بەڵام پاش ئەوە لە ساڵانی ڕابردوو دەنگ و ڕەنگی خوێندکاری لە ئاستی ئێراندا زۆرتر دەنگێکی داخوازی تەوەر بۆ بەشێک لە مافە سێنفییەکانیان دەگەڕاوە و کەمتر سیاسیی بوو، بەڵام لەگەڵ دەستپێکی شۆڕشەکە زانکۆکان کەوتنە ڕیزی یەکەم یان خود سەنگەری یەکەمی شۆڕشەکە، تایبەتنەندییەکانی زانکۆکان و خوێندکارانی زانکۆ دەتوانێ

لە چەند بەشدا ئاماژەی پێ بکرێت:

**بەشداریی خوێندکارانی زیاتر لە ۸۰ زانکۆ لە شۆڕشی ژینادا**

لە ماوەی ۱۰۰ ڕۆژی ڕابردوو زۆربەی زانکۆکان تەنانەت زانکۆ پزشکییەکان کە لە ئاخێزەکانی پێشووتر کەمتر بەشدار دەبوون لە مەیداندا بوون و بەشداریی فیزیکیان بووە. لەگەڵ ئەوەی زانکۆکان لە سەرەتای شۆڕشەکەوە کەوتوونەتە بەر پەلاماری هێزە سەرکوتکەرەکان و هێرشیان کراوەتە سەر، دەستبەسەرکراون و بریندار و چەن کەس گیانیانیشیان بەخت بووە؛ بەڵام تا ئەوڕۆکەشی لەگەڵ بێت بۆ یەک ڕۆژیش نەبووە کە بە شێوازگەلی جۆراوجۆر ئاکسیۆنیان بەڕێوە نەبردبێت و دەنگیان کز بووبێت.

**ئاوانگاردبوونی زانکۆکان لە درووشم و داخوازی**

ئەوەی کە لە زانکۆکان لەو ڕۆژانەدا بەڕێوە دەچێت نەتەنیا بەشداریی مەیدانی بەڵکوو پێشرەوبوون و پێشەنگبوون لە شۆڕشەکەیە. خولقاندنی زۆربەری درووشمە ڕادیکاڵەکانی سەر شەقام کە لەلایەک ساختارشکێنەر و لەلایەک داهاتووتەوەر و خەسارناسانەیە. لە زانکۆکان بوو کە درووشمی ڕادیکاڵی دژ بە ڕێبەری کۆماری ئیسلامی خولقێندرا و لە سەر زاری خوێندکارانی زانکۆی شەریفی تاران وەک یەکەم زانکۆی ئێران لە بواری زانستییەوە بەرز کرایەوە.

**تێکدانی نەزمی ڕەگەزی و ئیدئۆلۆژیکی کۆماری ئیسلامی لە زانکۆکان**

یەکسانی ڕەگەزی وەک داخوازییەکی سەرەکی کە خۆی لە درووشمی ژن، ژیان ئازادیشدا دەبینێتەوە بۆ یەکەم جار لە تێکەڵبوونەوەی خوێندکارانی کچ و کور لە زانکۆکان لە سێلفی خواردن خۆی بینییەوە. ئەوەش وەک یەکەم نموود یان ئاماژەی بەکردەوەکردنی ئەو درووشمە لە کۆمەڵگەدا پێناسە دەکرێت، ئەوە لە کاتێکدایە کە کۆماری ئیسلامی

لە ڕابردوودا خەونی لەیەک جوداکردنەوەی خوێندکارانی لە پۆلەکانی خوێندنیشدا دەبینی.

**بەردەوامبوونی خۆپیشاندانی خوێندکاران**

ئەگە شۆڕش وەک پرۆسەیەک پێناسە بکرێت و زۆرجار ڕەنگە بەشداریی مەیدانی خەڵک لە شەقامەکان بۆ ماوەیەک کز و لاواز بووبێت، بەڵام ئەو تایبەتمەندییە لە زانکۆکان زۆر کەمتر بیندراوە. ئەوەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە خوێندکاران ترسێکیان لە هەزینەدان بۆ ئاخێزەکە نییە لە ساڵانی ڕابردوو زۆربەی خوێنکاران پاش تەواوبوونی خوێندن نەیانتوانیوە جەزبی بازاری کار بن و هیچ هیوایەکیش بۆ داهاتوو لەژێر سێبەری کۆماری ئیسلامی بۆ دۆزینەوەی کارێک بۆیان نییە، زیاتر لە ٤٠ لەسەدی خوێندکاران بە پێی ئامارەکانی کۆماری ئیسلامیش لە حەولی کۆچ بۆ دەرەوەی ئێرانن و کۆماری ئیسلامی لە پلەی دوویەمی ڕێزبەندی کۆچی بیرمەندان لە ئاستی جیهان‌دایە بە واتایەکی تر بۆ خوێندکاران هیچ داهاتوویەک لە ئێراندا نییە.

ئەوەی لە کۆتاییدا دەبێت ئاماژەی پێ بکرێت ئەوەیە کە ڕەنگە شۆڕشی ژینا تا گەیشتن بە ئاکامی سەرەکیی خۆی کە لەنێو چوونی کۆماری ئیسلامییە هێشتا بە ئاکام نەگەیشتبێ، بەڵام ئەوەی تا ئەوڕۆکە بەدەست هاتووە بێوێنەیە. کۆماری ئیسلامی ڕەنگە بوونی فیزیکی خۆی بەڕواڵەت ڕاگرتبێ بەڵام لە مێنتالیتەی کۆمەڵانی خەڵکدا ١٠٠ ڕۆژە لەنێو چووە.

# ئینقلابی ژینا و ئیسقلابی مەهسا

ژیوار ڕەسووڵی

جیاوازییەکە لە «مەهسا» و «ژینا»-وە دەستی پێ کرد، پێداگریی گوتاری کوردی لە ژینابوونی ژینا پرۆسەی بەردەوامبوونی شۆڕشی لە کوردستان بە شوناسی کوردی گەرەنتی کردەوە. ژینا نوێکردنەوەی پەیمانی نەتەوەیەک لەگەڵ بەها شوناس‌تەوەرەکانی بوو، «ژینابوون» و «مەهسانەبوون» پرسیارێکی سادە و داخوازییەکی سادەتری نەتەوەیەک بوو، بەڵام هەر ئەو پرسیار و داخوازییە سادەیە بۆ ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران، ئێرانشاری و باوەڕمەندانی یەک خاک و یەک نەتەوە هێندە ئاڵۆز و دژوارە کە تاکوو ئەم چرکەساتەش خۆی لێ نادەن.

«ژینابوون» هەوڵدان بۆ کێشانەوەی ڕوخساری خۆت بەدەستی خۆتە، جوان یان ناشیرین، باش یان خراپ بتوانی وێنە و وێنای خۆت بنەخشێنی. «مەهسانەبوون» ناڕەزایی دەربرین بەرانبەر ئەو گوتارەیە کە ئەویتر پێناسەت بکات، بۆ ئەوەی تۆ عەشیرە بیت، قەوم بیت یان گرووپێکی زۆر سادەی کۆمەڵایەتی. «ژینابوون»، دژایەتیکردنی مەهسا وەکوو ئۆبژەیەکی مێژوویی، کولتووری و کۆمەڵایەتیی نییە، بەڵکوو

سەنگەرکردن لەو سوژەیەیە کە لەپشت مەهسا خۆی حەشار داوە و نایەوێ ژینا وەکوو سوبژە و تەنانەت ئۆبژەیەکیش دەربکەوێت.

پێداگری لەسەر مەهسا بوونی ژینا لەلایەن ئێرانییەکان دیاردەیەکی مێژوویی کۆن و هاوچەرخیشە، پرسە کەونارەکەی لێ دەگەڕێین، سەرەتای ئەو پێداگرییە لە سەردەمی هاوچەرخ بۆ ساڵی ١٩٣٥ دەگەڕێتەوە کە ڕۆژنامەی نیۆیۆرک تایمز نووسی: «پێرشیا لەسەری ساڵەوە چیتر پێرشیا نابێت.» هەر واشی لێ هات و بە فەرمانێکی دیپلۆماتی پێرشیا نەما و ئێران وەکوو بوونێکی نێودەوڵەتی ڕاگەیاندرا. بەمشێوەیە لەپێناو ئێراندا نەتەوەیەک بەناوی پێرشیا یان فارس لەنێو برا. ئێران هێندە گەورە کرایەوە کە کەسیان باسیان لەو ژینۆسایدە گەورەیە نەکرد کە بەر لەهەموو نەتەوەکان لەدژی نەتەوەی مێژوویی فارس کرا. جگە لە فارسەکان، کورد، عەرەب، بەلووچ، تورک و کاسپییەن و هتد لەپێناو ئێراندا لەدار دران، بەڵام «ژینابوون» دەریخستەوە کە جگە لە فارس، نەتەوەکانی دیکە هێشتا لە هەموو ئاست و پێناسەیەکدا زیندوون.

«مەهسابوون» بۆ ئێرانییەکان و «ژینابوون»ی کوردستانییەکان، تەنیا پێکدادانی دوو نەتەوەی مێژوویی یان شەڕی سوژەکان نەبوو، کە تێیدا جارێکیتر سەلمێندرایەوە کە سوژەی کوردی چەندە بەهێزە و هەموو هەوڵەکانی بۆ ئۆبژەکردنی نەتەوەیەکی مێژوویی-سیاسیی جگە لەوەی هیچ سوودێکی بۆیان نەبووە، ئێرانشارییە مەندیلبەسەر و کراواتلەملەکانی لە بازنەیەکی دووپاتەی ئیستیبدادا هێشتۆتەوە، بە گوتنێکی دیکە جگە لەوەی ئێرانەکە بۆ نەتەوەکانی دیکە بووەتە زیندانێکی گەورە، هاوکات ئیستیبدادیش لەدووپاتەیەکی بەردەوامی مێژوویدا دەست و پێی خۆشیانی بەستووە، بەکورتییەکەی «مەهسابوون» بۆخۆی و بۆ ژیناش هەر زیندانی بەدیاری هێناوە.

ئەو دوو سوژە جیاوازە، دوو جیهانبینی سیاسی و کۆمەڵایەتی و بگرە دوو تێڕوانینی بۆ شۆڕشیشی دەرخستەوە. بکەرانی شۆڕشی ژینا لە بکەرانی مەهسا ئەمینی جیاواز بوون، گوتاری ئەو دوو

بەرەیە لەیەک ناچن و، میکانیزمە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانی ژینا لەگەڵ مەهسا جیاوازن. جیاوازییەکە بە ڕادەیەکە کە دەتوانین وەکوو شۆڕشی ژینا و بزووتنەوەی مەهسا ناوی ببەین. بزووتنەوە ئەگەر بە «جنبش»-ی فارسی و، شۆڕش بە «انقلاب»-ی فارسی دابنێین، ئینجا جیاوازیی نێوان دونیای ژینا و مەهسا ئاسمان و زەوییە.

**ئیسقلابی مەهسا– Refolution**

لێرەدا بزووتنەوە بە جنبش (Movement) وەردەگرین. لەبنەمادا بزووتنەوەکان کۆمەڵایەتین و، پێداگری و بەربڵاوییەکەیان وا دەکات لە قۆناغێکدا بە ئاراستەیەکی سیاسی و هەندێک کات بەرەو شۆڕشیش بچن.

هەرکاتێک کۆمەڵگە دژبەیەکی، بۆشایی و کەموکوڕی تێدابێت، ئەوا کۆمەڵێک مرۆڤ بۆ چارەسەر و زاڵبوون بەسەر ئەو سێ گرفتە لە دەوری یەکتر کۆ دەبنەوە و نارەزاییەتی دەردەبرن. بەڵام تەنیا خودی ناڕەزایەتی دەربرین، ناتوانێ تەنانەت بزوتنەویەکیش پێکبهێنێت چ ئینجا بیەوێت بەرەو شۆڕشی ببات. یەکەم پێداویستی بزووتنەوە گوتارە کە دەبێ لەسەر بنەمای پێناسەی دۆخی ئێستا، هۆکارەکانی دروستبوونی ئەو دۆخە و وێناکردنی دۆخی گونجاو و کێشانەوەی میکانیزمەکانی پێگەیشتنی، خۆی دابڕێژێتەوە. یەکێکیتر لە پێداویستییەکانی بزووتنەوە هەبوونی ڕێبەر و ڕێکخستنە بۆ ئەوەی بتوانێ داخوازییەکان تیۆریزە، کەنالیزە و ئینجا پراکتیزە بکات.

لە هەموو ئەو خالانەش گرنگتر بزووتنەوەکان پێویستیان بە ژینگەیەکی سیاسی هەیە کە بتوانن تێیدا چالاکی بکەن، هەتا سەرکوت هەبێ، بزووتنەوەکان ناتوانن لەحاڵەتی تیۆیزەبوون بەرەو تەنانەت کەنالیزەبوونیش بچن، هەربۆیە یان دەبێ حکوومەتێکی دیموکرات لەئارادا بێت، بۆ ئەوەی ڕێگەی ناڕەزاییدەربرینت پێ بدات، یانیش دەبێ حکوومەت لە دۆخێکدا بێت کە ئیمکان و توانای سەرکوتی نەمابێت.

«مەهسابوون» لە گشتییەتی ئێراندا بەشێک لەو تایبەتمەندییانەی تێدایە، بەڵام بەشێکی بەرچاویشی تێدا بەدی ناکرێت. ناڕەزاییەکان بۆ مەهسا لەبەردەم نەخۆشخانەی کەوسەری تاران دەستی پێ کرد، بەڵام ناڕەزاییەکان بۆ ژینا لە گۆڕستانی ئایچی دەستی پێ کرد. دروشم و داخوازییەکانی بەردەم نەخۆشخانەی کەوسەر ئەگەرچی سۆزدارییەکی مرۆڤانەی بۆ ژینا تێدابوو، بەڵام هەڵگری داخوازی لابردنی حیجاب و بەکورتییەکەی گەشتی ئیرشاد بوو. بەڵام یەکەم دروشمی سەر گۆرستانی ئایچی «کوردستان گۆرستانی فاشیستان» بوو. بەو دوو نموونەیە ویستم بڵێم کە گوتاری بزووتنەوەی مەهسا خۆی لە نەهێشتنی گەشتی ئیرشاددا دەبینییەوە و ئەوەش ئەگەر لە حیجابدا کورتی بکەینەوە، دەتوانین بڵێین بزووتنەوەی مەهسا تەنیا داواکاری نەهێشتنی حیجاب و لابردنی گەشتی ئیرشادە، هەر ئەو داخوازییەش وادەکات کە نەتوانن دروشمی ژن ژیان ئازادی وەکوو گوتارێکی ڕادیکال بۆ بزووتنەوەیەکی لانیکەم کۆمەڵایەتی بەکاربهێنن و لە قاڵبی دروشمدا دەیهێڵنەوە. بەو مانایەی کە تەنیا داخوازیی ژن لابردنی حیجاب نییە و لانیکەم نابێ هەر ئەوە بێت. بەڵکوو دەبێ داوای دادپەروەری و یەکسانی و ئازادی بێت کە هەم ئازادیی حیجاب لەخۆی دەگرێت و هەمیش دەرگا بۆ بزووتنەوەیەکی گشتگیرتر دەکاتەوە. بۆ مەسەلەی ژیانیش هەر وایە، گرێدانی ژیان بە ژن خۆی هەڵگری بارێکی سۆزداری و لە گەشبیانەترین و ڕادیکاڵترین حاڵەتدا بزووتنەوەیەکی فیمینیستی لێ دەکەوێتەوەو ناتوانێ هەوێنی بزووتنەوەیەکی گشتگیری کۆمەڵایەتی بێت، هەربۆیە کاتێک ژن و ژیان دەتوانن ببنە گوتار کە خۆیان لەسەر بنەمای ئازادی بەبێ پێشمەرج پێناسە و تیۆریزە و پراکتیزە بکەن. لەو حاڵەتەدایە کە «ژن ژیان ئازادی» بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتیی گشتگیری لێ دەکەوێتەوە و جا خودی ئەو بزووتنەوەیەش شۆڕش بەمانای ڕیڤولەیشنەکەی نییە.

گرفتێکی دیکەی بزووتنەوەی مەهسا یان «مەهسابوون» لە لاوازیی پاساو و بەراوردە مێژووییەکانە کە ئێرانییەکان لێی دەکەن. لە

ڕوانگەی ئێرانییەکان بزووتنەوەی مەهسا ناکۆکیی قووڵی لەگەڵ هێزە ئایدیۆلۆژییەکانی نێو دەسەڵات هەیە، پاشەکشێکردن لە حیجابیش هەڵوەرینێکی زۆری هێزە ئاینییە توندئاژۆکانی لێ دەکەوێتەوە. ئەو پێشفەرزەشیان هەیە کە ئەگەر ڕێژێم گەشتی ئێرشاد وەلابنێ و تەنانەت حیجاب ئازاد بکات، لەو شوناسەی دەدات کە لە سەری دامەزراوە، ئەوەش بە ڕووخانی سیستەمی کۆماری ئیسلامی ئێران ناو دەبەن. بەڵام ئەوبۆچوونە زۆر گەشبینانەیە، چوونکە کۆماری ئیسلامیی ئێران و خودی مەزهەبەکەش بەشێوەیەک لاستیکییە کە دەتوانێ لەپێناو پاراستنی دەسەڵاتی سیاسی دەیان تەقییە بکات، خۆشیان نایشارنەوە کە پاراستنی نیزام لە ئەوجەبی واجیباتە و زۆر لە پاراستنی بەها مەزهەبییەکانیان گرنگترە. جگە لەوەش هەر لە سەرەتای دەستبەکاربوونی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە نێوخۆی سیستەمیشدا ڕای جیاواز لەسەر شێواز و کارکردی گەشتی ئێرشاد هەبووە. لەوانەش گرینگتر و بەرچاوتریش هەر لە کابینەی مەحمود ئەحمەدی نەژادەوە هەر لە نێوخۆی سیستەمدا قسەوباس لەسەر حیجاب هەیە و گەیشتووەتە نێو دیبەیتی هەڵبژاردنەکانی سەرۆککۆماریش. تەنانەت لەنێو خودی بناژۆخوازەکاندا ئەو باسە هەیە و خۆیان بەسەر دوو بەرەی ئازادکردنی حیجاب و پێداگری لەسەر قەدەغەکردنی دابەشبوونە. ئەوەش دەری دەخات کە وازهێنان لە حیجابی زۆرەملێ لەکاتێکدا کە ببێتە تاکە خواستی نارازیان بۆ ڕێژێم کارێکی زۆر دژوار نییە، هەر وەکوو لە کاتی بانگەشەکانی هەڵبژاردن و ڕێورەسمی ناشتنی قاسم سولەیمانی وازیان لە حیجاب هێنا، دەتوانن بۆ هەمیشەش وازی لێ بێنن.

ڕێگرییەکی دیکەی بزووتنەوەی مەهسا بۆ ئەوەی ببێتە شۆڕش ئەوەیە کە خۆی لەگەڵ نارەزاییەکانی چڵ ساڵی ڕابردوو بەراورد دەکات. سەردەمی ئیسلاحات ١٣٧٦، بزووتنەوەی سەوز ١٣٨٨، خۆپێشاندانەکانی ١٣٩٦ و ١٣٩٨ تاکە پێوەری خۆپێناسەکردنی بزووتنەوەی مەهسان. ئەوە زۆر ڕاستە کە ئەو سەد و چەند ڕۆژە

له هەموو ڕووەوە لەو خۆپیشاندانانە ناچێت، بەڵام پێوەر و میترێکی گونجاو نییە بۆ ئەوەی بزووتنەوەکەی پێ هەڵسەنگێنیت. ئیسلاحات بۆ دەربازکردنی سیستەم لە دوورەپەرێزیی ئێران لەدوای تیرۆری میکۆنۆس بوو، بزووتنەوەی سەوز داواکردنی دەنگەکانی نێو خودی سیستەم بوو، دوو خۆپیشاندانەکەی دیکەش داخوازی ئابووریيان هەبوو. بەڵام بزووتنەوەی مەهسا نە هی لایەنێکی سیاسییە، نە داخوازییەکی دیاریکراوی ئابووری هەیە. ئەو دوو تایبەتمەندییە ڕووی ئەرێنی و نەرێنییان هەیە. ڕووە ئەرێنییەکەی بەراورد بە خۆپیشاندانەکانی پێشوو ئەوەیە کە گوێرایەڵی هیچ هێزێکی سیاسیی نێوخۆیی و بەدیاریکراوی ئیسلاحات و سەوزەکانیش نابێت، هاوکات بەشۆڕشی هەژارەکانیش نەناسراوە کە بە چاوی بەستراو داوای فریادڕەسێکی ئەهوورایی بکات. بەڵام ڕووە نەرێنییەکانی کاریگەرترن، نەبوونی حیزب یان ڕێکخراوی سیاسی ڕێگەی ڕێکخستن و ئاراستەکردنت لێ دەگرێت، بزووتنەوە بەبێ بزوێنەری ئاگا هەرگیز ناگاتە ئەنجام و، نارازییەکان زۆر کات ناچنە نێو تونێلێکەوە کە ئەودیوی تونێلەکە دیار نەبێت، ڕێکخراوی سیاسی و ڕێبەرایەتی ئەرکی نیشاندانی ئەوبەری تونێلەکەیان لەسەرشانە، بەبێ ئەوە نارازییەکان زووتر بێ هیوادەبن و، زووتریش دڵ بە بەڵێنە لانیکەمییەکانی سیستەمی حاکم خۆش دەکەن.

گشتگیرنەبوون، نەبوونی ئایدیۆلۆژیا، گوتار، میکانیزمی دیاریکراو و ڕێبەر یان ڕێبەرایەتی وامان لێ دەکات کە بەپارێزەوە باس لە شۆڕشبوونی بزووتنەوەکەی مەهسا بکەین و، لە گەشبینانەترین حاڵەتدا دەتوانێ ئیسقلاب یان چاکسازی-شۆڕش بێت کە بە ڕیفۆلەیشن ناسراوە. یەکەمجار دەستەواژەی ڕیفولەیشن لەلایەن تیمووتی گارتن ئاش، مامووستای زانکۆی ئاکسفۆرد بۆ بزووتنەوەکانی ئورووپای ڕۆژهەڵات لەدژی سیستەمی کۆمۆنیستی بەکارهێندرا. بەپێی تیۆرییەکەی ئاش ڕیفۆلەیشن بە کۆمەڵێک گۆڕانکاریی سیاسی، کۆمەڵایەتی و ئابووری دەگوترێت کە تێکەڵەیەک لە تایبەتمەندییەکانی شۆڕش و چاکسازین. ڕووە چاکسازییەکەی ئەوەیە کە داخوازییەکان

لە نێوخۆی سیستەم بە میکانیزمی ناتوندوتیژ کاریان بۆ دەکرێت، هاوکات لە جێگەی ڕووخاندنی سیستەمی پێشوو، لەسەر هەمان بنەما بیر لە دروستکردنی سیستەمێکی دیموکراتی دەکاتەوە. ڕووە شۆڕشبوونەکەشی لەوەدایە کە داواکارییەکان هەندێک کات ڕادیکاڵن و داخوازی خەڵکانێکیشن کە لە دەرەوەی سیستەمی حوکمڕانیدان.

بزووتنەوەی مەهساش وەکوو زۆربەی ڕیفولەیشنەکان زۆرتر پێداگری لەسەر گۆڕانکاری لەسەرەوەڕا دەکات و پێداگرییەکی یەکجار زۆر لەسەر تووندوتیژی‌نەکردن دەکاتەوە، میدیای ڕۆژئاوا بەکار دەهێنێت، هەوڵ بۆ ڕازیکردنی وڵاتانی جیهان بۆ کاریگەریدانان لەسەر ڕێژیم دەکات، ئەو ئیلیتەی کە دەستیشی بە دەسەڵات ڕادەگات بەردەوام ئامادەیی خۆی بۆ گفتوگۆکردن لەگەڵ دەسەڵاتداران دەردەبرێت، بۆ ئەوەی لەو ڕێگەیەوە هاوکات لەگەڵ ئەوەی گوشار بۆ ڕژێم دەهێنێت، لەسەر مێزی گفتوگۆکردندا ئیمتیازی لێ وەربگرێت. خاڵی هەرە لاوازی ڕیفولەیشنەکان ئەوەیە کە هیچ ئیدەیەکی نوێی بۆ دوای شۆڕش یان بە ئەنجامگەیشتنی بزووتنەوەکە نییە و، گێڕانەوەیەکی لۆکالی لە ئیدە و میکانیزم و ئەزموونەکان هەیە.

بەو پێناسانە ئێرانییەکان کە باوەڕیان بە مەهسابوونی ژینا هەیە، بەشێکیان لە نێوخۆی ئێران وەکوو ئیسلاحتەلەب و سەوزەکان پێداگرییەکی زۆر لە توندوتیژی‌نەکردن دەکەن، خۆیان بە پشتیوانی داخوازییەکانی خەڵک دەزانن، کێشەیەکی ئەوتۆیان لەگەڵ میدیای دەرەوەی سنوورەکان نییە، لەهەمان کاتیشدا بەردەوام هەوڵ دەدەن کە لەگەڵ دەسەڵاتداران دابنیشن بۆ ئەوەی ئەو چاکسازییەی ئەوان باسی دەکەن کە ڕادیکاڵەکەی ئیسلاحاتی ساختاریی مستەفا تاجزادەیە بەدی بهێنن. هاوتەریب ئۆپۆزسیۆنی سەرانسەری هەیە کە خوێندنەوەیان بۆ داهاتوو لەسەر بنەمای گەڕانەوەیە بۆ ڕابردووەکەیان. نە ئیسلاحتەڵەبەکان ئەکتێکی شۆڕشگێڕانە دەکەن و نە ئۆپۆزیسیۆنی سەرانسەریش دەیەوێ لەگەڵ واقیعی ئێستا ئەزموونی ڕابردووش فڕێ بدات و، بەکورتییەکەی سیستەم هەڵتەکێنێت، بەڵکوو شەڕی هەردوولا

کە خۆیان بە نوێنەری ئەو ناڕازییانە دەزانن، دانیشتن لەسەر ئەو کورسییەیە، بەبێ ئەوەی واقیعێکی نوێ دروست بکەن.

هەر وەکوو نموونەکانی بەهاری عەرەبی کە ئەوانیش هەر لە چوارچێوەری ڕیفۆلەیشندا پێناسە دەکرێن، گۆڕانکارییەکی بنچینەیی لە سیستەمی سیاسی، سەقامگیری کۆمەڵایەتی و لادانی سەرجەم ئیلیتی سیاسی حاکم نەکرا، بەڵکوو ئایدیۆلۆژیا یان داخوازییەکی کۆمەڵایەتی وەکوو سەنتەری داخوازییەکانی لێ هات و، ئەوەش هەڵتەکاندنی کۆی سیستەمی لەبیر جەماوەر و پێشەنگەکانی بزووتنەوەکە بردەوە. لەو حالەتەشدا هەموو کات ئیمکانی گەڕانەوەی سیستەم و زاڵبوونی ئەکتەرەکانی نێو سیستەم بە هەڵگرتنی داواکارییە کۆمەڵایەتییەکانی خەڵک هەیە، هەر وەکوو لەسەرجەم وڵاتە عەرەبییەکانی دیک هەتا ڕادەیەک جگە لە تونس بەهارەکە بووە خەزانێکی بێ دەستکەوت.

هەربۆیە ئەوەی ئۆپۆزسیۆنی ئێرانی جگە لە کوردەکان بۆ ئەو سەد ڕۆژەیان هەبوو، لەگەشبینانەترین حاڵەتدا بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتیی لێ دەکەوێتەوە کە دەتوانێ بە چاکسازییەک کۆتایی پێ بێت و لە ڕادیکاڵترین حاڵەتدا سیکۆلەریزمی لێ بکەوێتەوە، هیچ لایەکیش بە زەررەیەکیش نایانەوێ بەرەو دیموکراسی بچن. چوونکە دیموکراسی بەبێ سیکۆلاریزم مانای نییە، بەڵام مەرج نییە کە هەموو سیستەمێکی سیکۆلار دێموکرات بێت.

### شۆڕشی ژینا– Revelation

پێناسە و بۆچوونی زۆر لەسەر شۆڕش یان ئینقلاب هەن، بەڵام زۆربەی بۆچوونەکان لە یەکتر دەچن، دوو خاڵی سەرەکی بەکارهێنانی توندوتیژی و هەڵتەکاندنی سیستەم لە زۆربەی بۆچوونەکاندا دەبینرێن. مارکسیستەکان پێیانوایە ئەگەر چینە چەوساوەکان ڕاپەرن، پەیوەندیی وەبەرهێنان و پێکهاتەی کۆمەڵایەتی دەگۆڕردرێت و بەمشێوەیە پێکهاتەیەکی نوێی بەرهەمهێنان دێتەئاراوە کە هیچ شتێکی لەوەی پێشووی ناچێت.

هانتیگتن شۆڕش لەسەر بنەمای گۆڕانی بەهاکان لەڕێگەی بەکارهێنانی توندوتیژی پێناسە دەکات، بە ڕای ئەو شۆڕش گۆڕانی خێرا و بنچینەیی بەهاکانی کۆمەڵگە، بونیادە سیاسییەکان، پێکهاتەی کۆمەڵایەتی، ڕێبەری و تەنانەت چالاکییە ئاساییەکانی حکومەتیشە. زۆربەی پێناسەکانی شۆڕش دەتوانین لەو تایبەتمەندیانەدا کورت بکەینەوە، گۆڕانکاری پێکهاتەیی، گۆڕانکاری بەهاکان و ئیدیۆلۆژی، بەکارهێنانی توندوتیژی، گۆڕانی ڕێبەرەکان، دەستاودەستکردنی نایاسایی دەسەڵات، بەکارهێنانی جەماوەر و لەنێوبردنی دامەزراوە و تەنانەت ڕەوتی بۆروکراتی باوی ئیدارەکانیش.

شۆڕشی ژینا بەپێچەوانەی بزووتنەوەی مەهسا زۆربەی تایبەتمەندییەکانی شۆڕش-ئینقلابی تێدایە. بەر لەهەموو شتێک ڕێبەری هەیە، یان خودی جەماوەرەکە داوای ڕێبەر دەکات. لەیەکەم ڕۆژدا لەسەر داوای ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و بەشێک لە حیزبەکانی دیکەش مانگرتنێکی سەرتاسەری بەڕێوە چوو، ئێوارەی ڕۆژی بەخاکسپاردنی ژینا هەر لەسەر داوای ئەوان خۆپیشاندان لە زۆربەی شارەکان دەستی پێ کرد. کەواتا خاوەن ڕێکخراوی سیاسی و ڕێبەرایەتییەکی مانادارن. کە بەپێچەوانەی بزووتنەوەی مەهسا خەڵک و ڕێبەرایەتییەکە متمانەی تەواویان بەیەکتر هەیە.

شۆڕشەکە جەماوەرییە، ئەگەر بەراوردێک لەنێوان ژمارەی خۆپیشاندەرانی کوردستان و بەشەکانی دیکەی ئێران بکەین، بۆمان دەردەکەوێت کە تەنانەت ژمارەی خۆپیشاندەرانی میترۆپۆلەکانی وەکوو تارانیش لانیکەم لە ئێستادا و لەو سەد و چەند ڕۆژەی ڕابردوودا ناگاتە ژمارەی خۆپیشاندەرانی مەهاباد، سنە، بۆکان و تەنانەت هی شارێکی وەکوو جوانرۆ و کامیارانیش. نموونەیەکی دیکەش ڕێورەسمی چلەی ژینا کە لە شارێکی نزیکەی ٢٥٠ هەزار کەسیی وەکوو سەقز سەروو بیست هەزار کەس لە گۆرستانی ئایچی ئامادە دەبن، بەڵام شارێکی وەکوو تاران کە زیاتر لە ١٠ میلیۆن

دانیشتووی جێگیری هەیە، هەمووکات زۆر کەمتر لە هەزار کەس لەسەر گۆڕستانەکان ئامادە دەبوون. هەڵبەت ئەوە مانای ئەوە نییە کە زۆرینەی خەڵکی تاران ناڕازی نین، بەڵکوو بە هەمان پێناسەی ئیسقلابوونی بزووتنەوەی مەهسا خەڵک کەمتر ڕاستەوخۆ بەشدارە و لە شۆڕشی ژینا بە ڕێژەیەکی یەکجار زۆرتر بەشدارن.

شۆڕشی ژینا خاوەنی ئایدیا و ئیدیۆلۆژی خۆیەتی. شوناسخواز و دیموکرات و تەواو سێکۆلارە. بەهیچ شێوەیەک نایەوێ بگەڕێتەوە بۆ پێش کۆماری ئیسلامیی ئێران، بە شێوەیەک کە بەشێک لە ئۆپۆزیسیۆنی سەرانسەری بانگەشەی بۆ دەکەن. پێشی وا نییە بەهیچ شێوەیەک ڕێژیمی ئێستا قابیلی گۆڕانکاری بنەڕەتییە، بەڵکوو بە دەنگێکی دلێرەوە دەیەوێ ئەو سیستەمە تەواو هەڵتەکێت. شۆڕشگێران لە کوردستان هاوتەریب لەگەڵ دروشمی «ژن ژیان ئازادی» دروشم گەلی «کوردستان گۆرستانی فاشیستان»، «داگیرکەری ئێرانی، قاتڵی ژینامانی»، سرودی «ئەی ڕەقیب»، «شەهید نامرێ» دەڵێنەوە و ژنانیش بەشدارییەکی بەرچاویان هەیە. بەشی زۆری خێزانی شەهیدەکانیان بەئاشکرا و لەبەردەم کامێراکان ڕۆڵەکانیان پێشکەشی کوردستان دەکەن. زۆر بەڕوونی پێناسەکەی هانتینگن لە شۆڕش لەکوردستان دەبینرێت، داوای هەڵتەکاندنی خێرایی سیستەمی سیاسی، بەهاو ئوستوورەکان و تەنانەت پێکهاتەی کۆمەڵایەتی دەکات، بۆ ئەوەی واقیعێک و سیستەمێک و سەردەمێکی جیاواز لە هەموو مێژووی ئێران دابڕێژرێتەوە، چوونکە گوتاری شۆڕشی ژینا لەسەر ئەو ڕەستەیە ڕاوەستاوە کە ڕابردوو و ئێستا بەیەک ڕادە بەرامبەر کورد تاوانبارن، هەربۆیە داهاتوو دەبێ بە قەڵەمی کورد خۆی بنووسرێتەوە.

# بەستێنە سیاسی، مێژوویی و کۆمەڵایەتییەکانی شۆڕشی ژینا

**بەهمەن عەلیار**

ئەو ئاخێز و ڕاپەڕینەی ئێستا لە ئێراندا لە ئارادایە، زۆر ناوی جۆراوجۆری لە سەر دانـدراوە: «ئاخێز»، «شـۆڕش»، «شۆڕشی فێمینیستی»، «شۆڕشی ژنان» و ... . ناوەکە هەرچی بێ ئەوەی بە لای منەوە گرینگترە، ناسینی نێوەرۆکی ئەو نارەزایەتیدەربڕینانەیە. گرینگ ئەوەیە بتوانی بە دروستی لێکی دەیەوە هۆکاری سەرهەڵدانی ئەو ئاخێزە چییە؟ هێزە بزوێنەرەکانی کامانەن و چۆناوچۆنە لە ماوەیەکی ئاوا کورتدا بەو بەرینایییە سەرتاسەری ئێرانی گرتۆتەوە؟

دۆزینەوەی جوابی دروست بۆ ئەو پرسیارانە یارمەتیدەر دەبێ بۆ ئـەوەی ئامانج و داواکارییەکانی ئەو خەباتە بناسی، ئەو ئامانج و داواکاریانە بکەی بە پلاتفۆرمی خەباتەکە، خاڵە لاواز و بەهێزەکانی بناسیەوە، ستراتێژیی بۆ دیاری بکەی، شۆڕشەکە لە کەندوکۆسپەکانی سەر ڕێی تێپەڕێنی و بتوانی بەرەو سەرکەوتن بیبەی.

ئەو شۆڕشە لە دژی کۆماری ئیسلامی سەری هەڵداوە و پێشینەی لەمێژتری هەیە. کە وا بوو دەبی بە پێداچوونەوە بە سەر چۆنیەتیی دەسەڵاتداریێتیی کۆماری ئیسلامیدا بەدووی هۆکارەکانی سەرهەڵدانی ئەو شۆڕشەدا بگەڕێین.

کۆماری ئیسلامی لە ئاکامی سەرکەوتنی ڕاپەڕینی ساڵی ٥٧ی کۆمەڵانی خەڵکی ئێران بەدژی ڕێژیمی پاشایەتیدا هاتە سەر کار. خەڵکی ئێران لە خەباتی خۆیان لەدژی ڕێژیمی شا، بە دوای سەندنەوەی ئەو مافانەوە بوون کە ڕێژیم لێی زەوت کردبوون. خوازیاری ئازادی، دێموکراسی، عەداڵەتی کۆمەڵایەتیی زیاتر و بەشداریی زیاتری خۆیان لە دیاریکردنی چارەنووسیاندا بوون. بەڵام کۆماری ئیسلامی هەر لە سەرەتای دامەزرانیەوە لەدژی ئەو ویست و ئاواتانە وەستایەوە. لە کوشتاری دڕندانەی نەتەوەکانی کورد و عەرەب و بەلووچ و تورکمانەوە دەستی پێ کرد، هەموو حیزب و هێز و لایەنە سیاسیەکانی دیکە کە دەربەست لە خزمەت خۆیدا نەبوون، قەڵاچۆی کردن، هەموو ڕۆژنامە و گۆڤار و بڵاوکراوەیەکی ڕەخنەگر یا نەیاری داخست تا هەرچیی دەنگی نارەزایەتییە کپی بکا. لە پاڵ ئەوانەدا دواکەوتووانەترین و بێبەزەییانەترین یاساکانی سەدە تاریکەکانی ژیانی مرۆڤایەتی بۆ سزادان، وەک قێساس (قصاص)، سەنگسار، دەستپەڕاندن لەسەر دزی و لەسێدارەدانی تاوانباران لە شەقامە گشتییەکانی بەکار هێنا. بە ناوی ئیسلامیکردن دەستی لە کتێبە دەرسییەکان، هونەر، وەرزش، سینەما و هەموو ئەو چەشنە بوارانە وەردا و لە گرێژەنەی بردن. لە درێژەی دەسەڵاتداریێتیی خۆیدا و بە هۆی سیاسەتی چەوت و هەڵە و بێکیفایەتیی لە ڕادەبەدەری کاربەدەستانی، ئابووریی ئێرانی داڕووخاند، ژینگەی ئێرانی شێواند، تەواوی شوێنەوارە مێژووییەکانی ئێرانیان پشکنی و تالانیان کرد و بە گشتی دەستیان بۆ هەرچی برد، تێکیان دا، وە بەداخەوە دەستیان بۆ هەموو شتێکیش برد.

خەڵکی ئێران لە بەرانبەر ئەو هەموو بێداد و کاولکارییانەدا بێدەنگ نەبوون و سەریان بۆ هەموو شتێک دانەنەواندووە. تێکۆشەرانی سیاسی، نووسەران، شاعیران، ڕووناکبیران، مامۆستایانی زانستگا و خوێندنگاکان، خوێندکارانی زانستگاکان، کرێکاران، ژنان و ...، هەر یەکەی بە جۆرێک لە سالانی ڕابردوودا دەنگیان هەڵبڕیوە و بەرهەڵستی کردەوە دزێوەکانی ڕێژیم بوونەتەوە، زۆر جاریش ئاخێزی جەماوەری بەتایبەت لە شارە گەورەکان لەدژی ڕێژیم سەریهەڵداوە.

جوابی ڕێژیمیش بۆ هەموو ئەو بەرهەڵستکاریانە زەبروزەنگ، زیندان، ئەشکەنجە، ئیعدام و سەرکوت بووە. کاتێک ڕێژیم لە بەرانبەر هەموو و تەنانەت چکۆلەترین ویست و داخوازیی خەڵکدا تەنیا زمانی سەرکوت و داپڵۆسین دەزانێ، ئەگەر توانیبێتی پاشەکشەیەکی کاتییش بە ناڕەزایەتیدەربڕینەکانی ئەوان بکا، لە ڕاستیدا خەڵکی لە خۆی تووڕەتر و داخلەدڵتر کردووە. ئەو تووڕەیی و نەفرەتە بووەتە پوتانسیەلی زیاتری خەبات و لە دەرفەتی گونجاودا بەهێزتر لە پێشوو بە ڕووی خۆیدا تەقیوەتەوە.

ئاکامی چلوچەند ساڵ دەسەلاتداریێتیی کۆماری ئیسلامی بۆ خەڵکی ئێران ئەو کارەساتەیە کە دەیبینین: لە باری نێونەتەوەییەوە دنیایان لە هیچوخۆڕا لە ئێران کردۆتە دوژمن و پشتیان بە نامۆناسبترین دۆستانی دەرەکی وەک ڕووسیە بەستووە. لە باری نێوخۆ ئابووریی ئێران داڕووخاوە، داهاتی وڵات لە بەردەست مافیایەک لە دەسەلاتداران و دەستوپێوەندەکانیاندایە کە بەئاشکرا و لە بەرچاوی هەمووان ئێران دەکڕووسێننەوە، دزی و درۆ و دەلەسە و گەندەڵی سەرتاپای وڵاتی داگرتووە، چارەنووس و دواڕۆژی خەڵک کەوتووەتە بەردەست ژمارەیەک پیروپاتاڵی دواکەوتووی ناشارەزا لە هەموو بوارێکی کەللەوشکی وەک ڕەهبەری و بەیتی ڕەهبەری و شووڕای نیگەهبان و... . ژیانی کۆمەڵایەتیی خەڵک لەوەش خراپترە، ئەو کرێکار و کارمەندانەی

تەنانەت داوای مووچەی چەند مانگ وەدواکەوتووی خۆشیان دەکەن، دەگیرێن و ئەشکەنجە دەدرێن، میلیونها گەنجی کچ و کوڕ خوێندنی باڵایان تەواو کردووە، بەڵام کاریان وەگیر ناکەوێ و دوارۆژی خۆیان لێڵ دەبینن، نەداری و برسیەتی بێداد دەکا و گەلێک دیاردەی دڵتەزێنی کۆمەڵایەتیی لێ کەوتۆتەوە، خسووسیترین بوارەکانی ژیانی شەخسی وەک ئەوەی چۆن بپۆشی و کایە و سەرگەرمیت چ بێ، دەبێ بە دڵی ئەوان بێ و تەنانەت ئەوان بۆت دیاری بکەن چەند منداڵت هەبێ، هیچ مافێکی ئینسانی بۆ ژنان بەڕەسمی ناناسن، ژیانی منداڵانی کار ناخ دەهەژێنێ، دیاردەی گەڕان بە نێو سەتڵی زبڵدا بۆ دابینکردنی بژێوی ژیان پەڵەی ڕەشە بە نێوچاوانی مرۆڤایەتییەوە. ئەوانە و زۆر نموونەی دیکەی لەو بابەتە بەجوانی دەری دەخا ئەو ڕێژیمە نگریسە چ بەڵایەکی بە سەر کۆمەڵگەی ئێران هێناوە. تازە هێشتا پێی کەمە و پێی وایە ئیسلام لە قەدەر پێویست جێگیر نەبووە و بە وەڕێخستنی گەشتی ئیرشاد ویستوویەتی چەمبەرەی یاسا دژیئینسانیەکانی خۆی بە دەوری مل و سەر قوڕگی کۆمەڵگەی ئێراندا توندتر کاتەوە.

ئەوە ئەو کارەساتەیە کە شێروین حاجیپوور لە شاکارە بێوێنەکەی خۆیدا – ئاوازی «برای...»- بۆی دەلاوێتەوە.

شێروین لە «ترس بە کاتی ڕاموسین» و «شەرمەزاری بە کاتی بێپووڵی» و «گریانە بێوەستانەکان» و «حەبی بێخەوی» دڵی پڕخوێنە. بۆ «منداڵانی زبڵگەر و خەونەکانیان»، «منداڵانی ئەفغانی»، «ئەو کچەی هیوای کوڕبوونی دەخواست»، «خوشکم، خوشکت، خوشکەکانمان»، «قوتابییان و داهاتوویان»، و بۆ «نوخبە دەسبەسەرکراو و گیراوەکان» کزە لە جەرگی دێ، تەنانەت «شەقامەکانی وەلیعەسر و پیرەدارەکان» و «سەگە بێتاوانە یاساغەکان»یشی لەبیر نەکردووە. لە «مێشکە بۆگەنیوەکان»، «بەهەشتی زۆرەملێ»، «ئابووریی بەبڕیار»، «دروشمی بێنێوەرۆک

و بۆش»، «داروپەردووی ماڵە چیغەکان» و «هەوای پیس» ئازاری چەشتووە و وەزاڵە هاتووە. وە بە ئاخ و سۆزەوە بە دوای «سەما لە کۆڵان»، «ئۆخژنی حەسانەوە»، «ڕوخسارێک کە بزەی دێت»، «خۆری پاش شەوگاری دووردرێژ» و لە یەک کەلامدا بە دوای «ژیانێکی ئاسایی»دا دەگەڕێ.

ئەوەی شێروین دەیڵێ تەنیا ئاوازێکی پڕسۆز نییە، بەیانی جوان و ڕەسای قووڵترین دەرد و مەینەتەکانی چین و توێژە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵگەی ئێران بە دەست ئەو ڕێژیمەوەیە.

کۆمەڵانی بەرینی خەڵکی ئێران لەو ڕاپەڕینەی ئێستای خۆیاندا بە دوای ئەو ئاوات و ماف و داخوازییانەی لە چەشنی ئاوازەکەی شێروینەوەن کە کۆماری ئیسلامی لێی زەوت کردوون و لە حەول و ئاخێزەکانی پێشتری خۆیاندا بەداخەوە نەیانتوانیوە بۆخۆیانی دەستەبەر بکەن.

نەتەوە بندەستەکانی ئێران مافی نەتەوەیی خۆیان دەوێ، کرێکاران و چەوساوەکان دەیانەوێ باری قورسی ستەمی چینایەتییان لەسەر شان لاچێ، ژنان بە دوای ئەوەدان لەژێر ستەمی غەیریئینسانیی هەڵاواردنی جنسی بێنەدەرێ، گەنجان لە هەلومەرجێکدا بۆ ژیان دەگەڕێن کە تێیدا بتوانن چێژ لە گەنجیەتیی خۆیان وەرگرن، نووسەر و شاعیر و ڕووناکبیر و هونەرمەند و وەرزشکار و ... دەیانەوێ ئەوە بن کە خۆیان دەیانەوێ نەک ئەوەی بۆیان دیاری بکرێ، مامۆستا و مافناس و خوێندکار نایانەوێ لەوە زیاتر ناحەقی بە چاو ببینن، جووتیار و گوندنشین ژیان و داهاتووی لە مەترسیدایە و دەیەوێ ئەو مەترسییەی لەسەر لاچێ، ژینگەپارێز پەرۆشی کاولکاریی زیاتر و تامەزرۆی بووژانەوەی ژینگەیە و هتد.

دەریای بێبنی داخ و تووڕەیی و بێزاریی خەڵک لە ستەمکارییەکانی ئەو ڕێژیمە و، قین و نەفرەتێک کە بەدوای شکستهێنانی حەولەکانی

پێشوویان لە دڵی ئەواندا پەنگی خواردبۆوە، بەدوای دەرەتانێکدا دەگەڕا کە سەررێژ بێ و تەخت و بەختی ئەو ڕێژیمە لەگەڵ خۆی بەرێ.

کوشتنی ناڕەوا و بێبەزەییانەی ژینا، بوێری و کۆڵنەدەریی بنەماڵەکەی کە گوێیان نەدایە هەڕەشەوگوڕەشەی ڕێژیم و حازر نەبوون بەدزی و بەبێ ڕێوڕەسم تەرمی ژینا بنێژن، ئازایەتی و قارەمانەتیی خەڵکی سەقز کە بە دەنگ بنەمەڵەی ژیناوە هاتن و هەروەها نەترسی و لێبڕاویی کچان و ژنانی ئەو شارە کە لەو ڕێوڕەسمەدا حیجابیان فڕێ دا، هەموو دەستیاندایە دەستی یەک و ئەو دەرەتان و دەرفەتەیان خوڵقاند کە خەڵکی ئێران بەدوایدا دەگەڕا. ئەوەی لە سەقز کرا، ورەی بە باقی شوێنەکانی دیکەی ئێران بەخشی و ئەو دەریای ڕق و بێزاریەی خرۆشاند، وە ئەو شۆڕشە مەزنەی ئێستای لێ کەوتەوە.

کارێکی بەجێیە ئەگەر بۆ ڕێزگرتن لەو دەرەتانخوڵقاندنە، ئەو شۆڕشە ناوی «شۆڕشی ژینا (مەهسا)»ی لێ بندرێ. هەروەها لە بەر ئەوەی لە سایەی دەسەڵاتی شوومی ئەو ڕێژیمەدا تەنگ بە «ژیان» هەڵچنراوە و لەو نێوەدا زیاترین ستەم و ناحەقی دەرحەق بە «ژن» دەکرێ، وە ئامانجی ئەو شۆڕشە «ئازاد»کردنی «ژن» و «ژیان» لە کۆتوبەندی ئەو ڕێژیمە نگریسەیە، جێی خۆیەتی شوعاری ئەو ڕاپەڕینە ببێتە «ژن، ژیان، ئازادی» یا ئەو ڕاپەڕینەش بە شۆڕشی «ژن، ژیان، ئازادی» ناودێر بکرێ.

بەڵام ئەو شۆڕشە هەر ناوێکی لە سەر دابندرێ، نابێ ئێمە لە ناسینی نێوەرۆکی ڕاستەقینەی شۆڕشەکە دوورخاتەوە، ناو نابێ بەرچاوی ئێمە بۆ تەشخیسی نێوەرۆک لێڵ بکا. دنیای سیاسەت دنیای ئیحساسات نییە، دنیای سیاسەت دنیای دیاریکردنی ڕەوتی بەرەوپێشبردنی کۆمەڵگەیە، لە بەر ئەوە، دەبێ ڕووداوەکانی نێو کۆمەڵگە ئەو جۆرەی کە هەن لێک بدرێنەوە، نەک ئەو جۆرەی خۆمان

پێمان خۆشە وا بێ.

بەپێی ئەوانەی لە سەرەوە باسی لێ کرا من ئەو شۆڕشە بە شۆڕشی هەموو چین و توێژە کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگەی ئێرانی دەزانم کە هەر یەکەی بە چەشنێک ئاوات و ئارەزوو و داخوازی و مافەکانیان لە سایەی دەسەڵاتی ڕەشی ئەو ڕێژیمەدا پێشێل کراوە، نەک بە «شۆڕشێکی فێمینیستی» یا تەنیا «شۆڕشی ژنان»، هەرچەند ئەو شۆڕشە بەحەق و بە دروستی پێداگری لە سەر مافە یەکسانیخوازانەکانی ژنان دەکا.

هەروەها پێشم وا نییە کە ڕێبەریی ئەو شۆڕشە بە دەست ژنانەوەیە. من موشکیلێک لەوەدا نابینم ئەگەر ژنان ڕێبەری ئەو شۆڕشە بان، وە بە دەسکەوتێکی مێژوویی و جێگای دڵخۆشیشی دەزانم ئەگەر ژنان بتوانن ڕێبەریی ئەو شۆڕشە بەدەستەوە بگرن و بە سەرکەوتنی بگەیەنن. نکولی لەوە ناکرێ کە ژنان و کچان بە بەرینی لەو ڕاپەڕینەدا بەشدارن و دەوری کاریگەر و بەرچاویشیان لە بەرەوپێشبردنیدا هەیە. ئەوە گومانی تێدا نییە و جێی دڵخۆشی و ئومێدواریشە. ئەوانە هەمووی شۆڕشەکەی بەهێز کردووە، بەڵام بەهێزکردن شتێکە و ڕێبەریکردن شتێکی دیکە.

ڕێبەریکردن کارێکی چەندلایەنە و کۆمپلێکسە، ڕێبەریکردن یانی دیاریکردنی داخوازییەکانی ئەو خەباتە، داڕشتنی ستراتێژی بۆی، دەستنیشانکردنی ئەوەی چی بە سەرکەوتنی خەباتەکە دەزانی، کۆکردنەوەی هێز بۆ وەدیهێنانی ئەو داخوازیانە، بەرەوپێشبردنی ئەو موبارزەیە بە نێو تەنگوچەڵەمەکانی سەر ڕێدا، تا سەرئەنجام خەباتەکە بە سەر کەندوکۆسپەکانی بەرپێیدا زاڵ دەبێ و سەردەکەوێ.

لەو بابەتەوە ئەو شۆڕشە کاری زۆری ماوە بۆی بکرێ (ئەوە خۆی بابەتی باسێکی دیکەیە و لێرە دا جێی نیە زیاتر لە سەری بڕۆین). ئەگەر ژنان و کچانی تێکۆشەری ئێمە بتوانن ڕێبەریی ئەو شۆڕشە

به دەستەوە بگرن، یا تەنانەت لە ڕێبەریکردنی شۆڕشەکەدا (نەک تەنیا بەهێزکردنی)، دەوری شیاو و بەرچاو بگێڕن، ئەو کارە بێگومان کاریگەریی لەسەر خەباتی ژنان بۆ وەدیهێنانی مافەکانیان لە ئاستی ناوچەکە و جیهانیشدا دەبێ. هیوادارم لەو بابەتەشەوە کچان و ژنانی شۆڕشگێڕ قۆڵی لێ هەڵماڵن و دەوری پێشڕەو و ڕێبەریی تێدا بگێڕن. لەو پێناوەدا بە دڵ ئارەزووی سەرکەوتنیان بۆ دەکەم.

# شۆڕشی ژینا تەنیا سەرکەوتن دەناسێت

**شێخ جەماڵ**

ژینا ئەمینی کچێکی ٢٢ساڵانی کوردی سەقزی بوو کە بە دەستی گەشتی ئیرشاد بە غەریبی لە تاران شەهید کرا، سنووری یەک میلیارد تویتی تێپەڕاند و بۆ بە ترێندی جیهانی. کوشتنی ژینا کچە ژیکەڵەکەی کورد بووە هۆکاری دەستپێکردنی ڕاپەڕینێک کە لە مێژووی کۆماری ئیسلامیدا کەموێنە بوو.

ئەم بزووتنەوە ئەو وەرچەرخان و دەرفەتە بوو کە هەموو داخوازییە کەڵەکەبووەکان تەقیەوە و بەشێکی زۆر لە جەماوەر لە گەڵ خۆیدا هاوڕا دەکات، بزووتنەوەیەکی کە نە بەتەنیا فیمنیستی بوو، نە کرێکاری و نە داخوازیی جورێکیتری ژیان و نە نەتەوایەتی و..... کە لە ڕاستیدا کۆی گشتیی هەموویان بوو. بزووتنەوەی ژینا هاوکات ڕەگەزی، هەوڵدان بۆ ژیانێکی نوێ، ئازادیخوازی، عەداڵەتخوازی، خوێندکاری، نەتەوەیی، ئایینی، زمانی، دیاسپۆرایی، فدرالیخوازی، بەها تاکەکەسییەکان، پیشەیی، سێکولار، ڕاسانی هەموو نەدیتراوەکانی چوار دهە، پەراوێزەکانی شار و وڵاتی ئێران، فیلترینگەکان، بێ ڕووسەری و حیجابەکان، و...... بوو. بزووتنەوەی موبایل بەدەستەکان بوو، لە سەقز و لەسەر مەزاری ژیناوە دەستی پێ کرد بڵێسەی سەند و لە کورتترین کاتدا ئێران و جیهانی لە خۆ گرت بەجۆرێ کە دەتوانین بڵێین

هاوتای لە جیهانیشدا تاکوو ئیستا نەبووە، ئیستا بە مانا گیدنزییەکەی هەموو سەرمایەکانی کۆمەڵگە سەریان هەڵداوە.

ئیستا ئیتر گەڕانەوەی کۆمەڵگە بۆ هەلومەرجی پێش ژینا و دەسەڵاتیش بۆ ئەو بارودۆخە مومکین نییە، خەڵک ترسی ڕژاوە و ئەمە گەورەترین گەرەنتییە بۆ بەرەوپێشچوون، ئەڵبەت ئەوە داهاتووە پێمان دەڵێت دەسەڵات پاشەکشێ و ملکەجی خواستی خەڵک دەبێت یان نا؟ کە بە ڕوانین لە ڕابردوو نابێت!

ئەگەر ملکەجی خواستی خەڵک نەبێت ئینقلاب بەرەو پێش دەڕوات، خەڵک لە ئاستی سەرانسەریدا بۆ خۆی ڕێبەری درووست دەکات و بەرەو ئامانجەکانی هەنگاوی ئەهوەنتر دەنێت و ئەگەر ببێ بە دڵنیایەوە دەڕووخێت.

هەر ئەو جۆرەی کە ئاماژە کرا لە چەن ڕۆژدا بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی ژینا هەموو ئێرانی گرتەوە و باڵی هاویشت بەرەو جیهانیبوون، هەر چەندە لە سەرەتاکانی شۆڕشداین و هەوڵ دەدرێت بۆ دەربازبوون لە ئاستەنگەکان و چونە نێو دۆخی مانگرتنی گشتی و قەڵشی گەورە درووست بوون لەنێو دەسەڵات بە هۆکاری سەرکوتی بێڕەحمانەی خەڵک بەڵام ئیشتا مەترسی بەلاڕێدابردنی بزووتنەوەکە لە ئاستی سەرەوە گەورەترین مەترسییە، هێزی ئەم شۆڕشە گەنجانمان بە کچ و کوڕی شۆڕشگێڕە کە لە سەر شەقام دژایەتیی هەموو نمادەکانی دەسەڵات دەکەن. قەیرانی ئابووریی سیاسی، ژینگەیی، ژئوپۆلوتیک، گەندەڵی و ناکارامەیی دەسەڵات و وەڵامی توندی دەسڵات بە سەرکوتی توند ڕێگایەکی جگە لە درێژەدان بە ڕەوتەکە بۆ خەڵک نەهێشتوەتەوە.

پانتایی بزووتنەوەی ژینا گەورە و گەورەتر دەبێتەوە و توانی لە ماوەیەکی زۆر کەمدا تەواوی شار و شارۆچکە و گەورەشارەکان بگرێتەخۆ وە یەکگرتوویەکی بێوێنە لە شار و شاخ و دیاسپۆرا لە بەینی هەموو چین و توێژەکاندا پێک بهێنێت. هاتنە سەرشەقامی ژنان وەک دیاردەیەکی گەورە و موبارەک یەکێ تر لە تایبەتمەندییەکانی ئەم

بزووتنەوەیە کە توانی جێگای شیاوی ژنی کورد و ئێرانی لە ئاستی جیهانیدا دیاری کات بە جۆرێ کە ژنان بوون بە کاراکتەری مەیدانی ئەسڵی، توانی دوای چل ساڵ تەنیایی کورد لە ئاستی سەرانسەریدا کورد بکاتە دەسپێشخەر و هەژمۆنی خوێ بە سەر بزوتنەوەکەدا بە جۆرێ پڕڕەنگ کاتەوە. کورد بە تێگەیشتن لە پێشنیاری ڕێبەرایەتیی سیاسی خۆی سەبارەت بە زەروورەتی ئیتحاد تا ڕووخانی دەسەڵات! لەگەڵ خەڵکی ئێران، توانی بە کەڵکوەرگرتن لە ئەزموون و خەتای پتر لە ٨٠ ساڵ کاری تەشکیلاتی و ڕێکخراوەیی خۆی و پشتیوانی قارەمانانەی خەڵک بە شێوازێکی ڕێکخراوەیی لەژێر هێژمۆنی و مودیرییەتی ژووری هاوکاری حێزب ڕۆژهەڵاتیەکاندا جیلوەیەکی جیاواز لە ئێران لە خۆی نیشان بدات، لە ڕاستیدا چەند جار کپ و بێدەنگبوونی ڕەوتەکە بە هیممەتی کورد هەستاوە و سوتەمەنی و قوربانییەکانی ئەندامان و لایەنگرانی حیزب بوون کە بە ڕاوەستاندنی بێوێنەیان لە بەرانبەر جەلادەکانی پەت و سێدارە ساچمە ئاژن، دیل و شەهید کران، گەورەترین مانگرتنە سەداسەدیەکانی ڕێک خست و هەزینەی دا.

جیا لە کوردستان ئەم شۆڕشە توانی لە ئاستی سەرانسەریدا و لە نەبوونی ئوپۆزیسیۆنێکی چالاکدا بە کەڵکوەرگرتن لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بۆ خۆی لیدری مەیدانی درووست بکات بەجۆرێ کە کەمتر بێسەریی پێوە دیار بێت، خۆ سازماندانی خەڵک لە مەحەللات و گەڕەکەکان جیاوازیی ماهەوی لەگەڵ هەموو تشکیلاتە ناسراوەکانی بووە و هەیە ئەڵبەت دەبێت بزانین کە نەبوونی ڕێبەرایەتی دەتوانێ مەترسییەک وەک بەهاری عەرەبی درووست بکات کە لە نەبوونی تەشکیلاتدا ئێخوانییەکان دەسەڵاتیان گرتە دەست، هەر ئەوجۆرە لێرەش دەتوانێت لە دەقەی نەوەددا هێزێکی نادیار کە بە ڕێکخراوەیە، دەسەڵاتی سیاسی لە خەڵک بدزێت، کوڕی شا، شوڕای گوزار، موجاهدین و ....کە ئیستا نەخشێکی ئەوتۆیان لە ڕاپەڕینی گەلانی ئێراندا نییە دەتوانن بە یارمەتیی سیلبریتیەکان لە داهاتوودا مەترسی

جیدی درووست بکەن، کورد و هاوپەیمانانی بۆ ئاستی سەرانسەری دەبێت هەوڵ بدەن کە توانایی و خەلاقییەتی بەکۆمەڵ جێنشینی ڕێبەری تاریف کەن.

بەپێچەوانەی ڕای بەشێ لە لێکۆڵەران بارودۆخی ئیستا، ئینقلابی و شۆڕشی ژینا دەستپێکی ئێنقلابێکە بە تەواووی تایبەتمەندییەکانیەوە، هەر چەندە بەشێ لە خەڵک بێدەنگ بوون بەڵام لایەنگری و پشتیوانییان لە شۆڕش حاشا هەڵنەگرە، زۆرینەی ئینقلابەکانی ناوچە کە بووەتە هۆکاری گۆڕانکاری بەرچاو لە ١٥ تاکوو ٣٠ ڕۆژ درێژەی هەبوو بەڵام لە شۆڕشی ژینادا ئەوە پتر لە سەد ڕۆژە خەڵک لە سەر شەقامن، لە ڕۆژی یەکەمەوە درۆشمی و داواکاریی تایبەت بە خۆیان هەیە، بزووتنەوەی ژینا توانی کە پتر لە هەشت بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی ( گەنجان، ژینگەپارێزان، ژنان، عەداڵەتخوازان، کرێکاران، مامۆستایانی قوتابخانە، خەڵکی دیاسپۆرا، بزوتنەوەی دانشجویی) چالاک بکات.

خەڵکی کورد و هەروەها ئێران زۆر کارەساتی ناخۆشتر لە شەهیدبوونی ژیانیان بەسەردا هاتووە، بڵام هیچکامیان نەیانتوانیوە هێزی بزوتنەوەی هاوشێوەی ژینا لەنێو جەماوەردا بە کەڵکوەرگرتن لە سۆشیال میدیا جگە لە کوردستان ڕێک بخات، دیارە لە درێژەی ڕەوتەکەدا بە زۆر هۆکار حەسانەوە و کەمڕەنگ بوونی خۆپیشاندانەکان ئاسایی و چاوەڕوان کراوە، بەڵام ئاستی داخوازییەکان و هەروەها توندوتیژی دەسەڵات لە سەرکوتدا دەتوانێ ببێتە سوتەمەنیی بزووتنەوەکە، ئێمە لە ئێراندا بە پێی ئامارە فەرمییەکان ٣٨ میلیون گەنج و بیست میلیون وەنێوکەوتوو هەیە، ٣٨ میلیون گەنجی ئەم وڵاتە ماتۆڕی ئێنقلابن، هەر چەندە دەسەڵات ئەزموونی سەد ساڵ دەوڵەتداری، ئەزمونی شکستدانی نزیکەی بیست بزووتنەوەی سەرانسەری، ٨ ساڵ شەڕی ئێران و عێراق و دەستتێوەردانی لە کاروباری سووریە هەیە، و دڵنیام شکستی جمهووری ئێسلامی ئاسان نابێت بەڵام ئیرادەی خەڵک درووستکردنی گۆڕانکاری بنەڕەتی وە دامەزراندنی وڵاتێکی لامەرکەزی فێدراڵی دێمۆکراتیکە.

# جووڵانەوەی مافخوازانەی گەلی کورد و کاریگەریی لەسەر ڕاپەرینی ژینا

عومەر باڵەکی

زیاتر لە سەد ڕۆژە شەقامەکانی ئێران بوونەتە گۆڕەپانی ململانێی خەڵکی وەزاڵەهاتووی ئێران لە دەسەڵاتی ئاخوندی لەلایەک و لەلایەکی دیکەوە هێزی سەرکوتگەری کۆک وپۆشتەی ڕێژیم کە لە بەرانبەر دەستی بەتاڵی خەڵک دەست لە هیچ جینایەتێک ناپارێزن.

لەو ماوەیەدا گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان هاوشان لەگەڵ گەلانی دیکەی ئێران لەو نارەزایەتییانەدا بەشداریی چالاکانەی هەبووە، بە چەشنێک کە دوور لە چاوەڕوانی دەسەڵاتدارانی تاران بووە. چونکە دەسەڵاتدارانی تاران لە ماوەی ٤٣ ساڵی ڕابردوودا بە هەموو ئیمکاناتی نیزامی، سیاسیی، ئابووری و فەرهەنگی هەوڵیان داوە گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەچۆک دابێنن و لە ویست و داخوازییەکانیان پاشگەزیان بکەنەوە و کەلین و درز باوێنە نێوان گەلی

کورد و حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان. بەڵام دیتمان دوای ئەوەی لە ڕۆژی ٢٥ی خەرمانان پۆلیسی بەناو ئەخلاقی کۆماری ئیسلامی بەناحەق کچە کوردی شاری سەقز، ژینا ئەمینییان لە تاران شەهید کرد و بەدوای بانگەوازی ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران بۆ مانگرتنی گشتی و داخستنی دوکان و بازار، کوردستان تێکڕا وەڵامی ئەو بانگەوازەی دایەوە.

کوردستان کە ماوەی ٤٣ ساڵە بە هەموو شێوازەکانی خەبات دژ بە سیاسەتەکانی نیزامی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە خەبات و بەربەرەکانیدا بووە و لەو ماوە دورودرێژەدا بە ڕووبار خوێنی لە بەر ڕۆیشتووە، کەچی بۆ چرکەساتێکیش سیاسەتی سەرکوتکارانی ڕێژیم نەیتوانیوە گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە خەبات بۆ وەدەستخستنی مافەکانی سارد بکاتەوە. بۆیە لەو هەلومەرجەشدا چاوەڕوانکراو بوو کە خەڵکی کوردستان وەک ساڵانی پێشوو بەدەم بانگەوازی ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێرانەوە بین و ئەو بەدەم بانگەوازهاتنە کە بۆ دەربڕینی ناڕەزایەتی بە شەهیدکرانی ژینا ئەمینی بوو، سەرەتای ڕاپەرینێکی جەماوەریی بەربەرین بوو لەژێر دروشمی «ژن، ژیان، ئازادی» کە لە ماوەیەکی زەمەنیی کورتدا بەپێی ئامارەکان زیاتر لە ١٦٠ شار و شارۆچکەی ئێرانی گرتەوەهەر زوو دەنگی ئەو ڕاپەرینە جەماوەرییە سنوورەکانی ئێرانی بڕی و دەنگی ناڕەزایەتیی گەلانی ئێران بە گوێی گەلانی دیکەی جیهان گەیشت و شەپۆلێکی بەربەرین لە هەست و سۆز و پشتیوانیی کۆمەڵگەی جیهانی لە خەڵکی ڕاپەریوی ئێران دروست بوو، و پێ بە پێی چوونەپێشی ناڕەزایەتییەکان سەرکوتی بێبەزەییانەی هێزە نیزامییەکانی ڕێژیم توندوتوندتر دەبوو و ئەوە بیجگە لە بەرحەقبوونی داواکاریی خەڵکی ناڕازیی سەرشەقام ئەو توندوتیژییانەی هێزەکانی ڕێژیم هۆکارێکی گرینگ بوون کە نیزامی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە کۆمەڵگەی جیهانیدا زیاتر لە جاران تەریک بکەوێتەوە و خەڵکی ناڕازی سوورتر بکا بۆ

مانەوەیان لەسەر شەقامەکان و دەربڕینی ناڕەزایەتی.

ڕەوتی ڕووداوەکان بە ڕادەیەک خێرا بوو کە دەسەڵاتدارانی تارانی بۆ ماوەیەک تاساند، چونکە قەت لە باوەڕیاندا نەبوو کە ڕووداویکی وەک شەهیدکردنی کچە کوردێک لە تاران ببێتە سەرەتای ڕاپەڕینێکی جەماوەریی بەربەرین کە سەرانسەری خاکی ئێران بگرێتەوە و پایەکانی دەسەڵاتداریەتی ئەو نیزامە وەلەرزە بخا.

دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی پێیان وابوو وەک ڕووداوەکانیساڵی ڕابردوو لە ماوەی چەند ڕۆژ یا حەوتوودا بە هۆی دەستێوەردانی هێزە نیزامی و ئینتزامییەکانەوە دەتوانرێ ئەو ناڕەزایەتییانە کپ دەکرێنەوە و خەڵکی ناڕازی شەقامەکان چۆڵ دەکەن و دەگەڕێنەوە ماڵەکانی خۆیان و دنیای دەرەوەش لە بەر ساتوسەودای ئابووری و بەرژەوەندییەکانیان چاوپۆشی لە سەرکوتی خەڵک دەکەن. بەڵام ڕەوتی ڕووداوەکان و درێژەکیشانی ناڕەزایەتییەکان و مانەوەی خەڵک لەسەر شەقامەکان و هاتنەئارای دروشمە پێکهاتەشکێنەکان کە بنەما و بنچینەکانی نیزامی کۆماری ئیسلامی کردبووە ئامانج و نیشانە، پێچەوانەی ئەو بۆچوونەی دەسەڵاتدرنی ڕێژیمی سەلماند. چونکە ڕق و بیزاریی پەنگخواردووی گەلانی ئێران لە ماوەی ٤٣ ساڵی ڕابردوو بە چەشنیک بوو کە تەنیا پێویستی بە ڕووداویک بوو کە بە ڕووی دەسەڵاتدارانی تاراندا بتەقێتەوە. بە واتایەکی دیکە تەقینەوەی ئەوجارەی گەلانی ئێران بە ڕووی نیزامی کۆماری ئیسلامیدا کە ڕوخساری ڕاپەڕینێکی بەربەرین و هەمەلایەنەی بە خۆیەوە گرتووە، بەرهەمی کۆمەڵێک سیاسەتە کە سەرچاوەگرتووە لە بنەماکانی نیزامی کۆماری ئیسلامییە. وەک ڕەچاونەکردنی مافی نەتەوایەتیی گەلانی ئێران، بەرتەسککردنەوەی بازنەی دەسەڵات لە تاقمێکی دیاریکراودا، هەوڵدان بۆ کۆمەڵگەیەکی یەکدەستی فەرهەنگی و تواندنەوەی هەموو فەرهەنگ و کولتوورەکان لە فەرهەنگ و کولتووری دەسەڵات، سیاسەتی دەرەکیی دوژمنساز و تەریککەوتنەوەی ئێران لە کۆمەڵگەی

جیهانی، دەستێوەردان لە کاروباری وڵاتان (هەناردەکردنی شۆڕش) و...، ئاکامی هەموو ئەو سیاسەتە چەوت و هەڵانە لە نێوخۆی ئێران ڕەنگی داوەتەوە و کۆمەڵگەیەکی هەژار لە بواری ئابووری و تینوو بە ئازادیی بەرهەم هێناوە، بۆیە ڕووداویکی وەک شەهیدبوونی «ژینا ئەمینی» توانی ببێتە چەغماخەی ڕاپەرینێکی سەرانسەری لە ئێراندا.

کاتێک دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی ئێران کەوتنە خۆ بۆ ئەوە پێش بەو ڕاپەرینە بەربەرینە بگرن، بە جیگای ئەوە داوای لێبوردن لە خەڵک بکەن و هەوڵ بدەن بکەرانی شەهیدکردنی ژینا ئەمینی بدەنە دادگایەکی دادپەروەر بۆ دەرخستنی ڕاستییەکان، وەک سیاسەتی هەمیشەییان دەستیان بۆ کەرەسەی سەرکوت برد و هێزە نیزامییەکانی خۆیان ڕژاندە سەر شەقامەکان و بێسڵەمینەوە دەستیان لە هیچ جینایەتێک نەپاراست؛ بە چەشنێک هەتا ئێستا بەپێی ئامارە زانراوەکان زیاتر لە پێنجسەد کەس لە گەنج و لاوی ئێران و کوردستانیان لە شەقامەکان شەهید کردووە و زیاتر لە چەند هەزار کەس بریندار بوون و بە هەزارانیش دەستبەسەر و ڕاپێچی زیندانەکان کراون. هەر بۆ ئەوەی دەسەڵاتدارانی تاران بیسەلمێنن کە ژینا ئەمینی یان نەکوشتووە! لە هەمان کاتدا لە ماوەی ئەو سەد ڕۆژە ڕاپەڕینەدا شێوازی سەرکوت و بەرەنگاری هێزەکانی دەسەڵات لەگەڵ خۆپێشاندەران لە کوردستان و بەلووچستان زۆر جیاوازتر بووە لەگەڵ شوێنەکانی دیکەی ئێران، ئامارەی شەهید و بریندار و دەستبەسەرکراوەکان لەو دوو ناوچەیە ئەو ڕاستییە دەردەخەن کە سەرکوت لە کوردستان و بەلووچستان زۆر بێبەزەییانە و دوور لە هەموو پرنسیپێکی ئینسانی و حکومەتداری بووە.

سەرکوت و زەبروزەنگ نواندنی دەسەڵاتدارانی تاران لە کوردستان شتێکی نوێ نییە و چونکە هەر لە سەرەتای بەدەستەوەگرتنی دەسەڵات لە ئێران، ڕێبەری ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی (خومەینی) فتوای جیهادی بە دژی گەلی کورد دەرکرد و شەڕێکی نەخوازراو و نابەرابەریان بە

سەر گەلی کورددا سەپاند کە بەداخەوە هەتا ئێستاش ئەو شەڕە لە وێناوشکلی جیاوازدا درێژەی هەیە و ماوەی ئەو ٤٣ ساڵەی حوکمرانیی ئەو نیزامە سیاسییە، کوردستان بە چاوی ئەمنییەتییەوە سەیری کراوە. بەڵام بەپێچەوانەی ویستی ڕێژیم گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ماوەی ٤٣ساڵی ڕابردوودا تەحموولی هەموو سەرکوت و ئەزیەت و ئازارێکی کردووە و لە خەبات بۆ وەدەستخستنی مافەکانی هیچ جۆرە پاشەکشەیەکی نەکردووە و ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ڕاستییە کە گەلی کورد خاوەنی حیزبی ڕەسەن و بەئەزموونە بەو مانایە کە ویست و داخوازیەکانیان لە چوارچێوەی بەرنامەی حیزبەکاندا ڕێک خستووە و بە چەشنێک کە لە بواری سازماندەیی و ڕێکخستنەوە جیاوازییان لەگەڵ ناوچەکانی دیکەی ئێران هەیە، بۆیە دەسەڵاتدارانی تاران لەگەڵ ئەوەدا کە ماوەی ٤٣ ساڵە لە دەزگاکانی تەبلیغی و ڕاگەیاندنەکانی خۆیاندا بە گوێی گەلانی ئێراندا دەچرپێنن کە توانیویانە حیزبەکانی کوردستان سەرکوت و لە مەیدان بەدەریان بکەن، بەڵام کردەوەکانی دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی درحەق بە حیزبەکانی کوردستان ئەو ڕاستییە دەردەخەن کە حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ماوەی ٤٣ ساڵی ڕابردوودا سەرەڕای دژواربوونی مەیدانی خەبات هەروا بە گوڕوتین لە مەیدانی خەباتی مافخوازانەی خەڵکی کوردستان بە دژی نیزامی کۆماری ئیسلامیدان. بۆیە دەسەڵاتدارانی نیزام و بەتایبەتی فەرماندەرانی سپای پاسداران ئەو جاریش هەروەک جارەکانی دیکە بە بیانووی پروپوچی وەک بەشداریی هێزی پێشمەرگە لە نارەزایەتیەکانی خەڵکی کوردستان و بوونی بنکەی ئەمریکا و ئیسرائیل لەنێو بنکەوبارەگاکانی حیزبەکان، لە پێشنیوەڕۆی ٦ی ڕەزبەر، واتا تەنیا ٨ ڕۆژ دوای دەستپێکردنی ڕاپەرینی جەماوەریی خەڵکی کوردستان و ئێران سپای پاسداران بە دەیان مووشک و دڕۆنی خۆکوژ بنکەوشوێنی نیشتەجێبوونی بنەماڵەی کادر و پێشمەرگەی حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانی نیشتەجی

لە باشووری کوردستان کردە ئامانج؛ بەو خەیاڵە کە بە سەرکوتی درندانەی خەڵکی کوردستان لەسەر شەقامەکان و مووشەکباران کردنی حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەتوانن پاشەکشە بە خەڵک و حیزبەکان و لە مەیدان بەدەریان بکەن و لە هەمان کاتدا پەیام بدەن بە گەلانی دیکەی ئێران کە نەکەن هاودەنگی کوردستان بن ئەوە کورد خەریکە تەواویەتی ئەرزی ئێران دەخاتە مەترسییەوە بۆیە هێزی نیزامی سپای پاسداران ئاوا خیرا دژ کردەوەی لە خۆی نیشان داوە و لە دەرەوەی سنوورەکانی ئێران ناوەندی کۆکردنەوە و سازماندەهی ئەو مەترسییە گەورەی لەسەر ئێران بە مووشک و درۆنی مووشکهاوێژ و خۆتەقێن کردۆتە ئامانج. پاساویکی بێبنەما بۆ سەرکوتی جووڵانەوەی مافخوازانەی گەلی کورد کە ماوەی ٤٣ ساڵە دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی دەرخواردی کۆمەڵگەی ئێرانی دەدەن. ئەگەر لە سەردەمانێکدا بە هۆکاری جۆراوجۆر و جیاواز بێجگە لە کوردستان، بەشەکانی دیکەی ئێران بە چاوی گومانەوە دەیانڕوانییە جووڵانەوەی مافخوازانەی خەڵکی کوردستان و لە بەرانبەر ئەو زوڵم و ناحەقیانەی لە گەڵی کورد دەکرا و بە جۆرێک لە جۆرەکان بێدەنگییان هەڵبژاردبوو، بەڵام ئەو جارەیان لە دوای شەهیدبوونی ژینا ئەمینی، بە پێچەوانەی ڕابردوو کوردستان بوو بە پێشەنگی خەبات بەدژی دەسەڵاتدارانی ئێران و شوعاری ژن،ژیان،ئازادی بوو بە شوعاری سەرەکی هەموو نارەزایەتییەکانی سەرانسەری ئێران. بەو مانایە ئەو جار کوردستان بەتەنیا نەبوو، ئەوە نیشانەی ئەوە بوو کە خۆڕاگریی خەڵک و حیزبەکانی کوردستان لە ماوەی ئەو ٤٣ ساڵەدا لە بەرانبەر سیاسەتی هەڵە و چەوتەکانی دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی ئەو حەقانییەتەی بە خەڵکی کوردستان داوە کە گەلانی دیکەی ئێران هەست بە ڕەوابوونی داواکارییەکانی گەلی کورد بکەن و بەپێچەوانەی چاوەڕوانی دەسەڵاتدارانی نیزام کوردستان بوو بە «چشم و چراغ ایران» و لە ماوەی زەمەنیی خۆپێشاندانەکاندا ئەو

دروشمە بە هەزاران جار لەسەر زاری خەڵکی وەزاڵەهاتووی ئێران لە شوێنە جیاوازەکانی ئێران دووپات بووە.

بە دەنگەوە هاتنی خەڵکی کوردستان بە بانگەوازەکانی ناوەندی هاوکاری لە ماوەی ئەو سەد ڕۆژەدا و بەشداری و پشتیوانیی گەلانی دیکەی ئێران لە ڕاپەرینی «ژینا» و گشتگیربوونی دروشمی «ژن، ژیان، ئازادی» سەلمێنەری ئەو ڕاستییە بوون کە نیزامی کۆماری ئیسلامی لە تەواویەتیی خۆیدا تووشی شکان و داڕمان بووە و گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەروا پشتیوان و پشتگیری حیزبەکانی کوردستانن و حیزبەکان بە ئاڵاهەڵگری خەباتی نەتەوایەتی و مافخوازانەی خۆیان دەزانن.

سیاسەت و هەڵسوکەوتەکانی کۆماری ئیسلامی لە ماوەی ٤٣ ساڵی ڕابردوودا نەیتوانیووە لە کوردستان جیگەوپێگەیەک بۆ ئەو نیزامە دەستەبەر بکا و خەڵک و حیزبە سیاسییەکانی گۆڕەپانی خەبات لێک دابڕێ. بەو مانایە کە ڕووداوەکانی ئەو سێ مانگە سەلمێنەری ئەوە بوون کە ئامانجی حیزب و ڕێکخراوەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان جیا نین لە ویست و داخوازییەکانی خەڵکی کوردستان. بۆیە دەتوانین بڵێین کە دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی لە بەربەرەکانی لەگەڵ خەباتی مافخوازانەی گەلی کورد دوای ٤٣ ساڵ هیشتا لە خاڵی سفر دان و نەیانتوانیوە هیچ سەرکەوتنێک بۆ ئامانجەکانی خۆیان چ لە بواری سیاسیی وچ لە بواری ئەمنییەتییەوە لە کوردستان دەستەبەر بکەن.

پوختەی مەبەست: ڕاپەرینی «ژینا» ڕوخساری ڕاستەقینەی داپۆشراوی نیزامی کۆماری ئیسلامی کە وا وێنا دەکرا کە سیستمێکی سیاسیی سەقامگیرە و گەلانی ئێران پشتیوان و پشتگیریی دەکەن بەتەواوی دەرخست، لە ماوەی ئەو سەد ڕۆژەدا کە لە مێژووی ئێراندا بە شۆرشی ژینا دەنوسرێتەوە، سەلماندی کە سیستمی سیاسیی مەزهەبیی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە سەردەمی ئێستادا ناتوانی وەڵامدەری ویست و داخوازی و نیازەکانی کۆمەڵگەی ئێران بێ و

لە هەمان کاتدا ئەو ڕاپەڕینە جەماوەرییە لە ماوەی ئەو سەد ڕۆژەدا ئاڵوگۆڕێکی ئەوەندە بەربەرینی لە پێوەندییە سیاسیی و کۆمەڵایەتییەکان لەنێو کۆمەڵگەی ئێران پێک هێناوە کە ڕەنگە لە هەلومەرجی ئاساییدا بە چەندین ساڵی پێویست بوایە کە ئەو هاوپێوەندییە لە گوتار و کرداری گەلانی ئێراندا پێک بێ، کە ئەوە دەسکەوتێکی گەورەیە بۆ کۆمەڵگەیەکی ناڕازی لە دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی. لە هەمان کاتدا ڕاپەڕینی «ژینا» بە هۆی بەردەوامی و هاوپێوەندییەکی سەرانسەری لەنێو گەلانی ئێران لە ماوەی سەد ڕۆژی ڕابردوودا توانی سەنگ و قورسایی خۆی بە کۆمەڵگەی جیهانی نیشان بدا و هەتا ڕادەیەکی بەربەرین توانیویەتی پشتیوانی وپشتگیریی کۆمەڵگەی جیهانی و نێودەوڵەتی بۆخۆی دەستەبەر بکا.

ڕاپەڕینی ئەو جاری گەلانی ئێران بەدژی نیزامی دەسەڵاتداری تاران بە تێپەربوون لە ماوەی زەمەنی سەد ڕۆژە، پێی ناوەتە قۆناخێکی دیکەی خەبات و ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ لە نێوخۆی ئێران و دەرەوەی سنوورەکانی ئێران پشتگیری و پشتیوانی زیاتر دەبێ و نیزامی کۆماری ئیسلامی ئێران تەریک و تەریکتر دەبێتەوە و دەبێ لە بیرمان بێ مێژوو سەلماندوویەتی کە زەبروزەنگ و توندوتیژی دەسەڵاتداران بەدژی خەڵکی ناڕازی لە دەسەڵات لە کۆتاییدا هەر بە ڕووی دەسەڵاتداراندا دەشکێتەوە و سەرکەوتن بۆ بەرەی خەڵکە.

# تایبەتمەندییەکانی شۆڕشی ژینا
# لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان

**ڕەزا دانشجوو**

شۆڕشی ژینا لە کاتێکدا سەد ڕۆژیی خۆی تێپەڕاند کە خرۆشی دووبارەی شەقام خوێنێکی تازەی ڕژاندە نێو دەمارەکانی شۆڕشەوە و ڕێگای ئازادیی هەموارتر و ڕژێمی تاوانکاری پەرێشانتر کرد. چاوخشاندنێک بەو ڕووداوانەی کە لەم سەد ڕۆژەدا ڕوویان داوە، تاقمێک تایبەتمەندیی ناوازەمان بۆ دەردەخات کە دەتوانێت لە بەهێزکردنی بزووتنەوەی ئازادیخوازانەی خەڵکی ئێران و کوردستان زۆر کاریگەر بێت.

ئەگەرچی پرۆسەی بزووتنەوەی شۆڕش لەم سەد ڕۆژەدا هەوراز و نشێوی جۆراوجۆری هەبووە، کە ئەمەش لە بەرانبەر دەسەڵاتی تاوانکار و جینایەتکاری کۆماری ئیسلامیدا کە هەر ڕەخنەیەک بە گوللە وەڵام دەداتەوە، تەواو ئاساییە. بەڵام لە هەمان کاتدا دەستکەوتی

ناوازەی زۆریشی هەبووە، کە لە گرنگترینەکان دەکرێ ئاماژە بکرێت بە یەکگرتوویی بێوێنەی نێوان گەلانی ئێران، بەشداریی بەهێزی گەنجەکان و ژنان، تێکڵاویی گرووپە جیاوازە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان. وەک گوترا چاوەڕوانی بوونی خەڵک لە شەقامەکان بە شێوەی «هێڵکاریێکی هێلی» بەرەو سەرەوە تەواو ناڕاستە، ڕێژیمی ویلایەتی فەقیهـ هیچ جۆرە نارەزایەتییەک قەبووڵ ناکات، پێویستە مرۆڤ سەبر بگرێت، ئێرە نە «تونس»ە و نە «میسر» ، تەنانەت نە «لیبی». ئەوەی لە شۆڕشی ژینا تا ئێستا دیتراوە «هێڵکاریێکی سینوسی»یە بە شەپۆلی نایەکسانەوە. بەپێی بارودۆخەکە، گەورەیی ئەم شەپۆلانە جیاوازە، ئەمە واقیعی شەقامە، کە لەسەر بنەمای هۆکاری جۆراوجۆر دروست دەبێت. خاڵی گرنگ لەم جووڵەدا، مەودای نێوان زۆرترین خاڵ و کەمترین خاڵە، کە کەم و قبوڵ کراوە.

خاڵێکی تری گرنگ ئەوەیە کە بە پێچەوانەی ئەوەی ڕێژیم دەیهەویست بە دۆزینەوەی لوتکەکان هەوڵی ڕاگرتنی ئەم بزووتنەوەیە بدات، ئەم شەپۆلانە بەتەواوی نارێکن و ناتوانرێت هیچ ڕێکخستنێکی بۆ دیاری بکرێت. هەروەک گوترا بەهۆی ئەو بارودۆخە ئەمنییەتییەی کە ڕێژیم دروستی کردووە، زۆرێک لە خۆپیشاندانەکان بەبێ پلانی لەپێشداڕێژراوە و سەربەخۆ ڕوو دەدەن، ئەمەش وایکردووە ڕووبەڕووبوونەوەی ڕێژیم تەواو لاواز بێت. کوردستان، وەک پێشەنگی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی گەلانی ئێران، لەم سەد ڕۆژەدا شوێنی خولقاندنی داستانە بێهاوتاکان بووە، کە لە درێژەدا بەکورتی باس لە هەندێک لە تایبەتمەندییەکانی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی ڕۆژهەڵات دەکەین.

## یەکگرتوویی ناوازەی خەڵکی ڕۆژهەڵات

بەدڵنیاییەوە دەتوانین بڵێین ڕۆژهەڵات لە هیچ قۆناغێکدا شاهیدی لێکنزیکبوونەوەیەکی لەو شێوەیە نەبووە، چ لە سەردەمی کۆماری کوردستان و ئەو کەشوهەوایەی کە بۆ پەرەپێدانی بەها هاوبەشەکان دروست بووە، چ لە کاتی ڕووداوەکانی دوای شۆڕشی ٥٧ و بوونی خەڵک بۆ بەدەستهێنان مافە داواکراوەکان، ئەم ڕادە لە پێکەوەبوون هەرگیز بوونی نەبووە. ئاوڕدانەوەیەک لە سەرەتای شۆڕشی ژینا، پاڵپشتی باڵادەستی شارەکانی کوردستان بۆ یەکتر، لاپەڕەیەکی زێڕینی مێژووی ڕۆژهەڵاتە. ئەو خەڵکەی کە لە سەختترین ڕۆژەکاندا پێشوازییان لە گوللەی داگیرکەران کرد بۆ ئەوەی خوشک و براکانیان لە شارەکانی تر لەژێر فشاری سەرکوتکردنی ڕژیم بێنە دەر. ئەم دیمەنە دەگمەنە چەندین جار بیندرا، کاتێک شارێکی ڕۆژهەڵات لەژێر فشاری سەرکوتکردن و کوشتاری ڕێژیم بوو، شارەکانی تر شەقامەکانیان خرۆشاند و بەم جۆرە ماشێنی سەرکوتکاری ڕێژێمیان ڕاگرت. جوغرافیایەک کە مرۆڤەکانی بۆ یەکتر دەمرن، شەرەفی مێژووە، ئیلهامبەخشی ئازادی و ژیانبەخشینە.

چاوخشاندنێک بە ناڕەزایەتییەکانی کوردستان جیا لەو لێکنزیکبوونەوەیە کە لە سەرەوە باسمان کرد، دەمانگەیەنێتە خاڵێکی دیکەی زۆر گرنگ و ئەویش بەربڵاوی جوغرافیییەیە کە لە شۆڕشی ژینادا بەشدارە. لە ورمێ تا ئیلام هیچ شوێنێک نییە کە لە شۆڕشی ژینادا ئامادە نەبێت، ئەندامانی یەک جەستە کە بۆ یەکتر دەژین و بۆ یەکتر دەمرن. لە هەمووی گرینگتر بەشداریی ناوازەی بەشێک لە جوغرافیای ڕۆژهەڵاتە کە ساڵانێکە لە سایەی سیاسەتی دژەئینسانیی کۆماری ئیسلامیدا هەوڵی دوورکەوتنەوەیان لە جوغرافیای کوردستان و لەبیربردنەوەی نیشتیمانی دایکیان و بەستنەوەیان بە نیشتمانێک و شوناسێکی دیکە دراوە. ئامادەبوونی مێژوویی شارگەلێک وەک قوروە و بیجاڕ لە سەر شەقام و دووپاتکردەوەی چەندین جارەی

پاڵپشتییان بۆ شۆڕشی ژینا، فۆرم و جۆری بەشداری و بەرخۆدانی قارەمانانەی خەڵک لە شیروان چـەرداول، سەرابڵە، ئابدانان، کە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی تەواو ناهۆمێد کرد، دەسکەوتێکی بێوێنەی شۆڕشی ژینا بوو. ئەو شارانەی ساڵانێکە شاهیدی توندترین شێوەی ئاسیمیلاسیۆن و پاکتاوکردنی نەتەوەیی بوون و هەموو جۆرە پیلانێکیان بۆ بێکاریگەربوون لە جوگرافیای کوردستاندا ئەزموون کردووە، ئێستا ئاڵا هەڵگری شۆڕشی ژینا و بزووتنەوەی ئازادیخوازی خەڵکی ڕۆژهەڵاتن. ئەو مرۆڤانەی داستانی نەسرەوتن و بەرخۆدانیان کۆشکی دیکتاتۆری درۆ و سێدارەی لەرزاند، پارچە پارچەی جەستەی نیشتمانێکی خەمگین کە جگە لە باوەشی دایکدا ئارام ناگرن.

### هەماهەنگیی نێوان لایەنە کوردییەکان

هاوکاری و هەماهەنگیی لایەنە کوردستانییەکان، چ لە چوارچێوەی ناوەندی هاوکاری چ لە شێوەی کۆبوونەوەی جۆراوجۆردا، توانای زیاتری خستە بەردەستی سیاسەتمەدارانی کوردستان. بە بەراورد شۆڕشی ٥٧ و ساڵەکانی دوای ئەو، نیزیکی و هەماهەنگیی حیزبەکانی ڕۆژهـەڵات زۆر باشترە. هەرچەندە بە دڵنیاییەوە خاڵی لاوازیش هەن و دەبێت هەنگاو بۆ چارەسەرکردنیان بگیرێتەبەر، بەڵام ئەوەی گرینگە لایەنە کوردییەکان ڕێگای دیالۆگ و گفتوگۆیان بۆ گەیشتن بە چارەسەرێکی هاوبەش هەڵبژاردووە، ڕێگایەک کە دەتوانێت قورسایی و کاریگەرییان لە داهاتووی سیاسیی ئێراندا زۆر زیاد بکات.

### تێڕوانینی سیاسی لە ڕۆژهەڵات

ئەوەی ناسنامەی بە شۆڕشی ژینا بەخشی و وای کرد لە سنوورە جوغرافییەکان تێپەڕێنێت، فۆرم و سروشتی ئەم شۆڕشەیە. شۆڕشێک کە لەسەر بنەما و بەها بەرزەکانی مرۆڤایەتی و دوور لە هەر دروشمێکی سۆزداری دامەزراوە. «ژن، ژیان، ئازادی»، «کوردستان،

گۆڕستانی فاشیستان»، «کورد، بەلووچ، ئازەری، ئازادی، بەرابەری»، دروشمگەلێک کە ڕوانگەی سیاسی باڵای خەڵکی کوردستان پیشان دەدەن و ڕێگایەکی ڕوونیان بۆ شۆڕشی ژینا دیاری کردووە ،ڕێگایەک بەرەو دێموکراسی و ژیانی ئاسایی کۆمەڵانی جۆراجۆری خەڵک بەبێ گوێدان بە زمان و نەتەوە و لەسەر بنەمای پێکەوەژیانێکی ئاشتیانە. جگە لەوەش بوونی ژنانی کورد وەک پێشەنگی شۆڕشی ژینا نیشانەی پێگەی ژنانە لە کۆمەڵگای کوردستان و وێنەیەکی ڕوونی دیدگای سیاسی و جووڵەی ڕوو بە پێشەوەی ڕۆژهەڵاتە. خاڵی گرینگ ئەوەیە کە سەرەڕای هەموو هەوڵەکانی ڕێژیم بۆ بەلارێدابردنی شۆڕشی ژینا، هەروەها هەندێک قسەی بێبنەمای تاقمێک لایەنی سیاسییە بیرتەسک و پاوانخواز، خەڵکی کوردستان بە جەختکردنەوە لە ناسنامەی نەتەوەیی خۆیان وبە دوور لە هەر کەشێکی سۆزدارییەوە بە ئاراستەیەکی ڕاستدا دەڕۆن و سوورن لەسەر ڕێگا و ڕێبازیان.

ئەم تایبەتمەندییە ناوازانە و پێشەنگیی خەڵکی کوردستان و ئامادەبوونی وشیارانە و ئامانجدارانەیان لە شۆڕشی ژینادا وای کرد خەڵکی بەشەکانی دیکەی ئێران کە ساڵانێک لەژێر دروشمی دوو دەسەڵاتی دیکتاتۆردا وێنەیەکی ناڕاستەقینەیان لە کورد هەبوو، زۆر باشتر لە واقیعی ئازادیخوازیی خەڵکی کوردستان ئاگادار بن. ئەم تێگەیشتن و حاڵیبوونە دەتوانرێت بەباشی لەو دروشمە جۆراوجۆرانەی کە لەم ماوەیەدا دراون بدۆزرێتەوەوە. ئێستا «جیاییخوازی» و هەوڵدان بۆ چاندنی ئەو عەقڵییەتە لە خەڵکی پارچەکانی دیکەی ئێراندا هەوڵێکی بێهودە و بێئەنجامە و ڕێبەرانی کۆماری ئیسلامی لە هەموو کەس باشتر دەزانن کە قسەکانیان ئیتر هیچ کڕیارێکی نییە. خاڵێکی تر کرانەوەی ڕێگایەک بۆ گەیشتنی گوتاری بنیاتنەری خەڵکی کوردستان بۆ زۆرێک لە وڵاتانی جیهانە، ئێستا هەموو جیهان شۆڕشی ژینا بە دروشمی »ژن، ژیان، ئازادی» دەناسێت. دروشمێک کە چەندین جار بە کوردی لەسەر ڕووبەرگی ڕۆژنامە و کەناڵە تەلەفزیۆنییەکان

و شـوێنـەوارە بەناوبانگەکانی دونـیا نـووسـراوە. کوردسـتـان و شارەکانی چەندین جار توانیویانە بگەنە لوتکەی هەواڵە جیهانییەکان و بەناوبانگترین سیاسەتمەدارەکانی جیهان باسیان کردووە، ئێستا قورسایی خەڵکی کوردستان لە هاوکێشە سیاسییەکانی ئێراندا زۆر بەرچاوە و سیاسەتمەدارانی ئەورووپی و ئەمریکیش بە باشی ئاگاداری ئەم بابەتەن.

ئاماژەکردن بە ڕۆڵی ئۆپۆزیسیۆنی کورد لە ئایندەی ئێرانیشدا خاڵێکی گرنگە کە لەوتارەکانی زۆرێک لە سیاسەتمەدارانی بیانیدا دەبینرێت، بۆ نموونە لە پلانی هەندێک لایەنی ئەڵمانی لە پەرلەمانی ئـەم وڵاتـەدا بـەڕوونـی بـاس کـراوە کە پێویستە حکومەتی ئەڵمان پشتیوانی لە ئۆپۆزسیۆنی ئێران بە تایبەتی ئۆپۆزسیۆنی کورد بکات. ئـەم سـەرنجە دەتـوانێ زۆر کاریگەر بێت بۆ چـارەسـەری کێشـەی کورد لە ئێراندا. ئاشکرایە کە سەرکەوتنی شۆڕشی ژینا و بەدیهێنانی خواستە ڕەواکانی خەڵکی کوردستان و ئێران بەندە بە پاراستنی ئەو تایبەتمەندییە ناوازانەوە، ئەم تایبەتمەندییانەی کە کۆماری ئیسلامی لێیان دەترسێ و لەوپەڕی نیگەرانیدایە و هەوڵی پەکخستنیان دەدات.

# کوردستان لە شۆڕشی ژینادا و دەرفەتەکانی بەردەم بزووتنەوەی کورد لە ئێران

**فەریبا محەممەدی**

دوای کوشتنی ژینا بە دەستی گەشتی ئیرشادی کۆماری ئیسلامی لە تاران، زۆر زوو خەڵکی شاری سەقز و سنە دەستیان کرد بە ناڕەزایەتیدەربرین و ڕۆژی ناشتنەکەشی بوو بە سەرەتایەک بۆ شۆڕشێکی بەهێز کە بەخێرایی هەموو کوردستان و دواتر ئێرانی گرتەوە. لابردنی لەچک و دروشمی ژن، ژیان، ئازادی هەر زۆر زوو لە سەقزەوە بۆ هەموو ئێران تەشەنەی کرد و پڕیشکی ئەم شۆڕشە سەرانسەری بۆوە. ئەوەی گرینگە ئاماژەی پێ بکرێ ئەوەیە کە کوردستان بوو بە ناوەندی هەڵگیرسانی شۆڕشێک کە هەموو قۆژبنێکی ئێرانی گرتەوە و بۆ یەکەمجار ئاخێزیک بەم قەوارەیە لە ئێرانی ژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی ڕوو بدا.

ئەم ڕووداوە بووە هۆی ئەوەی کوردستان لە دۆخێکی ستەملێکراوەوە ببێتە ناوەندێکی گرنگ کە لەوێ گۆڕانی مێژووی ئێران دەس پێ بکات، یان بووە هۆی ئەوەی کوردستان بە شێوازێکی تازە بکەوێتە نێو چوارچێوەی جۆغرافیای سیاسی ئێران و تەنانەت دەکرێ لە باری نێونەتەوەییشەوە خوێندنەوەیەکی جیاوازتر بۆ پێگە و جێگەی کورد بکرێت.

شۆڕشی ژینا کە ئێستا لە چوارەمین مانگی خۆیدایە ڕەهەندێکی گرینگی ئەوەیە فرەچەشنی و فرەئەتنیکی و نەتەوەیی ڕەنگی داوەتەوە لە ڕووداوەکاندا. بەتایبەت دەور و ڕۆڵی ژنان و کچانی

تازەپێگەیشتوو و بوێریی ئەوان لە بەشداری و بەرانبەرکێ لەگەڵ هێزە سەرکوتگەرەکانی ڕێژیم و هەروەها ڕێژەی بەشداریی لاوان و مێرمندالآن لە هەموو شارەکان نیشان دەدا کە نـەوەی نوێ بە پێشانگایەتیی ژنانەوە خوازیاری گۆڕانن. لە هەمانکاتیش خوێندکاران وەک هەمیشە پێشەنگ و پێشڕەو بـوون و جارێکیتر سەلماندیان کە دەتوانن دەوری سەرەکییان هەبێ لەم شۆڕشە بۆ لە گۆڕنانی کۆمـاری ئیسلامی. لە سـەدەی ڕابـردوو خوێندکاران لە زۆربـەی شۆڕشە گرینگەکانی جیهان دەوری گرینگیان گێڕاوە و لە چەقی گۆڕانکارییەکاندا بوون.

لە لایەکیترەوە کوردستان و بەلووچستان دوو ناوچە و نەتەوەی سەرەکی لەم شۆڕشە بوون کە تا ئێستاش بەردەوامن و زیاترین قوربانییان داوە. هاوسۆزی و هاودەنگیی ئـەوان بۆ یەکتر جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە ئەم دوو نەتەوە بە درێژایی تەمەنی کۆماری ئیسلامی بەرەو ڕووی زیاترین چەوساندنەوە و بێمافی بوونەتەوە. ڕەنگە لە باری ڕوانین بۆ خەبات و بەرخودان جیاوازییان هەبێ، بەڵام خاڵی هاوبەشیشیان کەم نییە و دەتوانن ببنە هۆی کۆدەنگی لەنێوان نەتەوەکانی دیکە. بەڵام ئەوەیکە زیاتر لێرە مەبەستە خودی کوردستان و خواست و داواکارییەکانی ئەوان و داهاتوویانە.

شۆڕشی ژینا هەروەک لە سەرەتاوە ئاماژەم پێ کرد کوردستانی کردووەتە مێحوری سەرەکیی ڕووداوەکە و هێژموونیی خواست و دروشمی کوردی پێوە دیارە. بۆیە کورد وەک تەنیا نەتەوەیەک کە هەر لە سەرەتاوە «نـا»ی بە کۆماری ئیسلامی گوتووە و لەدژی خەباتی کردووە و بەتەنیاش مایەوە تا شۆڕشی ژینا، ئەمرۆ دەتوانێ ڕێبەریی ئەم شۆڕشە لەئەستۆ بگرێ. کورد خاوەن حیزب و ڕێکخراوی سیاسییە کە هەم مێژوویەکی دووردرێژیان هەیە لە خەبات دژی داگیرکارانی کوردستان و هەم لەم ماوەیەدا سەلماندوویەتی دەتوانێ لەگەڵ خەڵکی کوردستان هەماهەنگ و یەکدەنگ بن و پەیوەندییەکی نەپچڕاو لەنێوانیاندا هەیە. مانگرتنە سەرتاسەرییەکان لەسەر داوای حیزبەکان سەلمێنەری ئەم ڕاستییەن و ئەمەش خاڵێکی پۆزەتیڤە.

لێرەدا پێم باشە ئاماژەیەک بکەم بە وتەیەک و دواتر دێمەوە سەر بابەتەکە. دەیڤید ڕۆمانۆ، نووسەری کتێبی بزاڤی ناسیۆنالیستی کورد دەڵێ: «خەسڵەتی بزاڤی ناسیۆنالیستیی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئەوەیە کە شۆڕشی کورد زیاتر بەپێی ڕەخسانی دەرفەتی سیاسی سەری هەڵداوە. بە درێژایی سەدەی ڕابردوو هەرکات هەلێک ڕەخسابێ، بزاڤی کورد لە ئێران سەری هەڵداوە.» من بۆ خۆم کاتێ چاو بە مێژووی ئەم بەشەی کوردستان دەخشێنم، بە جۆرێک ئەم قسەیەم پێ ڕاستە. بەڵام مەبەستم ئەوە بوو کە ئەمجارە واتا شۆڕشی ژینا پێچەوانەی ئەم قسەیە و ئەوە کورد بە دروستی خۆی دەرفەتی ڕەخساند و گواستیەوە بۆ سەرتاسەری ئێرانیش. بۆیە شۆڕشی ژینا خاوەن ئەم جیاوازی و تایبەتمەندییەیە لەگەڵ ناڕەزایەتی و ئاخێزەکانی دیکە لە کوردستان و ئێرانیش.

ئەوەی هەتاکوو ئێستا توێژەران و چالاکانی سیاسی و شرۆڤەکاران ئاماژەی پێ دەدەن ئەوەیە کە شۆڕشی ژینا قۆناغێکی گرینگی بۆ تێپەربوون لە کۆماری ئیسلامی بڕیوە و ناگەڕێتەوە دواوە و بۆیە ئەم شۆڕشە ئەگەرچی هەوراز و نشێوی دەبێ، بەڵام لە کۆتاییدا سەرکەوتن مسۆگەر دەکات. هەربۆیە هەرەسهێنانی کۆماری ئیسلامی بێگومان دەرفەتێکی زێڕین بۆ نەتەوەی کورد بۆ دەستەبەرکردنی سەروەریی سیاسیی خۆی دەخوڵقێنێت. هەر ئەمەش وا دەکا کە کورد بە ئامادەییەکی زیاتر و بەرچاوڕوشنی هەنگاو بنێ و خواستەکانی خۆی فۆرمولە بکات و پێشکەشی هەموو لایەنەکانی دیکە لە ئێرانی بکات. بۆیە کورد دەتوانێ و پۆتانسیەلی ئەوەشی هەیە کە ئەم هەوڵە بدات و بە بنەماوەرگرتنی پرەنسیپی مافی یەکسانی دەسەڵاتی سیاسی بۆ گشت نەتەوەکانی نێو جۆغرافیای ئێران لەپێناو هاوئاهەنگی و سازکردنی بەرەیەکی هاوکاری.

بەڵام پرسیار ئەوەیە کورد لەم کاتەدا چیی دەوێ و چۆن دەتوانێ خۆی فۆرمولە بکات؟ ئایا فیدرالیزم کە هێزە سەرەکییەکانی کوردستان داوای دەکەن ئیمکانی هەیە؟ ئەگەر نەبوو دەبێ چی بکەن؟

بێگومان ئەم پرسیارانە و دەیان پرسیاری دیکە بۆ هەر تاکێکی

کورد دێتە ئاراوە و دەتوانێ ئاڵۆزیی فیکریش لەگەڵ خۆی بێنێ. بۆیە لە ڕوانگەی منەوە ئەزموونی کورد چ لەم بەشەی کوردستان و چ لە بەشەکانی دیکەی کوردستان پێمان دەڵێت کە ئەوە تەنیا ئیرادە و یەکدەنگیی خۆمانە دەتوانێ لە خواست و هیواکانمان نزیکمان بکاتەوە. لە ناوچەیەکی ئاڵۆز وەک ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست کە کورد لە چەقی ئەم ئاڵۆزییەشدایە بەدیهاتنی مافەکانمان کارێکی ئاسان نییە. پڕوپاگەندەی نەیاران و دوژمنانی کورد و بەتایبەت کۆماری ئیسلامی وای کردووە کە حەساسیەتێکی زۆر لەمەڕ پرسی کورد هەیە. بەڵام ئەمجارە شۆڕشی ژینا ئەو دەرفەتەی بۆمان خوڵقاندووە تا توانایی و ئیرادەی کورد زیاتر خۆی دەربخات و جێی سەرنج بێ، بە مەرجێ کورد و ڕێبەری کورد بزانێ کەڵکی لێ وەربگرێت.

سەروەریی سیاسیی خەڵکی کوردستان ئەو خاڵە گرینگەیە کە دەبێ لە سەری بوەستین و هێڵی سوورمان بێ. لە ئێرانی فرەنەتەوە و فرەچەشن لە دوای کۆماری ئیسلامی کە ئاڵترناتیڤێکی بەهێزی ڕادیکاڵ نابیندرێ، بێگومان ئاستەنگی زۆر هەیە بۆ دیمۆکراتیزەکردنی ئەم وڵاتە و گەیشتنی نەتەوەکان بە مافی ڕەوای خۆیان. هەروەک بەڕێز دوکتۆر بۆرهان یاسین دەڵێ کورد نابێ هەوڵ بۆ دروستکردنی دەوڵەتێک بدات کە دواتر داوای مافەکانی خۆی لێ بکات. ئەم وتە بەنرخە لەوەوە دێت کە کورد لە عێراقدا هەوڵ و تەقەلای زۆری دا دوای ڕووخانی سەدام بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی عێراق و دواتر ئەو دەوڵەتە بەشێکیتر لە خاکی کوردستانی لە هەرێم جیا کردەوە و بەردەوام ناکۆکی هەیە لە نێوان هەرێم و ناوەندا. کە وا بوو کورد و هێزی سیاسی کوردستان ئەرکی سەرشانیەتی تا پێداگری لە سەر مافەکانی خۆی بۆ سەروەریی سیاسی بکات و لەو سۆنگەیەوە هەوڵ بۆ دێمۆکراتیزەکردنی ئێرانی داهاتوو بدات نەک ئەوەی مافەکانی خۆی بکاتە قوربانیی ئێرانی دێموکراتیک.

سەروەریی سیاسی و بەدەستەوەگرتنی چارەی خۆیان بە دەستی نەتەوەی کورد ئەو هێڵە سوورەیە کە دەبێ لەم هەلە و لەم شۆڕشە بیکات بە بنەما و خواستی سەرەکی.

# گەرووی هاوبەش

**برایم لاجانی**

ئەو بزووتنەوە ئێعترازییە سەرانسەرییەی پاش کوژرانی ژینا ئەمینی لە گرتووخانەی هێزە سەرکوتکەرەکانی ڕێژیمی ئاخوندیدا، بە دروشمی ژن ژیان ئازادی دەستی پێ کرد، پاش تێپەڕینی سەد ڕۆژ، ئێستا بۆتە بزووتنەوەیەکی بەرینی جەماوەری بەدژی ڕێژیمی دیکتاتۆری کۆماری ئیسلامی و لە ئاستی نێوخۆیی و نێونەتەوەییدا ئەو ڕێژیمەی، لە گەلێک بواراندا، لەگەڵ قەیران بەرەوڕوو کردووە. قسە و لێدوانەکانی کاربەدەستانی جۆراوجۆری ڕێژیم، هەرلە خامنەییەوە بگرە تا بەرپرسانی دەزگای قەزایی و حکومەتی و فەرماندە دژی گەلییەکانی سوپای پاسداران ئەوە نیشان دەدەن، کە ڕێژیم سەرەڕای ئەو هەموو زەبروزەنگ و زیندان و گرتن و ڕاونان و ئێعدام و کوشت و کوشتارەی بەرانبەر خەڵکی ناڕازی بەڕێوەی بردووە، نەیتوانیوە ئەو بزووتنەوەیە سەرکوت بکات و هەروا لەسەر دووڕیانی پاشەکشە لەژێر گوشاری بزووتنەوەی ناڕەزایەتیی خەڵک، یا توندترکردنی ماشێنی سەرکوت و زەبروزەنگ بۆ پاراستنی پایەکانی دەسەڵاتداریەتیی نیزامی ئاخوندیدا ماوەتەوە.

لەسەرەتادا خامنەیی و کاربەدەستانی دیکەی ڕێژیم هەوڵیان دا کە ئەو بزووتنەوە ئێعترازییانەی خەڵک وەک شتێکی کەمبایەخ لەقەڵەم بدەن.

بۆ ئەو مەبەستە وەک هەمیشە لە ڕێگای دەزگا تەبلیغاتییەکانیانەوە کەوتنە خۆ تا مەترسی دوژمنی دەرەکی و کێشە دەگەڵ ئەمریکا زەق کەنەوە.

بەڵام هەر زوو دەرکەوت کە ئەوجۆرە پیلان و چاووڕاوە تەبلیغاتییانەی کە ڕێژیم بۆ بەفریوبردنی خەڵک و بیروڕای گشتی هەمووجارێ لە هەلومەرجی جۆراوجۆری ئاوادا وەڕێیان دەخات، ئیدی کارایی خۆیان لەدەست داوە و لەمێژە بوونەتە بلّقی سەر ئاو. ئاخر ئیدی تازە بە هیچ جۆرێک ناکرێ ئەو قەیرانە هەموو لایەنەی کە ڕێژیم دەگەڵی دەستەویەخەیە و ئەو مەودا بەرینەی کەوتۆتە نێوان خەڵک و حکومەتی کۆماری ئیسلامی لەژێر پەردەی هەڕەشە و مەترسیی دەرەکیدا بشاردرێتەوە یا پشتگوێ بخرێ. هەموو ئەو بەڵگانەی لە پێوەندی دەگەڵ کۆبوونەوە نهێنییەکانی کاربەدەستانی ڕێژیم و فەرماندەکانی بەسیج و سوپا و دامودەزگا سەرکوتکەرەکانی دیکەی ڕێژیمدا بڵاو دەبنەوە، باس لەوە دەکەن کە خودی کاربەدەستانی ڕێژیمیش چاک دەزانن کە دۆڵێکی بەرین کەوتۆتە نێوان ڕێژیم لەلایەک و گەلانی ئازادیخوازی ئێران، چین و توێژە زەحمەتکێشەکان، ژنان و لاوان و خوێنکارانی وڵاتەکەمان لەلایەکی دیکەوە. لەوەش زیاتر ئەو مەودایە تا دێ بەرینتر و قووڵتریش دەبێتەوە.

بۆیە وێدەچێ ئێستا کە ئەو بزووتنەوەیە پێ دەنێتە سەدەمین ڕۆژی خۆی، ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بۆ هەردووکی ئەو دوو ڕێگایانەی کە لەو بارەوە کەوتوونەتە پێشی، پاشەکشە لەبەرانبەر داخوازییەکانی خەڵک یا توندترکردنی ماشێنی سەرکوت خۆی ئامادە بکات.

هێرشی موشەکی و پەهپادی بۆسەر بنکە و بارەگانی حیزب و ڕێکخراوە کوردستانییەکانی ئۆپۆزیسیۆنی کورد کە نیشتەجێی هەرێمی کوردستانی عێراقن بە فەرمانی خامنەیی و پاشان هێرش و پەلاماری دڕندانە و بێڕەحمانە بۆ سەر خەڵکی ناڕازی و کۆبوونەوە ئیعتڕازییەکانی خەڵک لە شارەکانی کوردستاندا وەک سنە، کرماشان، بۆکان، مەریوان، سەقز، دیواندەرە، جوانڕۆ، پاوە، قوروە، شنۆ، سەردەشت و هەروەها شارەکانی دیکەی وەک زاهیدان و ناوچەکانی

دیکەی بەلوچستان بە ڕەزامەندیی خامنەیی، دواتریش دادگاییکردنی خێرای گیراوەکان و مەحکومکردن و ئێعدامکردنیان بە تاوانی محارەبە، هەمووی ماسولکە نیشاندان و هەوڵدان بوون بۆ نیشاندانی هێز و توانای نیزامی و سەرکوتی ڕێژیم. لەلایەکی دیکەشەوە دانیشتنی شەمخانی، سەرۆکی دامـەزراوەی شوڕای بەرزی ئاسایشی میللی، ڕەئیسی، سەرۆک کۆماری ڕێژیم وغولامحوسەینی ئێژەیی، سەرۆکی دەزگای قەزایی لەگەڵ دەستەیەک لە بەناو ڕیفۆڕمخوازانی حکوومەتی دەکرێ وەک تاقیکردنەوە و هەوڵێک بۆ کەمکردنەوەی ناڕەزایەتییەکانی خەڵک و خۆئامادەکردن بۆ هەندێک پاشەکشەی ڕووکەشی و ڕواڵەتی بەمەبەستی بەلاڕێدابردنی بزووتنەوە ئێعترازییەکان بەحیساب بێت. قسەکانی محەممەدجەعفەر مونتەزیری، دادستانی گشتی سەبارەت بە هەڵوەشانەوەی گەشتی ئیرشاد، وەک مانۆڕێکی هەڵسەنگێنراو بەو ئاڕاستەیەدا چاوی لێ دەکرێ.

هەندێک کەسایەتی و ماڵپەر و ڕۆژنامە کە لەلایەن دارودەستە بەناو ڕیفۆڕمخوازەکانی نێو حکوومەتەوە بڵاو دەکرێنەوە، بە شوروشەوقێکی بێوێنەوە باس لەوە دەکەن کە ڕۆژنامە و دەزگا تەبلیغاتییەکانی سەر بە دەسەلات بەبایەخەوە قسە و لێدوانەکانی محەممەد خاتەمی سەبارەت بە پێویستی پێکهێنانی هەندێ ئاڵوگۆڕ، لەپێناو پاراستنی نیزام و هێشتنەوەی کۆماری ئیسلامی، بڵاو دەکـەنـەوە. سەیر ئەوەیە ئەو دارودەستە بەناو ڕیفۆڕمخوازە سەبارەت بە سەرکوتی ڕێژیم و هێرش و پەلاماری نیزامی سوپا بۆ سەر خەڵکی کوردستان و بەلوچستان و دەرکردنی سزای ئێعدام بۆ ناڕازییان لە بێدادگاکانی ڕێژیمدا تەواو بێدەنگییان هەڵبژاردووە. کەچی لێکدا لێکدا خەریکی بڵاوکردنەوەی درۆ و تەبلیغاتی خۆشبینانەن سەبارەت بەوە کە دەکرێ نیزامی ئاخوندی بە پێکهێنانی ئاڵوگۆڕ و وەڵامدانەوە بە هەندێک لە داخوازەکانی خەڵک ئەویش لە ڕێگای دەکارکردنی  دارودەستەی بەناو ڕیفۆڕمخوازەکانی نێو حکوومەت پێش بە قووڵبوونەوە و بەرینتربوونەوەی لەوەزۆرتری ڕاپەڕینی خەڵک بگیردرێ.

لەخۆڕا نییە سوپای پاسداران، لە بڵاوکراوەی «سوبحی سادق»دا،

که یەکێک لە بڵاوکراوەکانی سەر بە سوپا و دەزگا ئەمنییەتییەکانی دیکەیە، بە تام و چێژێکی تایبەتیەوە قسە بێنێوەرۆکەکانی خاتەمی سەبارەت بە بزووتنەوە ئێعترازییەکان بڵاو دەکاتەوە و لەولاشەوە ماڵپەڕی «ئێعتماد ئۆنلاین» لە زمان ئەو بڵاوکراوەی سوپاوە دەنوسێ کە خاتەمی بە ڕێکخستن و لێکنزیککردنەوەی لایەنە جۆراوجۆرەکانی نێو دەسەڵات دەتوانێ ببێتە جێگای متمانەی هەمووان و زەمینەی دیالۆگ و گفتووگۆ پێک بێنێ.

بەشی فارسیی ڕادیۆی BBCیش ڕایگەیاند کە ڕۆژنامەی ئێعتیماد چاپی تاران، لە ژمارەی ڕۆژی سێشەممە، ٢٠ دیسابمەری ٢٠٢٢ دا هەر لەوبارەوە نوسیویەتی کە پێویستە کەسانێک جڵەوی کاری حکومەتی ئاخوندی بەدەستەوە بگرن کە دوو زمانەن و هەم لە زمانی نەوەی تازە و خەڵک دەگەن و هەم لە زمانی نیزامی ئاخوندی و کاربەدەستە ئەسڵییەکانیشی حاڵی دەبن.

ڕاستیەکەی ئەوەیە لەمێژە بە تاقیکردنەوە دەرکەوتووە ئەو هەوڵانە هیچیان لێ شین نابێت. زۆر جاری دیکەش هەوڵ دراوە کە کۆماری ئیسلامی و خەڵک لێکێنزیک بکرێنەوە و کارێک بکرێ کە ئەو ڕێژیمە وەڵامی داخوازەکانی گەلانی ئێران بداتەوە و بە ڕێگای وەبەرچاوگرتنی قازانج و بەرژەوەندییەکانی ئەواندا بڕواتە پێش. بەڵام هەموو جارێ ئەو هەوڵانە بێئاکام هاتوونەتە دەر. بۆیە ئیدی ئێستا ڕەوتی ڕیفۆرمخواز لە نێو بیروڕای گشتیی خەڵکی ئێراندا وەک ڕەوتێکی بێئێعتیبار و سوتاوی سیاسی سەیری دەکرێ و خەڵک باش دەزانن کە ئەگەر ڕۆژێک نیزامی ئاخوندی بیەوێ کەڵکیشی لێ وەرگرێ، تەنیا بۆ بەلاڕێدابردنی بزووتنەوە ئێعترازییەکانی خەڵک و بەفریوبردنی بیروڕای گشتیی سیاسەتێکی ئەوتۆ دەگرێتە بەر.

ئاخر داخوازییە سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی، مەدەنی و فەرهەنگییە بنەڕەتییەکانی خەڵک لە چوارچێوەی سیستەمی سەرەڕۆی ویلایەتی فەقیهدا جێگایان نابێتەوە و کۆماری ئیسلامی نیشانی داوە کە ڕیفۆرم هەڵگر نییە. مانای ئەو قسە ئەوەیە کە مەودای نێوان داخوازەکانی خەڵک و حکومەتی ئاخوندی هێندە زۆرە کە ئەوجۆرە مانۆڕانەی

ڕێژیم ناتوانن خەڵک لەو خەبات و بەربەرەکانیە سارد کەنەوە  کە ئەوە سێ مانگ زیاترە لە ئاستێکی بەریندا بەڕێوەی دەبەن. ئیدی ئێستا چین و توێژە جۆراوجۆرەکانی خەڵک و گەلانی ڕاپەڕیوی ئێران داخوازی سەرەکییان بریتیە لە ڕووخانی ڕێژیمی دیکتاتۆریی کۆماری ئیسلامی و گەیشتن بە ئازادی و دێموکراسی و ژیانێکی پڕ لە عیزەت و کەرامەتی ئینسانی. نەک لە بەلوچستان و کوردستان و ناوچەکانی دیکەی ئێران تەنانەت دروشمی سەرەکی خەڵک لە شەقامەکانی تارانیشدا ئەوە چەند ڕۆژە بریتیە لە چ باحیجاب چ بێ حیجاب، بۆ پێشەوە بەرەو ئینقلاب.

هەروەک دەزانین ئێستا کۆماری ئیسلامی لە ئاستی نێونەتەوەییدا بەهۆی پێشێلکردنی سیستەماتیکی ماف و ئازادییەکانی مرۆڤ و هەوڵدان بۆ ناسەقامگیرکردنی ناوچە و بردنەپێشی تێرۆڕیزم لەژێر گوشار و پاڵەپەستۆیەکی قورسی سیاسی و ئابووری و دیپلۆماسیدایە. ئەو پاڵەپەستۆیە تا دێ زۆرتریش دەبێ و وەزعێک هاتۆتە پێش کە ڕێژیم لە ئاستی ناوچەیی و جیهانیدا تەواو دوورەپەرێز ماوەتەوە. تا دێ مەشرووعییەتی ڕێژیم پتر لە ڕێکخراوە نێونەتەوەییەکاندا دەخرێتە ژێر پرسیار. بۆیە وادێتە بەرچاو هەوڵی ڕێژیم بۆ هێنانەوەی بەناو ڕیفۆرمخوازەکان بۆ نێو ئاڵقەکانی سەرەوەی حکوومەت، بریتی بێت لە هەوڵدان بۆ بەربەرەکانی دەگەڵ ئەو فشار و پاڵەپەستۆ نێونەتەوەییەی کە لەژێریدا کەوتۆتە هەناسەبڕکێ. واتە نیزامی ئاخوندی دەیەوێ لەو داورودەستە سوتاوە بۆ ماڵەکەشی ڕووخساری دزێوی خۆی لە دەرەوە کەڵک وەرگرێ. بەڵام هەمووومان دەزانین کە لە نێوخۆی وڵاتدا کارنامەی ڕەوتی ڕیفۆڕمخواز هێندە ڕەشە کە هیچ کەس بڕوای بەوە نییە ئەوان بتوانن ئاڵوگۆڕێکی بەرچاو بە قازانجی ماف و ئازادییەکانی خەڵک پێک بێنن. چونکە لەمێژە ئەوان وەک داورودەستەیەک ناسروان کە هەموو هەوڵیان ئەوەیە لەسەر حیسابی خەڵک لەگەڵ دیکتاتۆری بسازێن و لە ئیمتیازات و نێعمەتەکانی نزیکایەتی لە دەسەڵاتداریەتی ئاخوندی کەڵک وەرگرن.

هەوڵی ڕێژیم بۆ وەگەڕخستنەوەی وتوێژەکانی پێوەندیدار بە

پەروەندەی ئەتۆمیی ئێران و سەفەری هەیئەتی نێردراوی ڕێکخراوی نێونەتەوەیی وزەی ئەتۆمی بۆ ئێرانیش هەر بە درێژەی ئەو مانۆڕە سیاسییە بە حساب دێت. ڕێژیم ڕەنگە بیەوێ بەجۆرێک لەگەڵ وڵاتانی ڕۆژئاوایی ڕێک کەوێ و تا ڕادەیەک ئەو گوشارە نێونەتەوەییە لەسەر خۆی کەم کاتەوە کە بەدەستیەوە گیری کردوە. بەڵام لەو پێوەندییەشدا کارنامەی ڕێژیم هێندە ڕەشە کە خاوەننەزەران لەو بڕوایەدان لەو بوارەشدا ئەو مانۆڕانەی ڕێژیم بەهیچ کوێ ناگەن. لەخۆڕا نییە کە ئەمریکا و وڵاتانی دیکەی ئوروپایی دەڵێن بۆ ئەوان ئێستا بابەتی هەرەگرنگ ئەو وەزعە سیاسییەیە کە لە ئێراندا لەگۆڕێدایە نەک شتێکی دیکە.

لە هەلومەرجێکی ئاوادا ڕۆڵی ئۆپۆزیسیۆنی دێموکراتیک و پێشکەوتنخواز و ڕۆڵی دیاسپۆڕای ئێرانی لە دەرەوەی وڵات بۆ لەقاودانی سەرکوتی ماف و ئازادییەکانی مرۆڤ لەلایەن دامودەزگا سەرکوتکەرەکانی ڕێژیم و گەیاندنی دەنگ و ڕەنگی خەڵکی ڕاپەڕیوی وڵاتەکەمان بە بیروڕای گشتیی نێونەتەوەیی و ڕاکێشانی پشتیوانی و هاوپێوەندیی سیاسی و مەعنەویی ئەوان بۆ لای ئەو خەباتەی لە ئاستێکی بەریندا لە نێوخۆی وڵاتدا بەڕێوەی دەبەن، ئەرکێکی گرینگی نیشتیمانییە.

بۆیە لەسەرمانە بۆ بڵاوکردنەوەی هەواڵی خۆپێشاندانەکانی خەڵک لە شەقامەکان، بۆ بڵاوکردنەوەی هەواڵی بزووتنەوە ئێعتڕازییەکانی خوێندکاران لە زانکۆکاندا، بۆ گەیاندنی دەنگی ژنانی ئازادیخوازی ئێران بە دونیای دەرێ، بۆ بڵاوکردنەوەی هەواڵی خۆپێشاندانەکان و مانگرتنەکانی کرێکاران، فەرهەنگیان، بازاریان، لاوان، کەمایەتییە مەزهەبییەکان و خەبات و تێکۆشانی گەلانی ژێر ستەمی ئێران بەدژێ ئەو ڕێژیمە لە هیچ هەوڵ و تێکۆشانێک درێخی نەکەین. بەجێیە دەنگی خەباتی حەقخوازانەی خەڵکی ڕاپەڕیوی ئێران بگەیەنینە هەموو ناوەندەکانی بڕیاردان و سیاسەتگوزاری، هەموو پاڕلمانەکانی وڵاتە جۆراوجۆرەکان، هەموو کۆڕوکۆمەڵە نێونەتەوەییەکانی بەرگری لە مافەکانی مرۆڤ. پێویستە ناوی گیراوەکان، زیندانیانی سیاسی،

زیندانیانی عەقیدەتی بگەیەنینە گوێی بیروڕای گشتی دونیا. هەواڵی ئەو ئێعدامانەی ڕێژیم بۆ چاوترساندنی خەڵک و ناڕازییان ئەنجامیان دەدات دەبێ هەرچی زووتر بگاتە بیروڕای گشتی و ناوەندەکانی بەرگری لە مافەکانی مرۆڤ. بەتایبەتی کە ئێستا کۆمیتەیەکی تایبەتی بۆ تۆمارکردنی پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ لە ئێراندا، لەلایەن ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە دامەزراوە، ئەو کارە هێندەی دیکەش بایاخێکی زۆرتری پەیدا کردووە.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، بەو پرستیژ و ئێعتیبارە نێونەتەوەییەوە کە هەیەتی، لەو بوارەدا کارنامەیەکی باشی هەیە. بەشداریی هەیئەتی نوێنەرایەتیی حیزب بە سەرپەرشتیی بەرپێوەبەری گشتیی حیزب، کاک مستەفا هیجری لە کۆنگرەی ئەنترناسیۆنال سۆسیالیستدا و ئاگادارکردنی نوێنەرانی حیزب و ڕێکخراوە دەستەخوشکەکانمان لە وەزعی نێوخۆی ئێران و داوای هاوپێوەندیی ئەوان بۆ پشتیوانی لە ڕاپەڕینی سەرانسەری خەڵکی ئێران نموونەیەکی بەرزی ئەو هەوڵ و تێکۆشانەیە کە حیزبی ئێمە لەو مەیدانە لە خۆی نیشان دەدات. بەڵام ڕاستییەکەی ئەوەیە کە ئەوە بەس نییە. پێویستە لەسەرتاسەری دونیادا، لە هەموو ڕێکخراوە نێونەتەوەییەکاندا، لە کۆریدۆرەکانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکاندا، لە یەکیەتیی ئووروپادا، لە پاڕلمانی وڵاتە دێموکرات و ئازادیخوازەکاندا، لە بەردەرگای ڕێکخراوەکانی پاراستنی مافەکانی مرۆڤدا و لەهەموو جێگایەک کونەمشکان لە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بکەینە قەیسەری.

ئەوەش کاتێک ئیمکانی هەیە کە تێکۆشین گەروویەکی هاوبەش بۆ گەیاندنی هاواری گەلانی ئێران و چین و توێژە جۆراوجۆرەکانی خەڵک بە گویی دونیادا پێک بێنین. بەو جۆرە دەتوانین کاری گەورەتر و کاریگەرتر بکەین و خەڵکی دونیاش ئامادەیی زۆرتریان دەبێت گوێمان لێ بگرن.

هەرچەند ڕێژیمی ئاخوندی هەر ئێستا لەژێر گوشارێکی گەورەی نیونەتەوەییدایە، بەڵام دەبێ ئەو ڕاستییە قبووڵ بکەین کە وڵاتەکان بەگشتی و زلهێزەکان بەتایبەتی لە پێوەندیی دەگەڵ مەحکومکردن و

پاڵەپەستۆ خستنە سەر ئەو وڵاتانەی کە بە شێوەیەکی بەرین مافەکانی مرۆڤ پێشێل دەکەن، زیاتر قازانج و بەرژەوەندییەکانی خۆیان و هاوکێشە سیاسییەکان و پرنسیپەکانی ریاڵپۆلیتیک وەبەرچاو دەگرن. ئەو مەسەلەیە لە پێوەندیی دەگەڵ وەزعی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا سیاسەتێکی زەق و بەرچاوە. لەخۆڕا نییە وڵاتانی وەک چین و ڕووسیە لە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکاندا، لە پێوەندی دەگەڵ وەزعی ئێراندا ڕادەگەیەنین کە ئەو مەسەلەیەی ئێران لەگەڵی بەرەوڕوویە مەسەلەیەکی نێوخۆییە و دەبێ لە نێوخۆدا چارەسەر بکرێ. دیارە ئەو دوو وڵاتە لە ڕوانگەی کێشەکانی خۆیان دەگەڵ ئەمریکاو ئورووپاوە دەڕواننە وەزعەکە. بۆیە دەبێ ئەو سیاسەتە هەڵەیە لەقاو دەین و سروشتی دواکەوتووانە و سەرەڕۆیانەی کۆماری ئیسلامی بۆ بیروڕای گشتی خەڵک و کاربەدەستانی ئەو جۆرە وڵاتانە ڕوون کەینەوە. ئەگەر گەروویەکی هاوبەش درووست بکەین بۆ کاری ئەوجۆرە هیچ گومانی تێدا نییە کە ئاکامی دڵخوازی دەبێت. سەردانی سەرۆکی چین بۆ ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و پشتیوانیکردنی ئەو لە سیاسەتەکانی وڵاتانی عەرەبی لە بەرانبەر ئێراندا، نیشانەی ئەوەیە کە ئیدی ئێستا تەنانەت چینیش ئامادە نییە گرەو لەسەر ئەسپی تۆپیو بکات.

ئاخر ئەو وەزعەی ئێستا ئێرانی تێدایە و ئەو ناڕەزایەتییە بەرینەی خەڵکی ئێران لە شەقام و مەیدانەکانی دیکەی کار و ژیاندا ڕۆژانە بە دژی ڕێژیم بەڕێوەی دەبەن، لەو سیاسەتانەوە سەرچاوە دەگرێ کە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی وەک ڕێژیمێکی دیکتاتۆری و مەزهەبی و دواکەوتوو ئەوە پتر لە چەند دەیەیە بەسەر خەڵکی ئێرانی سەپاندوون.

ڕاستییەکەی ئەوەیە کە کۆماری ئیسلامی گیروگرفتی سەرەکیی ئێران و ماکەی ئەو وەزعە دژوارەیە کە خەڵکی ئێرانی تێدایە. هەربۆیە خەڵکی ئێران خوازیاری ڕووخانی ئەو ڕێژیمە و پێکهێنانی گۆڕانکاری سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتیی قوڵ و ڕادیکاڵن، ئەوەش تەنیا کاتێک ئیمکانی هەیە کە کۆماری ئیسلامی لە تەوایەتیی خۆیدا بڕووخێ و ڕێژیمێکی دێموکراتیک لەوڵاتەکەماندا بێتە سەرکار کە ڕێگا بۆ ئەو جۆرە ئاڵوگۆڕانە خۆش بکات.

# ڕەگە مێژووییەکانی «شۆڕشی ژینا»
# (ژن، ژیان، ئازادی)

**ئەردەڵان فەرەجی**

بەدوای ڕووخانی دەسەڵاتی سەفەوییەکان کە لوتکەی دەسەڵاتی ئیسلامی سیاسی بوو لە ئێران و بە دوای ئەوانیش قاجارەکان وەک بڵێی پێیان لە ئاوی گەورەکانیان ڕێخستبێ بە هەمان ئاراستەی دەوڵەتداری بە تایبەتی لە پرسی ژناندا ڕۆیشتن. سەردەمی وێکهاتنەوەی جوغرافیای ئیمپراتوریی ئێران دەستی پێ کرد و هەر ساڵە و لەتێک لە ئێران جیا دەکراوە. لەو سەردەمدا دوو هێزی گەورەی سەربازی لە جیهاندا ئامادە بوون؛ ڕووسیە و بریتانیا.

لە کۆتاییەکانی قاجار و شۆڕشی مەشرووتە نەک لە سەر خواستی مۆدێڕن بوون، بەڵام بۆ مەرجدارکردنی پاشایەتی و دانی دەسەڵاتی زۆرتر بە دوو توێژی بازاڕی (تاجر) و مەلاکان هەوڵێک لەو ئاراستەیەدا درابوو.

«ڕەزاخانی میرپەنج» پاش تێکشکانی تاج و تەختی قاجارەکان ویستی هەیمەنەی مێژوویی ئێران ببووژێنێتەوە، بۆ ئەو مەبەستەش دەبوو بەهێز بێت. پرسیاری کرد چۆن دەتوانین وەک ڕوسییە و بریتانیا بەهێز بین. پێیان گوت ئەوان مۆدێڕنن. گوتی ئێمەش دەبێت مۆدێرن بین. چۆن مۆدێرن دەبین؟ ئێرانێک کە خەڵکەکەی ناسنامەیان

نەبوو، چۆن دەیتوانی سەرژمێری بکات بۆ ئەوەی ئەو کوڕانەی کە دەگەنە تەمەنی ١٨ ساڵی بیانبات بۆ سەربازی؟ ئەی ئەوە ئەرتەشێکی گەورەشی پێک هێنا لە کوڕانی سەروو ١٨ ساڵ، خۆ ئەوانە هەریەکە و لە ناوچەیەکەوە هاتوون و لە زمانی یەک تێ ناگەن، دەبێ زمانی ڕەسمی بسەپێنێ. ئەو ئەرتەشە فراوانە کە لێکیش حاڵی دەبن، بەڵام نەتوانێ بە ڕێگایەک و بە کەرستەیەک بەخێرایی لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی دیکەیان ڕابگوازێت، بە کەڵکی چی دێن؟ دەبێ ڕێگەی ئاسن دروست بکات. ئەی ئەگەر هەموو پیاوانی گەنج لە عەسکەری و خزمەتی دەوڵەتدا بن، ئەی کێ کارەکانی دیکە ڕاپەڕێنێ؟ دەبێ ژنانیش بێنە نێو بازاڕی کارەوە. دەی ژنی ژنانیش دەبێت گورج و گۆڵ بن، بەو عەبا و چارشێوانە کاری دەوڵەتی ڕاناپەڕێ، دەبێت جلوبەرگی گونجاو لە بەر بکەن. چۆن دەتوانێت سنوور بکێشێت بەڵام هیچ بستە خاکێک سەند و بەڵگەی نەبوو؟ و مەڕدار و عەشایر بە جەوی ئاو و هەوا گەرمێن و کوێستانیان دەکرد و... .

بۆیە پێویست بوو دەست بۆ هەندێک گۆڕانکاری و داهێنان بکات. دەوڵەت (دام و دەزگای حکومەت) دامەزرێنێت (دەوڵەت نەتەوەی دامەزراند لە سەر ڕێڕەوی کەماڵ مستەفا ئەتاتورکی تورکیا). خەڵک خوێندەوار بکات، ئەرتەش دامەزرێنێت، پڕچەک و ڕاهێنراویان بکات و بتوانێ بەخێرایی لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێک کە پێویستە ڕایان بگوازێت.

دامەزراندنی ڕێگەی ئاسن، نیشتەجێکردنی عەشایر، سەپاندنی زمانی ڕەسمی، کەشفی حیجاب، تەقسیمی ئەرازی، دەرکردنی ناسنامە، سەنەد و بەڵگە دروست کرد بۆ ملک و زەوی و ... کۆمەڵێک لەو کارانە بوون کە ڕەزاخان و دواتر کوڕەکەی حەمەڕەزا شا بەڕێوەیان برد.

کەواتە خواستی مۆدێڕن یان بە قسەی ئەوان پێشکەوتوو کردنی ئێران لە بەر هەنگاونان بەرەو ئازادی و کورتکردنەوەی دەسەڵاتی سەڵتەنەت و بنیاتنانی دیمۆکراسی نەبوو، خواستێکی هێژمۆنی خوازی عەسکەری و سەربازی بوو کە لە سەردەمی حەمە ڕەزاشاش تا ڕادەیەک بەوە گەیشت و لەوانە دەکرێت ئاماژە بە دەست بە سەراگرتنی ئەڵوەن و ڕێکەوتننامەی ئەلجەزاییر و بوون بە ژاندارمی ڕۆژهەڵاتی

نێوەڕاست و پێکهێنانی ئەرتەشێک بەهێز بەرهەمی ئەو داهێنانەی پەهلەوی بوو. بەڵام هەموو ئەو سەرکەوتننانە ڕەق و عەسکەری و سەربازی بوون. هەندێک ڕەونەقی ئابووری دەستی پێکرد کە زۆرتر ڕووە و ناوەند و شارە مەرکەزییەکانی ئێران بوو کە لە ڕانینێکی عەسکەرتاری و سەربازییەوە سەرچاوەی دەگرت.

لە پرۆسەی جێبەجێ‌کردنی ئەوەی وا دواتر بە ناوی شۆڕشی سپی یان ئینقلابی شاه و مـەردوم ناوبانگی دەکـرد، حەمەڕەزا شا لەوە تێگەیی کە سێ لەمپەری گـەورە و بەربەستی بنەڕەتی لە بـەردەم پرۆژەکەی دایە کە بریتی بوون لە؛ وەرزێڕان یان جوتیاران، مەلاکان و ژنان. بۆیە کۆمەڵێک پلانی بۆ پووچەڵکردنەوەی ڕۆڵی ئەوان لە بەردەم بە مودێڕن کردنی ئێران بگرێت.

**گوندنشین و وەرزێـران؛** لەوانە کە لە سـەرەوە ئاماژەی پێ درا تەقسیمی ئەرازی یان دابەشکردنی زەوی و زاری ئاغا و دەرەبەگەکان بە سەر ڕەشاییەکان بوو. لە ساڵی ١٣٤١ دا سەروو ٨٥٪ خەڵکی ئێران نیشەجێی گوندەکان بوون و کەرتێکی گەورەی کۆمەڵگای ئێرانیان پێک دەهێنا و هەر خۆی حەشیمەتەکەش بە لەبەرچاوگرتنی باری تێڕوانین و پابەند بوونیان بە سونەت و داب و نەریک یەک لە لەمپرە هەرە گەورەکانی بەردەم مۆدێڕنیزاسیۆن ئێران بوون. گوندنشین و وەرزێران بەپێی تایبەتمەندی ژیانی گوندی زۆر محافزەکارن. کەمتر داهێنان و نوێگەرین و زۆرتـر لە سەر ڕێچکەی باب و باپیرانیان دەڕۆن. بۆ وێنە بۆ هەزاران ساڵ شێوەی کشتوکاڵ و هەڵگرتنەوەی بەروبووم کشت و کاڵییەکان، هەڵگرتن و کەڵک وەرگرتن لێیان یەک جۆر و یەک شێواز بووە. مۆدێرنیتە نوێگەری و نوێگەرایی لەگەڵ خۆی دەهێنا و ئەوان ئامادەی قبووڵی ئەو نوێگەری و داهێنانە نەبوون.

بە دابەشکردنی زەوی و زار بە سەر ڕەشاییەک دەبوو پاش چەند ساڵ و مەرگی ڕەشاییەکە ئەو زەوییە بە سەر منداڵەکانیدا دابەش ببووایە، ڕوونـە ئەو بڕە زەوییانە و دابەشکردنی بە سەر نەوەی دووەمی ڕەشاییەکان، کیفایەت ناکات و ناتوانن پێی بژین. هەربۆیە

له سەرەتاکانی دەیەی پەنجای هەتاوییەوە ئێران شاهیدی گەورەترین کۆچی گوند و لادێییەکان بوو بەرەو شارەکان کە زوربەی هەرەزۆری ئەو گوندییانەی کۆچیان دەکرد بۆ شارەکان لە گەڕەکە هەژارنشین و حەلەبی ئابادەکان نیشتەجێ دەبوون. کەواتە بە جێبەجێکردنی پرۆژەی تەقسیمی ئەرازی زەبرێکی جەرگبڕ لە پەیکەری گوندنشین و جوتیاران درا و ئەمڕۆکە بەپێی ئامارەکان تەنیا لە نێوان ١٠ بۆ ١٥ لە سەتی خەڵکی ئێران نیشتەجێی گوندەکانن و بە کردەوە ئەو چینە و عاملییەتیان وەک لەمپەرێک لە سەر ڕێی مۆدێڕنیتەی ئێران نەماون.

**مەلاکان؛** لە سەردەمی سەفەوییەکانەوە لە ئێران کە ئایین خرایە نێو بازنەی سیاسەت و حوکمڕانییەوە مەلاکان بەرەبەرە بوون بە خاوەنی پێگەیەکی بەهێزی کۆمەڵایەتی، ئابووری و فەرهەنگی، دواجاریش سیاسی. لە سەردەمی پێش سەفەوییەکان سێ ڕێگا بۆ داهات و دابینکردنی خەرجی دەوڵەت و حوکمڕانی هەبوون؛ ١. ڕێگەی هاورێشم ٢. شەڕ و لەشکرکێشی بۆ وڵاتانی دیکە و تاڵان و تاراجی سەروەت و سامانی وڵاتە داگیرکراوەکە و ٣. باج و خەراج.

بەڵام لە سەردەمی سەفەوییە بە هۆی لاوازیی سپا ئەو ئیمپراتۆڕییە نەیدەتوانی لە ڕێگەی شەڕ و لەشکرکێشی بۆ وڵاتانی دیکە بۆ نموونە وەک «نادر قولی ئەفشار» (نادرشا) بۆ هیندوستان بتوانێ خەزێنەکەی پڕ بکات و تەنانەت لە ڕەقیبی ناوچەیی و هاوسنووری خۆی واتە عوسمانییەکان لە شەڕی چالدێران شکستێکی گەورەی بەرکەوت. ڕێگەی هاوریشمیش بە تەنیا ئەوندەی داهات نەبوو کە بتوانی خەرجی زۆری ئیمپراتۆرییەکی وەک سەفەوییەکان دابین بکات، بۆیە سەفەوییەکان بڕیاریان دا باج و خەراج لە سەر خەڵکی وەرزێر و جوتیار زیاد بکەن.

بەپێی شەریعەتی ئیسلامی ئەو زەوی و ملّک و ماڵانەی کە وەقفی مزگەوت بکرێن، مەعافن لە دانی باج. شازادەکانی سەفەوییش کە خاوەن زەوی و ملّک و ماڵێکی زۆر بوون بۆ دەور لێدانەوەی ئەو بڕیارەی دەسەڵات و نەدانی باج بە ئیمپراتۆری، زەوی و ملّک و

مەزراکانیان وەقفی مزگەوت کرد. مەلاکانیش کە خاوەنی مزگەوتەکان بوون و بە هۆی خوێندەواری نیوە و نیوەچڵیان، بوون بە هەیئەتی ئەمانەتداری ئەو زەوییە وەقف کراوانە. ساڵ هات و ساڵ ڕۆیی، سەفەوییەکان ڕووخان و لە دەسەڵاتدا نەمان، بەڵام ملک و مەزراکانیان مان کە وەقفی مزگەوت بوون. مەلاکانیش بۆ پاراستنی ئەو ملک و ماڵانە کوڕەکانی خۆیان دەکرد بە مەلا و پاش مەرگیان دەبوون بە جێگرەوەی باوکیان.

بە دوو هۆکار مەلاکان پێگەی سیاسی و ئابوورییان لە سەردەمی قاجارەکان بەهێزتر بوویەوە؛

١) شاکانی قاجار بۆ وەرگرتنی شەرعییەت و ڕەوایی خودایی خۆیان ناچار بوون ئەم ئێعترافە لە مەلاکان وەربگرن و بۆیە باجی زۆریان دەدا بە مەلاکان، ئەمە لە کاتێکدا بوو کە سەفەوییەکان خۆیان بە سەید و نەوادەی پێغەمبەری ئیسلام دەزانی و بە پێویستیان نەدەزانی ئەم ڕەواییە لە کەس وەربگرن.

٢) مەلاکان کە بە کردەوە پاش ڕووخانی سەفەوییەکان ببوون بە خاوەنی ئەسڵی زەوی و ملک و ماڵە وەقفکراوەکانی شازادان سەفەویی و لە باری ئابوورییەوە زۆر بەهێز و کاریگەر بوون.

ئەو پێگە بەهێزەی مەلاکان وای کردبوو کە وەک دەوڵەتی سێبەر لە سەردەمی قاجارەکان وێرانی بازاڕی و بازرگانەکان زۆرجاران یەکلاییکەرەوەی پرسە گرنگەکانی حوکمڕانی قاجارەکان بن.

**ژنان**؛ ژنانیش بەهۆی زوڵم و چەوساندنەوەی مێژوویی و لەژێر کاریگەریی کولتووری تەبلیغکراوی مەلاکان و ژیان لە گوندەکان بەربەست و لەمپەرێکی گەورەی بەردەم مۆدێرنیتە بوون. ژنان ببوون بە ئامرازی دەستی پیاوان و مەلاکان بۆ کۆنترۆڵکردنی جیلی نوێ. دایکان دژی هەر جۆرە ئازادی و نوێگەرییەکی کچ و کوڕەکانیان لەژێر سێبەری عەیبە و عار، دەوەستانەوە و بۆ هەزاران ساڵ جیلێکی لەقاڵبدراو بە پێی کولتووری کۆنیان پێشکەش بە کۆمەڵگە دەکردەوە.

ڕەزا شا و دواتریش حەمەڕەزا شا چوونە شەڕی ئەم سێ تەیف و توێژە یان لانی کەم ئەنجامەکەی وا دەرچوو. هەریەک لەوان بە

شێوازێک؛ سیاسەتی تەقسیمی ئەرازی بوو بە مایەی لەبەینچوونی توێژی گوندنشینان و کۆچیان بۆ شارەکان. کەشفی حیجاب و هێنانەپێشەوەی ژنان لە کاروباری دەوڵەتداری و پەروەردە و خوێندەوارکردنیان (سپای دانش و سپای بێهداشت و... بۆ پاڵ پێوەنانیان بەرەوە ڕەچاوکردنی لایڤ ستایلی مۆدێڕن و لەکارخستنی تایبەتمەندی لەمپەربوونیان و دواجار هاوکاری بۆ بردنی کۆمەڵگەی ئێران بەرەو مۆدێرنیتە و سێهەمیش مەلاکان لە ڕێگەی دەرهێنانی ڕەگی موخالفەتیان لەگەڵ دەسەڵات و مۆدێرنیتە، کە زۆر جار بە تەماحوەبەرنان و هاندان بوو.

دیارە دەستبردنی شا بۆ ئەو چاکسازییانە بێ نەیار و کێشە نەبوو. لە دەستپێکی مەشرووتە و لە پرۆسەی ئیسلاحاتی پەهلەوی کۆمەڵگەی ئێران بوو بە دوو بەشەوە؛ بەشێکی کۆنسێرواتیو، سوننەتی و ئێرتیجاعی و بەشێکی پێشکەوتنخواز و مۆدێڕن.

شا کە بەهێزبوونی ئێرانی لە مۆدێڕن بوونی مۆدێلی خۆی دەزانی بەبێ گوێدان و بینینی بەشەکەی دیکە تەنیا ئەو بەشەی لە کۆمەڵگەی ئێرانی بینی و بە تایبەتی لە دوای ساڵەکانی ١٣٤٦ەوە کەوتە ئینکار و تەحقیری بەشەکەی دیکە، سەرەنجام بەو هۆیە و کۆمەڵێک هۆی جیهانی و ناوچەیی هەر ئەو بەشە پاشقولیان دا و ڕووخاندیان.

**ئێرانی پاش کۆماری ئیسلامی**

پاش هاتنە سەرکاری کۆماری ئیسلامی و بە تایبەتی شەخسی خومەینی کە نوێنەری بەشی دواکەوتوو و سوننەتیی کۆمەڵگەی ئێرانی سەردەمی پەهلەوی بوو، ڕۆڵی گەورەی هەبوو لە کردنی ئێران بە ئۆمولقوڕای ئیسلامی و دامەزراندنی دەوڵەتی ئیمامی زەمان و زیندووکردنەوەی ئیسلامی نابی محەممەدی.

لە سەرەتاکانی هاتنە سەرکاری کۆماری ئیسلامی بۆ گەڕاندنەوەی ئێران بۆ سەردەمی پاش ئیسڵاحات، هەوڵ درا جارێکی دیکە مەسەلەی تەقسیمی ئەرازی هەڵبوەشێنێتەوە، بەڵام سەری نەگرت و بۆی جێبەجێ نەبوو. کۆمەڵگەی ئێران بەرەو شاریبوون چوو و پێشیشی پێ نەدەگیرا.

بەهۆی دامەزراندنی دەوڵەتی ئیسلامی (دینی ڕەسمی) و پێویستی تەربییەت و پەروەردەکردنی مەلا و ئاخوند و سەرەنجام بەرهەمهێنانی توێژی فرەوفراوانی مەلا و کۆلکە مەلا، مەلا و پیاوی ئایینی ئەو پێگە بەهێزە مەعنەوی و کۆمەڵایەتییەی لە دەست دا. لە زانستی ئابووریدا باسێک هەیە لەسەر ئەوەی کە هەتا داواکاری زۆر و خستنەڕووی کاڵایەک کەمتر بێت، نرخ دەچێتە سەرەوە، بە پێچەوانە تا خستنەڕووی کاڵایەک زۆر و داواکاری لە سەر ئەو کاڵایە کەم بێت، نرخ دادەبەزێت. لە پرسی مەلا و پیاوی ئایینیش بە هۆی بەرهەمهێنان و خستنەڕووی زۆر و داواکاری کەمی کۆمەڵگە لە سەر مەلا، بەرە بەرە قەدر و حورمەت و پێگەی مەعنەوییە کۆمەڵایەتییەکەیان بێهێز و لاواز و کەم بەها بوو. ئەمڕۆکە کەس ئەو ڕێز و حورمەتەی کە ٤٣ ساڵ لەمەوبەر بۆ مەلا و پیاوانی ئایینی هەیان بوو، لە مەلا و پیاوانی ئایینی نانێ.

عەمەلکرد و شێوە هەڵسووکەوتی کۆماری ئیسلامی بۆ پەراوێز خستن و سنووردارکردنی چالاکی ژنان بۆ کۆنترۆڵی ژنان (حیجابی ئیجباری، سەپاندنی یاساکانی شەریعەت بە سەر ژنان بۆ هەموو پرسەکان هەر لە پشک بردن لە میراتی باوک، گەڵاڵە و یاساکانی پشتگیری لە خێزان کە تەواو لە بەرژەوەندی پیاوان و زەرەری ژناندا بوو، نەهێشتنیان بۆ چوون بۆ یاریگا، مەنعی دووچەرخەسواری و... ) و دواجار کۆنترۆڵی هەموو کۆمەڵگای ئێران، یەکێکی دیکە لە هەوڵەکانی کۆماری ئیسلامی بۆ چەقاندنی کۆمەڵگەی ئێران لە سوننەت و دواکەوتووی و ئیرتجاعدا. هەوڵەکانی کۆماری ئیسلامی لە کاتێکدایە کە تەنیا لە بواری ژناندا گۆڕانکاری گەورە بەرچاو دەکرێت؛ بۆ وێنە؛ ژمارەی ژنانی ئێران ٤٢ میلیۆن کەسە، کە ڕێژەی بەشداری لە پرۆسەی ئابووری ئێران بەپێی ئامارەکانی ڕێکخراوی برنامە و بودجەی کۆماری ئیسلامی ١٣.٣٪ بەڵام بۆ پیاوان ٨٦.٧٪ە، (نزیکەی ٧ هێندە). لە بەرامبەردا ڕێژەی بێکاری ژنان ١٦٪ ڕاگەیەنراوە لە بەرامبەردا ڕێژەی پیاوان ٧.٢٪ (دوو هێندەی پیاوان)ە. وردتر لەمبارەیەوە ڕێژەی بێکاری لەنێو گەنجانی نێوان ١٨ ساڵ بۆ ٣٥ ساڵ، ڕێژەی بێکاری پیاوان ١٣.٢٪ و لە بەرامبەردا ڕێژەی بێکاری ژنانی

گەنج ٢٨.٣٪ە (دوو هێندەی پیاوان). ئەمە لە حاڵێکدایە کە تەنیا بۆ وێنە لە ڕێژەی خوێندکارانی ئێران لە ساڵی ١٣٩٩ بۆ ١٤٠٠ کە دوو میلیۆن و سەدوچوار هەزار کەس بووە (٢،١٠٤،٠٠٠) کچان یەک میلیۆن و شەست و سێ هەزار (١،٠٦٣،٠٠٠) کەس بوون واتە بیست هەزار خوێندکاری کچ زۆرتر بوون.

لە کەس شاراوە نییە کە ئەم هەڵاواردن و ئاپارتایدە جینسییە ڕیشە لە ئیۆلۆژی ئیسلامی دایە کە ژن بە نیوەی پیاو پێناسە دەکات و دەبێت ئەم نابەرابەرییەش لە هەموو بوارێکدا ڕەنگ بداتەوە.

بە کورتی کۆماری ئیسلامی لە سەر شانی ژنان سوار بوو و بۆ ئەوەی بتوانێت وەک هێزێکی کۆنسێرڤاتیڤ بمێنێتەوە پێویست بووە کە ژنان سەرکوتکراوە و دەستەمۆ بهێڵێتەوە.

هەموو هەوڵی کۆماری ئیسلامی ڕاگرتنی کۆمەڵگەی ئێران وەک کۆمەڵگەیەکی سونەت و ئێرتیجاعییە کە بتوانێت بە پێی شەریعەتی ١٤٠٠ ساڵ لەمەوبەر کۆمەڵگا بەڕێوە بەرێت، چونکا دەزانێت لە کۆمەڵگەیەکی مۆدێرن و پێشکەوتوودا ناتوانێ بژیت.

لە کۆمەڵگایەکی مۆدێرن و دەسەڵاتێکی دیمۆکراتیک باس کردن لە دینی ڕەسمی سووک و سوواو دەبێت، دەستێوەردان لە شێوە پۆشش و دیاریکردنی لایف ستایل بۆ خەڵک ڕێگەپێنەدراو دەبێت، ئەمانە کۆڵەکەی دەسەڵاتی ئیسلامییە.

دابەشبوونی کۆمەڵگەی ئێران بە دوو بەرەی سونەتی و مۆدێرن و ئەمڕۆیی دەمێک ساڵە لە ئێران دەستی پێ کردووە. لەمڕۆدا بەشی هەرەزۆری کۆمەڵگەی ئێران بەو ڕەوتە مێژووییەی کە پێیدا تێپەڕیوە پابەندی بەهاکانی کۆمەڵگای مۆدێرنە لە کاتێکدا دەسەڵاتێکی دواکەوتوو هەوڵی سەرکوت و دەمکوتکردنی دەدات. کۆماری ئیسلامی بە هەموو دام و دەزگاکانیەوە هەوڵی ئەوە دەدات کە حکومەتی ئەو کەمینەیەی کۆمەڵگای ئێران بێت کە پابەندی یاسا و شەریعەتی ئیسلامی نابی محەمەدی و باقی ئەو خەڵکانەی دیکە کە لەو بازنەیەدا جێیان نابێتەوە، بە مولحید و نۆکەری بێگانە و پەست وەسف دەکات. هەموو کات ویستوویەتی شێوە ژیان و کولتووری بەشی سونەتی کۆمەڵگا

بەرجەستە و باش جیلوە بدات و لە هەمانکات دا مۆدێڕن بوون و ئەمڕۆیی بە خراپ و نەباش پێناسە بکات.

بەریەککەوتنی دوو کولتووری سونەتی و مۆدێڕن بە بێ قبووڵی بەشی کولتووری مۆدێڕن درەنگ یان زوو لە پرسێکدا دەتەقییەوە. دیارە مەسەلەی ئابووری و دۆخی خراپی ژیانیش سەرباری هەموو دەردان بۆ خەڵکی ئێران پاڵنەرێکی بەهێز بووە بۆ ئیرادەی ڕووخاندنی ئەو دەسەڵاتە.

«هاڵفۆرد مەکیندێر» زیندەوەرناس، ستراتیژیست و باوکی ژێئۆپۆلۆتیکی جیهان تیئۆرییەکی هەیە دەربارەی شارە وشکانی و شارە ئاوییەکان. دیارە مەکیندێر زۆرتر بە تیئۆری «دڵی زەوی» دەناسرێت.

ئەو باوەڕی وابوو بە هۆی ئاسانیی دەستاودەستبوونی کاڵا و قسە بە هۆی بوونی کەشتی و بەلەم لە ڕێگەی ئاوەوە، ئەگەر بازرگانێک بەدحیسابی یان کردەیەکی خراپ و خەشێکی بنواندبایە زۆر زوو هەواڵەکەی دەگەیشتە شارەکانی دیکە و بۆیە بۆ خۆ دوورگرتن لەو ناوزڕاوییە هەموو هەوڵیان ئەوە بوو کە ڕاستگۆ و دروست کردار بن، لە بەرامبەر شارە وشکانییەکان بەهۆی گەمارۆ درانیان بە کێو و دەشت و دۆڵەکان دەنگ و هەواڵ گەیشتن بۆ شارەکانی تر ئەستەمتر بوو. (جیاوازیی شارە ئاوی و وشکەکان زۆرترن) بۆیە بازرگانەکان بە کەیفی خۆیان خەشیان دەکرد و حاکمان زوڵم و زۆر و دەنگیش بە کەس نەدەگەیشت. ئەوەی لە ئێستادا دۆخی شارە وشکانییەکانی گۆڕاوە ئاسانی دەستاودەست کردنی هەواڵ و زانیارییە لە ڕێگەی میدیا و سۆشیال میدیا و پلاتفۆرمی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان. بە پێوەری تیئۆرییەکەی مەکیندر ئێران لە ڕیزی شارە وشکانییەکان ئەژمار دەکرێت. ئەمڕۆکەش بوونی میدیا و سۆشیال میدیا ڕۆڵی گەورەی بووە لە لەقاودانی جینایەتی و زوڵم و زۆرەکانی حاکمانی ئیسلامی ئەو وڵاتە.

بە ڕای بیرمەندان و زانایان گەورەترین دەسکەوتی مرۆڤایەتی و درەوشاوەترین دیاری سەردەمی مۆدێرنیتە بریتییە لە؛ «ڕێکخراو

بوون، سازماندەهی و حیزب و حیزبایەتی».
ئەگەرچی مێژووی حیزبایەتی لە ئێران دەگەڕێتەوە بۆ زیاتر لە سەد ساڵ لەمەوبەر، بەڵام بەهۆی بوونی ئیستبدادی سیاسی و بوونی هۆگرییەکی زۆری زۆرینەی دانیشتووانی ئێران بە ئایین و لەوانە ئایینی ئیسلام، زەروورەت و پێویستی ڕێکخراوبوون نەک لە فۆڕمی حیزب و جەریانی سیاسی بەڵکوو زۆرتر لە مزگەوت و مەلا و لە هەندێک شوێنیش سەرۆکی عێل و عەشایر بووە. ئەوەی لە ئێران زۆر جیاوازترە بووە (ئەگەرچی ئەویش هەوراز و نشێوی زۆری بەخۆیەوە بینیوە) «کوردستان»ە.
کوردستان بەشی هەرە ڕێکخراو بوونی کۆمەڵگەی ئێرانە. حیزبایەتی لە کوردستان خاوەن ڕەگ و ڕیشەیەکی بەهێزە خەڵکی کوردستان بەبێ جیاوازی هۆز و عێل و عەشیرە لە فۆڕمی مۆدێرنی ڕێکخراودا بۆ ئامانجەکانی خۆیان تێکۆشاون.
حیزبایەتی لە نیزام و سیستمە دیکتاتۆرەکان هەموو کات پڕتێچوو بووە، بەڵام خەڵکی کوردستان بەوپەڕی وشیاری و لەخۆبردووییەوە لە پێناو ماف و داخوازییەکانی خۆیان کاری ڕێکخراوەیی و حیزبییان هەڵبژاردووە.
لە کوردستان بوونی حیزب کولتوورێکی پێشکەوتووی لە کۆمەڵگەدا جێ خستووە. حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران و کۆمەڵەی شۆڕشگێڕ دوو حیزبی خاوەن پێگەی کۆمەڵگەی کوردستانی ڕۆژهەلاتن، کە ئەگەر تاک بە تاکی کۆمەڵگەی کوردستان ئەندامیان نەبن و کاری ڕێکخراوەییان لەگەڵ نەکەن، بەڵام بۆ زۆرینەی ڕەهای کۆمەڵگەی کوردستان مەرجع و سەرچاوەی بڕیارن.
لە ڕەگە مێژووییەکەی «شۆڕشی ژینا» و جەوهەرەکەی کە بریتییە لە «ژن، ژیان، ئازادی» ناکرێت ڕۆڵی حیزبی کۆمەڵە لەبەرچاو نەگیرێت بۆ یەکەم جار لە مێژووی حیزبایەتی لە کوردستانی ڕۆژهەلات دەرکێکی دروستی لە کۆمەڵگەی ژنان وەرگرت و ژنانیش بە هەڵبژاردنی ئازادانەی خۆیان، ئەو فۆڕمە ڕێکخراوەییەیان بۆ چالاکی و تێکۆشانی خۆیان هەڵبژارد، لەبەرچاو نەگیرێت.

# ڕاپەڕینی ژینا لە نێوان
# پشتیوانیی نێودەوڵەتی و نەبوونی ئاڵتێرناتیڤدا

**مادح ئەحمەدی**

دوای تێپەڕینی زیاتر لە ١٠٠ ڕۆژ بەسەر دەستپێکردنی ڕاپەڕینی ژینا، هێشتا شەقامەکانی شارەکانی کوردستان و ئێران نائارمن و ویستی بنەڕەتیی خەڵک نەمانی ئەم دەسەڵاتەیە. لەم ماویەدا شەقام بووە بە گۆڕەپانی ململانێی توندی نێوان خەڵک و دەسەڵات و ڕۆژ لە دوای ڕۆژ بەشداریی خەڵک زیاتر و بازنەی شۆڕش بەرفراوانتر دەبێ. لە ماوەی ٤٣ ساڵی ڕابردوودا ئەمە یەکەم جارە لەم ئاستە بەرینەدا خەڵک یەکگرتووانە لەدژی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیی ئێران ڕاپەڕن و بێنە مەیدان. ئەم شۆڕشە گەیشتووەتە قۆناغێک کە گەڕانەوەی بۆ نییە و ئەستەمە دۆخەکە بۆ کۆماری ئیسلامی بگەڕێتەوە بۆ ڕۆژانی پێش شەهیدکردنی ژینا ئەمینی. بەپێی ڕووداوەکانی پتر لە ١٠٠ ڕۆژی ڕابردوو، ئەتوانین بێژین کە ویستی سەرەکیی ڕاپەڕینی ژینا، پێکهێنانی ئاڵوگۆڕێکی بنەڕەتییە لە پێکهاتەی سیستمی سیاسی ئێراندا. جیا لە شارەکانی نێوخۆی ئێران، لە وڵاتانی دەرەوەش سەدان خۆپیشاندان و کۆبوونەوەی جەماوەریی گەورە بۆ پشتیوانی لە ڕاپەڕینی خەڵک

لە نێوخۆ و ڕاکێشانی سەرنجی جڤاکی نێودەوڵەتی ڕێکخراوە. ئەگەرچی ئاستی پشتیوانیی نێودەوڵەتیی لەم شۆڕشە، لەگەڵ ڕابردوو بەراوەرد ناکرێ، بەو حاڵەش پشتیوانیی نێودەوڵەتی لەم شۆڕشە وەک پێویست نییە و زۆرجار هەست دەکرێ وڵاتانی دەرەوە زیاتر چاودێری بارودۆخەکە دەکەن و چاوەڕێین بزانن کە ئاراستەی ئەم شۆڕشە بەرەوە کوێ دەچێ. بۆیە لێرەدا ئەو پرسیارە دێتەوە ئاراوە کە بۆ جڤاکی نێودەوڵەتی وەک پێویست تا ئێستا لە ئاستی پراکتیکدا پشتیوانیی خۆی لەم شۆڕشە نیشان نەداوە؟ بە لەبەرچاوگرتنی دۆخی ئەم ڕاپەڕینەوە و هەروەها هەڵوێستی هێزەکانی دژبەری کۆماری ئیسلامی، ئەم وتارە تیشک دەخاتە سەر وڵامی ئەو پرسیارە.

پڕ ئاشکرایە کە ئەم شۆڕشە خوازیاری پێکهێنانی ئاڵوگۆڕێکی بنەڕەتییە لە ستراکچێری سیاسیی ئێراندا. ئەمەش بووەتە ویستێکی گشتی و هاوشێوەی ئەمە لە ڕابردوودا ڕووی نەداوە. پشتیوانی و هاتنەمەیدانی هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگە، پشتیوانیی بەربڵاوی دیاسپۆرا و هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆنی کۆماری ئیسلامی سەلمێنەری ئەوە ڕاستییە. هەروەها دەنگدانەوەی میدیایی ئەم شۆڕشە لەگەڵ ڕابردوو بەراوەرد ناکرێ. لەم پێناوەدا ژمارەیەکی بەرچاو لە وڵاتان، نووسەران و کاراکتەرە بەناوبانگەکانی دونیا، پشتیوانیی خۆیان لە ڕاپەڕینی ژینا دەربڕی و هاوکات شێوازی هەڵسوکەوتی کۆماری ئیسلامییان لەگەڵ خەڵک مەحکووم کرد. جیا لەمانە ئەم ڕاپەڕینە، لە سەرەتاوە تا ئێستا، هەتا هاتووە بازنەکەی فراوانتر و بەشداریی خەڵک زیاتر بووە. بەجۆرێک لەو ماوەیەدا زیاتر لە ١٦٠ شار خەڵک لەدژی کۆماری ئسلامی هاتوونەتە سەرشەقامەکان و لە ژمارەیەک لە شارەکان، ـ بەتایبەتی لە کوردستان و بەلوچستان ـ بێبڕانەوە خەڵک هەموو ڕۆژێک لەسەر شەقامەکان بوون و بە دەستی بەتاڵ بەرەوڕووی هێزە سەرکوتکەرەکانی حکوومەت بوونەتەوە.

بەربڵاوی و بەشداریی خەڵک لەم ڕاپەڕینەدا، ئاستی توانایی هێزەکانی دەسەڵاتی لە سەرکوتکرنی ڕاپەڕینەکەدا دابەش و کەم کردووەتەوە. لەبەرانبەر هەوڵەکانی دەسەڵات بۆ بەکارهێنانی سەرکوتی زیاتر، ئاستی

تووڕەیی خەڵکیش بەردەوام هەڵکشاوە. واتە، گوشار و سەرکوتی زیاتر، ڕەوتی ڕاپەڕینەکەی ڕادیکاڵتر کردووە و بووەتە هۆی ئەوەی خەڵکی زیاتر بەشدار بن. ئەمەش پێچەوانەی ئەو ئامانجە کە دەسەڵات بە بردنە سەرەوەی ئاستی بەکارهێنانی زەبروزەنگ دەیویست پێ بگات و شەقامەکان کۆنترۆڵ بکاتەوە. هەربۆیە، بەکارهێنانی سەرکوتی زیاتر نەبووە هۆی ترس و لە ئەنجامدا چۆڵکردنی شەقامەکان و کشانەوەی خەڵک. بۆ وێنە، لە شارێکی وەک سنە، کە لە ماوەی زیاتر لە ١٠٠ ڕۆژی ڕابردوودا یەکێک لە گۆڕەپانە سەرەکیی و بەردەوامەکانی ڕووبەڕووبوونەوەی نێوان خەڵک و هێزە سەرکوتکەرەکانی دەسەڵات بووە، لەگەڵ ئەوەی کە لە ڕۆژی ٦ی ڕەزبەرەوە دەسەڵات ئاستی بەکارهێنانی سەرکوتی چەند قات کردەوە، بەڵام خەڵک شەقامیان چۆڵ نەکرد. لە شارەکانی بۆکان، جوانڕۆ و مەهاباد بینیمان کە دەسەڵات، چەندە دڕندانە پەلاماری خەڵکی دا، بەڵام لەبەرانبەردا خەڵک نەتەنیا شەقامیان چۆڵ نەکرد و نەکشانەوە، بەڵکوو شێلگیرانەتر و لێبڕاوانەتر شەقامەکانیان کرد بە سەنگەری مانەوە.

یەکێکی دیکە لە تایبەتمەندییەکانی ڕاپەڕینی ژینا ئەوەیە کە فرەچەشن و پلۆراڵە و لە پاوانی هیچ ئایدۆلۆژی و ڕەوتێکی سیاسی تایبەتدا نییە، هەربۆیەش پێویستی بە ڕێبەرایەتییەکی فرەچەش و یەکگرتوو هەیە. چین و توێژە جۆربەجۆرەکانی کۆمەڵگە تا ئێستا بەشێوەی بەردەوام و بەربڵاو لەم ڕاپەڕینەدا لەمەیداندا بوون. لەگەڵ ئەمەش، بێگومان پشتیوانی دیاسپۆرا و جڤاکی نێودەوڵەتیی لەم ڕاپەڕینە، دەتوانێ وەک فاکتەرێکی کاریگەر دەوری هەبێ. ئەوەی جێگای سەرنجە، پشتیوانیی ناوەندەکانی بڕیار و وڵاتان لە ڕاپەڕینی خەڵک لە نێوخۆی ئێران وەک یەک نییە و هێشتا جڤاکی نێودەوڵەتیی، بۆ ئەوەی بزانن کە ئاراستەی ئەم ڕاپەڕینە بەرەو کوێ دەچێ و لە ڕەوتی ڕووداوەکاندا کێ دەبێ بە ئاڵتێرناتیڤ و جێگرەوەی کۆماری ئیسلامی، چاودێریی دۆخەکە دەکەن.

لە ماوەی ١٠٠ ڕۆژی ڕابردوودا، ئەوەی لە نێوخۆی شارەکانی کوردستان و ئێران ئەزموون کرا، بەگشتی ئەکرێ بێژین بەراوەرد

ناكرێ لەگەڵ ڕابردوو و تا ئێستا بێوێنەیە. لەبەرانبەردا ئەوەی لە دەرەوەی سنوورەکانی ئێران بینیمان لەگەڵ زۆر خاڵی پۆزتیڤ، لە هەندێ لایەنەوە ڕەخنە هەڵدەگرێ. یەکێک لە خاڵە لاوازەکانی ئـەم ڕاپـەڕینـە لـە دەرەوەی سنوورەکانی ئـێران، ئەگەڕێتەوە بۆ چۆنیەتیی ڕێبەرایەتی‌کردنی ڕاپەڕینەکە و پێکنەهاتنی بەرەیەک، یان هاوپەیمانییەک وەک ئاڵتێرناتیڤی کۆماری ئیسلامی. لە ماوەی ڕابردوودا کوردستانی لێ بەدەر، لە شار و ناوچەکانی دیکەی ئێران هیچ ڕێکخراوێکی سیاسی نەیتوانیوە دەور بگێڕێ و ئەوەی هەبووە تەنیا دەوری چەند کەسایەتیی و سیلیبریتی بووە کە وەک خۆیان بانگەوازیان داوە و یان پشتیوانیان لە خەڵکی ڕاپەڕیو کردووە و هەوڵیان داوە ئەوەی لە نێوخۆ تێدەپەڕێ، بگوازنەوە بۆ ڕای گشتی و وڵاتانی دەرەوە. بەپێچەوانەی شار و ناوچەکانی دیکە، لە کوردستان دەوری حیزبەکان لە چوارچێوەی ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێراندا بەشێوەی ڕێژەیی دیار بوو. لە ئاستی وڵاتانی دەرەوەش، هەم ناوەندی هاوکاریی و هەم کۆی حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان وەک پێویست نەجووڵاونەتەوە و نەیانتوانیوە بەیەک دەنگ لەگەڵ جڤاکی نێودەوڵەتی و لەگەڵ لایەنە سەراسەرییەکان مامەڵە بکەن. سەردانی جیا جیا بۆ واشنگتن و کۆبوونەوەی تاک لایەنە لەگەڵ حیزبەکانی دیکە، ڕاستی ئەم پرسە دەسەلمێنێ.

پەرتەوازەیی هێز و لایەنە سیاسییەکان بووەتە هۆی دابەشبوونی پۆتانسیەلی ڕێبەرایەتیی ڕاپەڕینی ژینا و دابەزاندنی ڕۆڵی حیزبەکان و کاراکتەرەکان بۆ ئاستی ڕێژەیی. بێگومان ئەمەش کاریگەریی لەسەر ئاراستەکردنی ڕاپەڕینەکە و داهاتووی ئەم شۆڕشە دەبێ. چونکە سەرخستن و بەئەنجام گەیاندنی ئەم ڕاپەڕینە، لە گرەوی پێکهاتنی ڕێبەرایەتییەکی چارەنووسساز و یەکیەتیی نێوان هێز و لایەنە سیاسییەکانی دژبەری کۆماری ئیسلامی لە چوارچێوەی پلاتفۆرمێکی دیاریکراو دایە. ئەگەرچی پەرەسەندنی بەردەوانی ڕاپەڕینەکە، ڕەوتی ڕووداوەکانی ئەو ماوەیە بەشداریی بەرینی چین و توێژەکانی کۆمەڵگە لەم ڕاپەڕینەدا کاریگەریی لەسەر پشتیوانی نێودەوڵەتیی و ڕاکێشانی

سەرنجی وڵاتان و ڕاگشتی هەبووە، هاوکات پێکنەهاتنی بەرە یان پلاتفۆرمێکی دیاریکراو وەک جێگرەوەی کۆماری ئیسلامی کاریگەریی لەسەر ئاستی پشتیوانی جڤاکی نێودەوڵەتیی و وڵاتانی زلهێز لەم ڕاپەڕینە هەبووە.

جڤاکی نێودەوڵەتیی لە ماوەی ڕابردوودا، هەندێ هەنگاویان وەک پشتیوانی لەم ڕاپەرینە ناوە، کە خراپ نەبووە، بەڵام هاوکات ئەم هەنگاوانەش لە ئاستی پێویستدا نەبوون و نەیانتوانیوە پێش بە سەرکوتی خەڵکی ڕاپەڕیوە لەلایەن کۆماری ئیسلامییەوە بگرن. گەمارۆی ژمارەیەکی زۆر لە کاربەدەستان و کەسوکاری بەرپرسانی کۆماری ئیسلامی لە لایەن دەوڵەتی کەنەداوە، لابردنی کۆماری ئیسلامی لە کۆمیسیۆنی پۆزیشێنی ژن لە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، هەڵپەساردنی وتووێژەکانی لەگەڵ کۆماری ئیسلامی لەلایەن پارلمانی ئورووپاوە و... ئەمانە کۆمەڵێک هەنگاوی ئەرێنی بوون، بەڵام لە ئاستی پێویستدا نەبوون و نەبووەتە لەمپەر لەبەردەم دەزگای سەرکوتی کۆماری ئیسلامی‌دا. هۆکاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە جڤاکی نێودەوڵەتیی گوشارەکانی لە بوارێکدا چڕ کردووەتەوە کە بۆ کۆماری ئیسلامی گرنگ نییە و کارتی گەمە کردنی کۆماری ئیسلامی نین. کارتەکانی گەمەکردنی کۆماری ئیسلامی لەگەڵ جڤاکی نێودەوڵەتی پرسی تەناهی، پرۆژەی درۆن و هاژەکی دوور هاوێژ، سپای پاسدارن و ئەو گرووپە چەکدارانەیە کە بۆ تێکدانی تەناهی ڕۆژهەڵاتی ناڤین و کردنە ئامانجی بەرژەوەندی زلهێزەکان دروستی کردوون. بۆیە کۆمەڵگا نێودەوڵەتی ئەگەر بیهەوێ دەزگای سەرکوتی کۆماری ئیسلامی لەکار بخات، دەبێ سپای پاسداران و کەرتی سەربازیی کۆماری ئیسلامی بکاتە ئامانج.

بەئاوڕدانەوەیەک لە ڕووداوەکانی پتر لە ١٠٠ ڕۆژی ڕابردوو و دۆخی ئێستای ئێران، پێویستە لایەنە دژبەرەکانی کۆماری ئیسلامی هەرچی زووتر هەوڵەکانیان بۆ دامەزرانی هاوپەیمانییەک وەک ئاڵتێرناتیڤی کۆماری ئیسلامی چڕ بکەنەوە. هەروەک ئاماژەی پێ کرا یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی ئەم ڕاپەڕینە ئەوەیە کە فرەچەشن و پلۆراڵە، بۆیە

هیچ لایەن و تاکێک ناتوانێ خۆی وەک تەنیا جێگرەوەی کۆماری ئیسلامی ببینێ و هەلومەرجی هەنووکەیی، ڕێبەرایەتییەکی فرەچەشن و یەکگرتووی دەوێ. لەم پێناوەدا پێویستە کۆنفرانسی ئۆپۆزسیۆنی کۆماری ئیسلامی بۆ پێکهێنانی هاوپەیمانییەک و ساغکردنەوەی ئاڵتێرناتیڤی کۆماری ئیسلامی بە بەشداریی نەتەوەکان و نوێنەرانی سەرجەم چین و توێژەکانی جڤاکی ئێران پێک بێت. ئەم هەنگاوە لە نێوخۆی ئێران گیانێکی تازە دەکاتەوە بەر ڕاپەڕینی ژینا و دەبێتەوە هۆی زیاتر تەشەنەسەندن و بەشداریی کارای شارە گەورەکان لەم ڕاپەڕینەکەدا. هاوکات دەتوانێ سەرنجی وڵاتانی دەرەوە وەک ئاڵتێرناتیڤی کۆماری ئیسلامی بۆ لای خۆی ڕابکێشێ. لەم حاڵەتدا زلهێزەکان و جڤاکی نێودەوڵەتییش دەزانن لەگەڵ کێ مامەڵە بکەن و داهاتووی ئەم ڕاپەڕینە و ئێران بەرەوە کوێ دەچێ و لە دەستی کێدایە.

سەرەڕای ئەوەی مەودای نێوان خەڵک و دەسەڵات لە ئێران هەتا دێ زیاتر دەبێ و خەڵک خوازیاریی نەمانی ئەم ڕێژیمە و ئاڵوگۆڕی بنەڕەتین لە پێکهاتەی سیاسی ئێراندا، بەڵام پێکنەهاتنی ئاڵتێرناتیڤی کۆماری ئیسلامی لە هەلومەرجی ئێستادا، کاریگەریی لەسەر پشتیوانی جڤاکی نێودەوڵەتی و داهاتووی ئەم ڕاپەڕینەوە و سەرخستنی هەبووە و دەبێ. لەم هەلومەرجەدا بۆ ئەوەی ئەم ڕاپەڕینەکە دانەمرکێتەوە، پێویستە بیری جیدی لە پێکهێنانی ڕێبەرییەکی پلۆراڵ و یەکگرتوو بکرێتەوە. بەدەر لەم حاڵەتەدا ئەگەر دەزگای سەرکوتی دەسەڵات بتوانێ دۆخەکە بەشێوەی کاتی کۆنترۆڵ بکا، خەڵکی ڕاپەڕیو دەکەونەوە بەردەم تۆڵەی دڕندانەی دەزگا سەرکوتکەرەکانی حکوومەت، هەر وەک چۆن ئێستا دەستیان کردووە بە لەسێدرەدانی ئەو کەسانەی کە لە ماوەی ڕابردوودا دەستیگر کراون. سەرەڕای ئەمەش، تازە دۆخەکە بۆ حکوومەت ناگەڕێتەوە بۆ ڕۆژانی پێش شەهیدکردنی ژینا ئەمینی و ئەم ڕاپەڕینە بووەتە خاڵی وەرچەرخان لە مێژووی سیاسی کوردستان و ئێراندا و بەرەو ئاسۆیەکی گەش هەنگاو دەنێت.

# شۆڕشی ژینا وەستانی نییە

برایم جەهانگیری

شۆڕش و ڕاپەڕینی گەلانی ئێران دژی فاشیزمی مەزهەبی وەستانی نییە، دوای چەند هەوراز و نشیوی خۆپیشاندان و ڕاپەڕینی خەڵکی وەزاڵەهاتووی ئێران بەگشتی و خەڵکی کوردستان بەتایبەتی سەرکوتی بێڕەحمانەی ئەم دواییانەی ڕێژیم ئارامی و بێدەنگییەک باڵی بەسەر وڵات داکێشا و زۆر کەس نیگەران بوون کە ئەو ڕاپەڕینانە ئیتر کۆتاییان هاتووە و ڕێژیم جارێکی دیکەش دەسەڵاتی ڕەشی بەسەر وڵاتدا بەدەستەوە گرتۆتەوە.

ئەو لێکدانەوەیە و ئەو نیگەرانییە نابێ لە جێی خۆیدا بێ، چونکی بۆ هەموو شۆڕشێک سێ مەرجی سەرەکی پێویستە، کە ئەو سێ مەرجە وەک پێی دەگوترێ «هەلومەرجی شۆڕشگێڕی» کاتی هات ئیتر شۆڕش ئەگەرچی جاروبار کز و نزمونەوی دەبێ بەڵام تازە

بەری پێ ناگیرێ. هەلومەرجی شۆڕشگێری ئەگەرچی مەرج گەلێک بوون کە زیاتر چەپەکان باوەڕیان پێی بوو، بەڵام ئەو بابەتەش وەک زۆر سەرنج و تێبینیی دیکەی چەپەکان ڕاست بووە.

لێنین سێ مەرجی سەرەکی بۆ شۆڕش و ڕاپەڕین وەک «هەلومەرجی شۆڕشگێری» دانابوو:

١- خەڵک بە شێوەی ڕابـردوو نەیانهەوێ بژین و ئامادە نەبن چیدیکە بچنە ژێر فەرمانی حکوومەت و ڕێژیمیش وەک پێشووی بۆی بووز نەخوا و نەتوانێ وەک بەرێ بە ترساندن وتۆقاندن و درۆ و سیناریۆسازی بەسەر خەڵکدا حکوومەت بکا.

٢- گرفت و چارەڕەشیی خەڵک و گوشاری لەڕادە بەدەری حاکمان بۆ سەر خەڵک. ئەوە ئەو خاڵەیە کە ئیتر خەڵک چەقۆی دەگاتە سەر ئێسقان و لە هەموو ڕوویەکەوە تامی ژیان لای نامێنێ و وەک دەڵێن مردنی پێ لەو ژیانە شەریفتر دەبێ و بۆیە بڕیار دەدا بەگژ دەسەڵاتدا بچێتەوە.

٣- بەو دووهـۆکـارەی سـەرەوە خەڵک لەپێناو ئـازادیدا ئامادەی گیانبازی دەبێ و ترسی لە حاکمان نامێنێ. نەمانی ترس یەک لە هۆکارە هەرە گرینگەکانە کە خەڵک ئیدی ئامادەی هاتنە سەرشەقام دەبێ و ئەو دیوارە ترسە دەشکێنێ کە چەندین ساڵ دەسەڵاتی دیکتاتۆر وەک پەردەیەکی لێڵ و تاریک بەزەبری هێز بەسەر بیر وزەینی خەڵکدا سەپاندوویەتی.


دیارە خاڵی سێهەم خاڵی یەکلاکەرەوەیە و کاتێ ئەوە خاڵە لە هەر شۆڕشێکدا بەدی کرا ئیتر نیشانەکانی شۆڕش و هەوڵی گۆڕانکاریی قووڵی کۆمەڵایەتی لەلایەن خەڵکەوە دەچێتە بـواری جێبەجێکردن وئەمە یانی دەسپێکی شۆڕش و ڕاپەڕین و بڕیاڕی گەڵ بۆ ئاڵوگۆڕی جیدی لە ژیان و گوزەرانی خۆیان و حاکمانیشدا. کە وایە بەپێی ئەو ئەسڵانەی سەرەوە و بەو ئاماژە کورتە ئێستا ئیدی شۆڕشی ژینا لە قۆناغی سیهەمی یەکلاکەرەوەدایە، ئەو قۆناغە چەندە دەبات، دوو

هەفتە، مانگێک ، دوو مانگ یان ساڵێک و هتد ئەمە بەندە بە ڕێژەی بەشداریی خەڵک لەسەر شەقام و هەڵوێستی ئەو کەسانەی سەر بە ڕێژم کە ئایا لەو دەسەڵاتە هەڵدەگەڕێنەوە و دێنە بەرەی خەڵک یان نا؟

لە هەموو شۆڕشەکانی دنیادا تەنیا کاتێک خەڵک توانیویێتی دەسەڵاتی فەرمانڕەوا بڕووخێنێ کە توانیبێتی هێزە سەرکوتکەرەکان و سوپای ئەو وڵاتە دەگەڵ خۆی بخات، ئەگەر نا ئەو شۆڕشە تووشی گرفتی سەرەکی دەبێ و هیچ لایەک کۆتا نایەن و لەوحاڵەتەدا شەڕی نێوخۆ دروست دەبێ. بۆیە زۆر گرینگە کە شۆڕشگێران کار لەسەر ئەو هێزانە بکەن کە کۆڵەکەی پاراستنی دەسەڵاتن. ڕێژیم کە ئەوانی لێ بتەکێتەوە دەستبەجێ وەک کەلاوەب ەسەر یەکدا دەتەپێ، چونکی پێگەی کۆمەڵایەتیی نییە و تەنیا پشتی بە هێزە سەرکوتکەرەکان بەستووە.

هەر شۆڕشە و لە مێژوودا تایبەتمەندی و نیشانەیەکی دیاری هەبووە. بۆ نموونە ئەگەر لە بەهاری عەڕەبیدا و لە تونس محەممەدێک بە ئاگربەردان لە جەستەی چەخماغەی شۆڕشی تونسی لێ دا، لە کوردستان شەهیدکردنی ژینای کوردان و ناشتنی تەرمی ژینا بە ئاپۆڕای هەزاران کەسی و دروشمی وێرانگەری مەرگ بۆ خامنەیی بوو بە چەخماگەی ئەو شۆڕشەی ئێستا کە لەودا کورد ڕۆڵی سەرەکیی تا ئەم دەموساتەش بینیوە و دیارە خەساری گەورەشی وێ کەوتووە، بەڵام بێگومان نەخش و کاریگەریی ڕاپەڕینی شەقامی کوردستان بۆ ڕووخانی ئەو ڕێژیمە لە مێژوودا دەبێتە ملوانکەیەکی زێڕین کە هیچ کەس لە جیهان و لە ئێرانیشدا ناتوانێ لەبیری بکات.

بەڵێ شۆڕشی ژینا خاویش بێتەوە، کورد گوتەنی وەک ئاگری بن کایە وایە و بە دڵنیاییەوە بەهێزتر لە پێشوو سەرهەڵدەداتەوە و تۆماری ئەو ڕێژیمە کۆنەپەرەست و دژی گەلییە بۆ هەمیشە تێکەوە دەپێچێ.


شۆڕشگێڕانی شەقام
ئیرادەی گەیشتن بە ئازادین
کوردستان کۆڵ نادات

# شۆڕشی ژینا
# هاوکێشەکانی شۆڕشێکی فێمینیستی
# لە ڕاپەڕینێکی سەرانسەری و مافخوازیدا

د. کوێستان گادانی

ڕاپەرینی مافخوازانەی خەڵکی ئێران بە دوای شەهیدکردنی ژینا ئەمینی لە شاری تاران هەروا بەردەوامە، ڕاپەڕینێک کە بێدەسەڵاتیی ژینا و کوژرانی بێبەزەییانەی دایگیرساند و جیهانی هێنایە سەر هێڵ. بێگومان لەو ڕاپەڕینەدا ڕەگەزی ژنانەبوون و باندۆڕی یەکسانیی ڕەگەزی لە بنەما هەرە سەرەکییەکانی بزاوتێکی سەرانسەریی مافخوازیین کە ئێستا ئیدی بەرگژەی بۆ تەواوەتیی ڕێژیم دروست کردووە. تێڕامانێک لە دروشمی «ژن، ژیان، ئازادی» وەک بەردی بناغەی ڕاپەڕینەکە و بەشداریی هەراوی ژنان لە نارەزایەتییەکاندا و چاوخشاندنێک بە ئاماری شەهیدان و دەسبەسەرکراوانی ئەم ڕاپەڕینە ڕۆڵ و پێشەنگایەتیی ژنان بە تایبەت لە کوردستان و جیاوازیی ڕاپەڕینەکە لەگەڵ سەرهەڵدانەکانی پێشوومان بۆ دەردەخات. هەر ئەوەش لەجێدا ورووژێنەری پرسیارێکە کە، ئایا ئەم جیاوازییە بەم مانایەیە کە ئەم شۆڕشە شۆڕشێکی ژنانە و فێمێنیستییە یان

ڕاپەڕینێکی سەرانسەری؟

ئەگەر ژینا وەک ناوەندی سەرهەڵدانی ئەم ڕاپەرینە دەستنیشان بکەین، دەتوانین دەروازەیەک بۆ وەڵامی ئەو پرسیارە بکەینەوە، ئەویش بە چەند هۆکار کە ژینا وەک سیمبول چەندین ئێلیمەنتی ئەم ڕاپەرینە لە خۆیدا وێنا دەکات، بۆ نموونە: ژنبوون (جیاوازیی ڕەگەزی)، کوردبوون (ئیتنیکی)، سوننیبوون (جیاوازیی مەزهەبی)، داپۆشینی قژ و ڕوخسار (حیجابی ئیجباری) بنەماڵەیەکی مامناوەندی (جیاوازیی چینایەتی)، شێوەی شەهیدکردنی (مێتۆدی دەسەڵاتدارەتیی ڕێژیم) و غەریببوون (دیاردەی پەراوێزخران و ناوەندگەرێتی) ... . ئەم چەند ئیلێمەنت و فاکتورانە نیوەی زیاتری کۆمەڵگە خۆی تێدا دەبیننەوە و لە ماوەی ٤٣ ساڵی ڕابردوودا لە هەموو ئەو بوارانەدا نیری ئەو ستەم و چەوسانەوەیان لەسەر ملی خۆیان هەست پێ کردووە. بۆیە ئێستا هەرکام لەوان کە لە سەرشەقام خۆیان دەبیننەوە، پشتیوانی لە خواستی یەکتر دەکەن. بەو پێیە جەوهەری ڕاپەڕینەکە تەنیا پرسی نەتەوەیی یان حیجابی زۆرەملێ نییە، بەڵکوو چەندین فاکتەر وەک ئاڵقەیەک بە دەوری ژینادا کۆ بۆتەوە کە هەرکام لەو فاکتەر و ئێلیمەنە کۆمەڵێک خەلک بۆ ئەم ویستانە بە دوای خۆیدا ڕادەکێشیت. بەڵام لە پێوەندی لەگەڵ پرسی ژناندا، ژنان لە ماوەی ڕابردوودا پێشانیان دا کە لەجێدا توانای بەڕێوبەری و ئیدارەکردنیان هەیە، هەروەها ژنان وێڕای پیاوان لە ئاستی بەرنامەڕێژی و بەڕێوبەریدا و، لەپێناو چێکردنی کۆمەڵگەیەکی دیموکراتدا و یەکساندا شان بە شانی یەکتر لە سەنگەردان.

دروشمی «ژن، ژیان، ئازادی» خۆی بەبێ شرۆڤەش پێمان دەڵێ ژن وەک مانای ژیانەوە و بەرهەمهێنەری ژیان دەبێ خۆی ئەوەندە ئازاد بێت کە بتوانێ ژیان و ئازادی ببەخشیتە کۆمەڵگە. بەڵام هەموو کات دەبێ لەبیرمان بێت کە بزانین داوای ئازادبوون لە چی دەکەین و ئازادیمان بۆ چی دەوێت؟ لێرەدایە کە دەبێ سرنج بدەینە ئەوەی ئەم ئێلیمەنتانەی وەک ئاڵقەیەک لە دەوری ژینادا بەرچاو دەکەون، ڕەنگبێ

تەواوی ناڕازییانی سەرشەقامی ئەمڕۆی ئێران نەگرێتەوە. ڕەنگبێ بۆ ژنێکی بەلووچ مەسەلەی نەتەوەیی وەک کورد یەکێک لە بنەڕەتیترین فاکتەرەکانی بەشداری بێت، بەڵام بۆ خاتوونێک لە شارێکی وەک تاران یان تەورێز ڕزگاری لە حیجابی زۆرەملێ و ئازادیی دەرکەوتن زیاتر سەرنجی ڕاکێشابێت و ئەوی هێنابێتە سەر شەقام. بەڵام گرینگ ئەوەیە هەموویان هەر یەکە و بە هەر خواستێک ئەمڕۆ لە ئاستێکدا و بۆ یەک مەبەست، ئەویش نەهیشتنی ئەم نیزامە تۆتالیتێرە کار دەکەن و ئامادەی گیانیفیداییین. کەواتە ئەم ڕاپەرینە کە بە شۆڕشی ژینا ناو دەبرێ ڕەنگ و ڕووخساری ژنانەی پێوە دیارە و ئەوە ژنان بوون چەخماخەی ئەم شۆڕشەیان لێ دا، شۆڕشێک کە نەک کوردستان و ئێرانی تەنی، بەڵکوو وەک دەبینین لە ماوەی نیزیک بە سێ مانگدا جیهانی بە خۆیەوە سەرقاڵ کردووە.

بزووتنەوەی ژینا یەکەم بزووتنەوەی ژنان نییە، بەڵام بزووتنەوەیەکی ژنانە بوو کە توانی ببێتە ڕاپەڕینێک و هەموو جۆراوجۆرییەکانی کۆمەڵگە لەگەڵ خۆی بخات. هەروەها تەنیا یەک بزووتنەوەی ویستتەوەر نییە، بەو مانایا کە تەنیا یەک ئاراستە بە ڕاپەڕینەکەوە دیار نییە، هەروەک باسمان کرد نارەزایەتییەکی فرەچەشن و فرەڕەهەندییە. لە وڵاتانی ڕۆژئاواییدا زۆر وڵات هەبوون کە ژنان هاتوونەتە سەر شەقام و داوای تایبەتیان وەک مافی دەنگدان و مافی بەرانبەر هەبووە و داوای ڕێفورم و چاکسازییان کردووە لە چوارچێوەی دەسەڵاتی دەوڵەتدا، بەڵام ئـەوەی ئەمڕۆ شۆڕشی ژینا، ژنانی کورد و بەلوچ و ئێرانی داوای دەکەن دەروونمایەی شۆڕشێکی ژنانەیە کە داوای گوڕینی دەسەڵاتێکی ژنکوژ و منداڵکوژ لە وڵاتێکی فرەنەتەوە و نەریتیی وەک ئێران لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا دەکات.

ئەم شۆڕشە دەتوانێ شۆڕشی ژنان بێ، هەروەک چۆن ئێستا بە «شۆڕشی ژینا» ناو دەبرێ، بەڵام ناکرێ بە شۆڕشی فێمێنیستی پێناسەی بکەین، با ئەوەش کە ویست و داخوازە بنەڕەتییەکی ژنان و عاملییەتی ژنان چەغماغەی ئەم ڕاپەرینەی لێ داوە. بە واتایەکی دیکە

ئەم ڕاپەڕینە بزووتنەوەیەکی فێمێنیستیی ڕادیکاڵ نییە و ئەگەر لە پێناسەکانی شۆڕشێکی فێمینیستیشدا جێ بگرێ، پتر بە لای فێمینیستی لیبراڵدا دەشکێتەوە؛ لەگەڵ ئەوەشدا کە ئەم شۆڕشە فێمینیستییە بەو بەربڵاوی و فرەڕەهەندییەی بەشداریی چین و توێژە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵگە دروستی کردووە؛ ئێستا لە بەرگی ڕاپەڕینێکی مافخوازانەدا دەرکەوتووە. خاڵی گرینگ ئەوەیە کە لەم ڕاپەڕینەدا هاوکێشەکان دەبی هاوسەنگییان بۆ بکرێت و ئەگەر چاوەڕێی دەسکەوتی دڵخوازی هەمەلایەنەش لەو ڕاپەڕینە بین، بۆ گەیشتن و دەستەبەری ئەو دەسکەوتانە نابێ شۆڕشەکە بخەینە بازنەی پێناسەیەکی تەنگەبەرەوە.

خەڵکی ئێران لە بەردەم ئەزموونێکی تازەدان. بەشێک لە هەیکەلی ئەم ڕاپەڕینەی ئێستا، ٤٣ ساڵ لەوەپێش لە شۆڕشێکی مەزندا نیزامی سیاسیی وڵاتیان گۆڕی، شۆڕشێک کە هاتنەسەرکاری کۆماری ئیسلامیی لێ کەوتەوە. شۆڕشێک کە دواتر بەرهەمەکە دەسەڵاتێکی نادێموکراتیک، ئیدئۆلۆژیک، سەرکوتگەر، پەراوێزخەر و ژن و منداڵکوژی لێ کەوتەوە کە هەر ئێستا خەڵک قۆڵیان لە ڕامالینی هەڵمالیوە. ئێستا هەمووان دەزانن دەسەڵاتێک کە بەرهەمی شۆڕشێکی جەماوەری بوو، دیکتاتۆرییەکی لێ بەرهەم هاتوە کە خوێنی خەڵکی لە شووشە کردووە، وەلامی بۆ هیچ کام لە داخوازە سیاسی، مەدەنی، ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانی خەڵکی وڵات پێ نییە، تەنانەت منداڵانی خوار ٢٠ ساڵ کە لە نیزامی پەروەردەی ئیدئۆلۆژیکی ڕێژیمدا پێ گەیشتوون، لە ڕیزی پێشەوەی دژبەرانی ئەو سیستمەدا جێیان گرتووە. ڕێژێمێکی گەندەڵ کە لەلایەگ گەندەڵی هەموو هەیکەلی داگرتووە و لەلایەکی دی چی سامانی وڵاتە بۆ شەڕانشۆییەکانی داناوە و بۆ ئەو ئامانجەش خەڵکی وڵاتی بەبارمتە گرتووە. بۆیە ئەو بەحەق ڕەوایە کە خەڵک هەم بە هەموو تواناییانەوە لەدژی ڕابن و هاوکات بیانەوێ لە نیزامی سیاسیی داهاتووی وڵاتدا ئاسەواری هیچ کام لەو هەلاواردن و کەمایەسییانە نەمێنن. ئەوەی لە ئێران ڕادەبرێ تەواو ڕاپەڕینێکی مافخوازانەی پێکهاتەشکێنە، هاوکات ململانێیەکی ناهاوسەنگ لە ڕووی

هێزی جەماوەری و ئیرادەی سەرکوتی ڕێژیمە. بۆیە ئەو پرسیارەش بەجێیە کە چۆنە بە بەرچاوی کۆمەڵگەی جیهانییەوە ڕێژیم دەتوانێ ئەو جینایەتانە بخولقێنێ؟ بۆچی کاردانەوەی وڵاتان بە جینایەتەکانی کۆماری ئیسلامی لەئاست چاوەڕوانیی خەڵکی ئێراندا نییە؟ وەڵامەکەش بۆ چەند فاکتەرێک دەگەڕێتەوە:

یەکەم، لە دوای پەتای کۆڕۆنا و شەڕی ڕووسیە و ئۆکراین و هەروەها پشتیوانیی چین لە ئێران و هاوسەنگییەکانی ئێستا، لە جیهاندا فوکوسی تەواو لە سەر یەک شوێن و بابەت نییە، بەڵکوو وزە و فوکوسی نێودەوڵەتی دابەش بووە. هاوکات بەرژەوەندیی وڵاتان لەگەڵ یەکتری، یان بەرژەوەندیی نێوخۆیی هەر وڵاتێک کۆمەڵێک ڕێوشوێن و بەربەست بۆ جووڵەکانی، بەتایبەت لە نەبوونی ئۆپۆزیسیۆن و بەدیلێکی بەهێز بۆ دەستاودەستکردنی دەسەڵات لە وڵاتە قەیرانلێدراوەکاندا دەستنیشان دەکا.

دووهەم، لە پێناسەکردنی کێشەکانی ئێران تەنیا بە «بەرجام» و دەستێوەردانەکانی کۆماری ئیسلامی لە ناوچەدا، خەڵکی ئێران و پرسە گرینگەکانی ئەو وڵاتە، وەک پرسە نەتەوەیی و مەزهەبی و هەڵاواردنە ئایینی و ڕەگەزییەکان و ستەمکارییەکانی کۆماری ئیسلامی لە هاوکێشەی پێوەندییەکانی وڵاتان لەگەڵ ئێراندا غایب بوون. بەڵام ڕاپەڕینی ژینا تا ڕادەیەک خەریکە ڕوانگەکان لەو پێوەندییەدا دەگۆڕێ و هەڵپەساردنی دانوستانەکانی بەرجامیش دەتوانێ لەو خانەیەدا جێ بگرێت.

ئێستا بەپێی هاوکێشە نوێیەکان، واتە بەردەوامیی ناڕەزایەتی و ڕاپەڕین لە نێوخۆی ئێران، گۆڕینی ڕێژەیی ڕوانگەی ڕۆژئاوا و کۆمەڵگەی جیهانی بۆ بابەتەکانی ئێران دەکرێ باس لە سێ سێناریۆ بکەین:

یەکەم: پێکهاتنی ئاڵوگۆڕ لە چوارچێوەی نیزامی ئێستای کۆماری ئیسلامیدا، بەو مانایە کە بە ئاشتەوایی لەگەڵ ڕێفۆرمخوازە حکوومەتییەکان و هێزی دابڕاو لە دەسەڵات و کۆمەڵە گۆڕانکارییەک

له سیاسەت و ڕەفتارەکانی ڕێژیمدا بتوانن ناوکی دەسەڵات بۆ ماوەیەکی دیکەش بەهێزتر و یەکگرتووتر بکەن و بە بەردەوامییان لە سەرکوتی نارەزایەتییەکان کاتێکی زیاتر بۆ مانەوەیان لە دەسەڵاتدا بکڕن. دووهەم: توندوتیژیی زیاتر و سەرکوتی خەڵک و چوونە فازی حکوومەت نیزامیی لەئێستا سەختتر تا لە ڕێگەی سەرکوت و زەبروزەنگی زیاترەوە بتوانن ئیرادەی خۆیان بە سەر دۆخەکەدا بسەپێنن. سێهەم، ئۆپۆزیسیۆنێکی بەهێز و یەکگرتوو لە بەرگی ئاڵترناتیڤی کۆماری ئیسلامیدا دەربکەوێ و بە بەردەوامی لە ڕاپەرین و خۆپێشاندانەکان لە نێوخۆی وڵاتدا و ڕاکێشانی پشتیوانیی دەرەکی کە ئەمە لە درێژخایەندا ڕێگا بۆ گۆڕینی دەوڵەت، سەرکەوتنی ڕاپەڕین و گۆڕینی نیزامی سیاسی و یاسای بنەڕەتیی وڵات خۆش دەکا.

پوختەی مەبەست: ڕاپەڕینی ژینا ئاوێنەی هەست و سۆزی ژنان و ئەم ستەمانەیە بە درێژایی مێژوو لە ژنان کراوە، بۆیە چەخماغەکەی ژنان لێیان دا و ژنانیش چ لە پێشەنگایەتی و چ لە بەشداریی هەراودا توخمی سەرەکیی ڕاپەڕینەکەن. دۆخی کۆمەڵگەی ئێران و دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامییش ناگەڕێتەوە بۆ پێش کوشتنی ژینا و ئێستا ئیدی سنوور و سەنگەرەکان لە ئێران تەواو جیا کراونەتەوە. لە بەرەیەکدا کە ڕۆژ بە ڕۆژ فراوانتر دەبێت، ژنانی ئازادیخواز، نەتەوە مافویستە سەرکوتکراوەکانی هەتا ئێستا، لایەنگرانی یەکسانی و بەرانبەریی مافە مەدەنی، کۆمەڵایەتی و ئایینییەکان و گۆڕانخوازە دێموکراتیکەکان وەستاون. چەکی دەستی ئەوان باوەڕ و ئیرادەی خەبات و گۆڕانکارییە. لە بەرەی بەرانبەریشدا کەمایەتیی لایەنگری کۆماری ئیسلامی کە سەرچاوەکانی ئابووریی وڵات و ئامرازەکانی سەرکوت و داپڵۆسینیان لەدەستدایە. مێژووی خەباتی ڕزگاریخوازانە لە وڵاتانیش پێشانی داوە کە هیچ دەسەڵاتێکی سیاسی بێتوو ڕەوایی و شەرعییەتی خەڵکیی نەبووبێ، بە پشتبەستن بە بەهێزترین چەک و ئامرازی سەرکوت نەیتوانیوە دەسەڵاتەکەی ڕابگرێت.

# «کۆمار»ە کەمتەمەنەکانی شۆڕشی «ژینا»

تاهیر قاسمی

لە ڕۆژەکانی سەرەتای سەرهەڵدانی دوای مەرگی ژینا، بابەتێکی سەرنجڕاکێش سەبارەت بەو لاوە بەشدارانەی کە دینامۆی سەرەکیی ئەو خۆپیێشاندانانەن، لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا دەستاودەستی دەکرد. بابەتەکە ناوی کەسی بە سەرەوە نەبوو بەڵام خۆی وەک باوکی لاوێکی هاوتەمەنی ئەو لاوانە ناساندبوو. بەڕواڵەت لێکۆڵینەوەیەکی مەیدانی بوو. لە نێوەرۆکدا ئەو لاوانەی وەک وەچەی ئینترنێت و گەیم و یاریی کۆمپیۆتێری پێناسە کردبوو.

بەپێی بابەتەکە ئەوان کەمتر وەک مرۆڤی ئاسایی و زیاتر وەک مرۆڤێکی بێ‌ڕۆح و وەک ڕۆبۆت بەشداریی لە سەرهەڵدانەکاندا دەکەن و شەهیدبوونیشیان لە ڕوانگەی خۆیانەوە هەروەک کوژرانی کاراکتەرێکی ناو گەیم و یاری وایە. ڕەنگە هەر ئەو بابەتە و ئەو ڕوانینە

بوو کە دواتر وەک ڕوانگەی حکوومەتی لەسەر کۆی شۆڕشەکە و ئەو توێژە پێشڕەوەی خۆپێشاندانەکان لە زمان کاربەدەستانی ڕێژیمەوە خۆی نواند. یان ڕەنگە بابەتەکە هەر لە بنەڕەتدا لەلایەن دەزگای پڕوپاگاندای کۆماری ئیسلامییەوە نووسرابوو بۆ ئەوەی خۆپێشاندەران لە مرۆڤی ئاسایی و لە خەڵک هەڵاوێرێ و لە ئاکامدا سەرهەڵدان و شۆڕشەکە بە کارێکی منداڵانە، «ماجەراجوویانە» و بێئامانج لە قەڵەم بدا.

سروشتی سەرهەڵدان و شۆڕشەکان وایە کە لاوان دینامۆی سەرەکیی سەرهەڵدان و بەرەوپێشچوونن. لە ئاکامیشدا زیاترین خوێن و قوربانی پێشکەش دەکەن. ئەوەش لە سروشتی لاوان خۆیاندایە. تایبەتمەندیی مرۆڤ وایە کە تا تەمەنی زیاتر هەڵدەکشێ، خۆپارێزتر دەبێ و هاوکات هێز و وزەی لاوانەش، بە هەڵکشانی تەمەن کز و کزتر دەبێتەوە. ئەوەش پێوەندی بە سەردەمی ئینترنێت یان گەیم و یاریی کۆمپیۆتێرەوە نییە. پێشتریش وا بووە و دواتریش هەر وا دەبێ و شۆڕشی ژیناش لەوە بەدەر نییە.

ئەم وەچەیەی کە ئێستا لە شەقامەکانی ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا پێشەنگایەتیی خۆپێشاندان و ناڕەزایەتییەکان دەکا وەچەی لە دایکبووی دەیەکانی حەفتا و هەشتای هەتاوییە کە تەمەنیان لە نێوان پازدە بۆ بیست و پێنج ساڵدایە و لە باری کۆمەڵناسییەوە بە وەچەی Zیش بە ناوبانگە. حاشاهەڵنەگرە کە ئەوان وەچەی سەردەمی پەرەگرتنی کۆمپیوتێر و گەیم و ئینترنێت و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانن، لێ ئەو ئامرازانە نەک هەر ئەو لاوانەیان نەکردووە بە مرۆڤی بێڕۆح و ڕۆبۆت بەڵکوو لێکۆڵینەوەیەکی سەرەتایی و لە دووریشەوە ئەوە دەردەخا کە بەپێچەوانە ئەوانیان کردووە بە وەچەیەکی زۆر تێگەیشتوو و لە وادەی خۆیان پێگەیشتووتریش. بە داخەوە بارە ئەمنیەتییەکە ئەوەندە قورسە کە مرۆڤ لە دوورەوە نازانێ کێ لەو خۆپێشاندانانەدا بەشدارە و پێکهاتەکەیان چۆناوچۆنە بەڵام هەر

ئینترنێت و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان ئەو ئیمکانەیان پێکهێناوە کە دوای شەهیدبوونی هەر خۆپیشاندەرێک، سەرەتایەک لە بیرکردنەوەی، ئاستی زانیاری و چۆنیەتیی ژیانی بزانین. بۆ وێنە شەهید پەیمان منبەری تەمەن ٢٥ ساڵ کە لە بنەماڵەیەکی تێکۆشەردا لەدایک بووە و لە کاتی پشتیوانی لە ڕیفراندۆمی باشووری کوردستانیشدا جارێک دەستبەسەر کرا، پێش ئەوەی کە ڕۆژی شەممە ١٦ی ڕەزبەر لە خۆپێشاندانەکانی سنەدا شەهید بێ، لە ژێر تیتری «ئەوە دەبێ بە باشترین شەممەی مێژوو» لە ستۆریی ئینستاگرامەکەیدا ئاوای نووسی:

**ناڕەزایەتی دەردەبڕین**
**مان دەگرین**
**تەنانەت وەک خۆیان دەڵێن**
**تێکدەدەین**
**ئاژاوە دەگێڕین**
**کەسێ کە بێتە سەر ڕێمان**
**بەرەنگاری دەبینەوە**
**با بریندار بین**
**با شەهید بین**
**شەقامەکانی شاریان لێ دەکەین بە دۆزەخ**
**تا گەیشتن بە سەربەستیی یەکجارەکیی خەڵکەکەم**
**بنەماڵەکەم و شارەکەم**
**بەردەوام دەبم.**

هێندێکیان پێش ئەوەی شەهید بن، هەستی خۆیانمان بە شێعری شاعیرێک لە ئەکاونتەکانیاندا بۆ بە جێ دەهێڵن. کۆپلەیەک لە شێعری «تا نیوەی ڕێگە هاتووین»ی عەبدوڵلا پەشێو، دوا ستۆریی شەهید زەکەریا سولەیمانی تەمەن ١٦ ساڵ پێش شەهید بوونی بوو:

تا نیوەی ڕێگە هاتووین
بیر لە چی دەکەنەوە؟
تازە بۆ کوێ؟ بۆ دواوە؟ !
دە تەماشای دواوە کەن،
چ شوورەیەک بە هێسکی
شەهیدان هەڵچنراوە!

شەهید شاهۆ خزری بە بەیتێک شێعری «لە بەندیخانە»ی قانعەوە بەرەو پێشوازی مەرگ چوو:

**«گەر بە ئازادی نەژیم مردن خەڵاتە بۆ لەشم**
**نۆکەری و سەر دانواندن کاری نامەردانەیە»**

دیارە هەموو ئەوانەی کە بەشدارن یان شەهید دەبن ئۆگری شێعر و ئەدەبیات نین بەڵام زۆربەی هەرە زۆریان بە جۆرێک هەستی پاکیان لە ئەکاونتەکانیاندا ڕەنگی داوەتەوە. شەهید سمکۆ مەولوودی دوا جار سروودی «بە تەنیا جێم مەهێڵن»ی هونەرمەند «عەلی عابدی» گوتەوە کە سروودی کاتی ناشتن و یادی چلەی ژینا بوو. شەهید فەرجاد دەروێشی بە جامانە و جلی پێشمەرگانەوە وێنەی بەجێ هێشت.

شایەتیدانی بنەماڵەی شەهید لەنێو ئەم دۆخە ئەمنیەتییەدا کە کۆماری ئیسلامی پێکی هێناوە، ڕێگایەکە کە دوای شەهیدبوونیان، بتوانین سەرەتایەک لە ڕوانین و بیرکردنەوەی شەهیدەکان بزانین. باوکی شەهید ڕەزا شەهپەرنیا لە چلەی مەرگی کوڕەکەیدا گێڕایەوە؛ ئەو هەم زۆرانباز بوو و هەم حافزی قورئان. پێم گوت؛ مەچووە نێو ئەم ئاڵۆزییە. خۆ من کەسم نییە، تۆ لە جێگای باوک و برامی. پێی گوتم؛ باوکە! ئەمە چ قسەیەکە تۆ ئەیژی؟ مەهساش هەر یەک دانە بوو. ئەگەر خوێنێک نەڕژێ، شۆڕشێکیش ڕێک ناخرێ!

بنەماڵە زۆر جار سەرچاوەی هزر و بیری ڕۆڵەکانیانن. ئەوە تەنیا باوکی شەهید ڕەزا شەهپەرنیا نەبوو کە لە چلەی مەرگی

ئازیزترین کەسیدا شۆڕشگێڕانە هاتە سەر گۆڕی ڕۆڵە شەهیدەکەی. تا ئامادەکردنی ئەم بابەتە لە سەقز بنەماڵەی شەهید فەرەیدوون مەحموودی، لە دیواندەرە بنەماڵەی شەهید فوئادی قەدیمی، لە قەسری شیرین بنەماڵەی شەهید ئەفشینی ئاشام، لە سنە بنەماڵەی شەهید سارینا ساعێدی و لە شائاباد بنەماڵەی شەهید سەعید محەممەدی شۆڕشگێڕانەترین بۆنەیان لە کاتی ناشتن یان لە چلەی شەهیدەکانی ئەم شۆڕشەدا پێکهێنا و بۆنەکەیان کرد بە مەیدانێکی دیکەی بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ دەسەڵاتی کۆنەپەرەستی کۆماری ئیسلامی. بنەماڵەی شەهید پەیمان مینبەری لە سنە بە سروودی ئەی ڕەقیب تەرمی ئازیزی ڕۆڵەکەیان ناشت. لە مەهاباد سەرجەم شەهیدەکان بە سروودی ئەی ڕەقیب نێژران و بە سروودی ئەی شەهیدان ماڵاواییان لێ کرا. لە سەر داوای بنەماڵەی شەهید کوبڕا شێخە، سروودی «شەهید» لە بڵیندگۆی مزگەوتی سەعدیی مەهابادەوە بڵاو کرایەوە. هاوسەری شەهید فریشتە ئەحمەدی بە شانازییەکی گەورەی زانی کە ئیدی ناویان چووە ڕیزی بنەماڵەی شەهیدانەوە و ماڵی باوکی شەهید فریشتەش لافیتەیەکی گەورەیان بە هەیوانی ماڵەکەیانەوە هەڵواسی و شەهیدبوونی کچەکەیان لە خەڵکی سەردەشت و سەرجەم گەلەکەی پیرۆز کرد.

بەڵام لە نێو ئەو شەهیدانەدا، ناو، ژیان و شەهیدبوونی لاوێکی مێرمنداڵ زۆر سەرنجی ڕاکێشا؛ شەهید کۆمار دەرئۆفتادە. ناوی کۆمار بە تەنیاش جێگای سەرنج و تێفکرین بوو کە باوکی کۆمار لە کاتی ناشتنەکەیدا زۆر زوو وڵامی پرسیاری نەکراوی خەڵکی دایەوە؛ «کوڕەکەم لە ڕۆژی ٢٥ی گەلاوێژ [ڕۆژی دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان] لە دایک بوو، بۆیە ناوم لێنا کۆمار». کاک حەسەن دەرئۆفتادە لە خۆشەویستیی کۆماری کوردستاندا ناوی لە کوڕەکەی نا. کۆماریش وەک کۆماری کوردستان تەمەنی کەم و زۆر زوو شەهید بوو. بەڵام ئەویش لە دوای خۆی کۆمەڵێک یادگاریی

وردیلە و شیرینی بۆ بە جێ هێشتین. لە ئاڵبۆمی وێنەکانیدا، کوڕێکی جوانی کورد و پڕ لە هەستی کوردانە دەبیندرێ. وێنەیەکی پێمان دەڵێ کۆمار هێشتا دە ساڵانەیە کە لە گوندی قاسملوو، لە نیزیک ماڵی باوکی قاسملووی ڕێبەر، بە جلی کوردییەوە ڕاوەستاوە. وێنەکانی دیکەشی بە جلی کوردییەوە دەربڕی شوێنەواری ئەو ناوەن کە بنەماڵەکەی بۆیان هەڵبژاردووە و ئەو هەستەن کە مام و ئامۆزاکانی لە ڕیزەکانی پێشمەرگایەتییەوە پێیان داوە و دایکی کە دواجار لە ڤیدیۆیەکیدا ئالا و جامانە بە سەر گۆڕی نەمامە شەهیدەکەیدا دەکێشێ.

کۆمار لەو تەمەنە کەمەدا خۆی فێری نووسینی کوردییەکی پاراو بە بنزاراوەیەکی دوورتریش کردووە. ستۆریەکانیشی هەڵگری ئەو هەستە پاکەن. وەرگێڕاوی شێعرێکی «نەزار قەببانی» کە ڕەنگە لە فارسییەوە وەریگێڕابێ لە یەکێک لە ستۆرییەکانیدا سەرنج ڕادەکێشێ:

**ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیان هاوشێوەی**
**چاوەکانی سەرنجڕاکێشی تۆ**
**دروست کردووە**
**بە پەرۆش**
**خەمبار**
**ماندوو**
**و جوان**

لە ستۆرییەکی دیکەیدا ڕەنگە بە ئیلهام لەو شێعرەی نزار، ئازار و نەهامەتییەکانی مرۆڤێکی کورد کە بەردەوام لە گەڵ مەرگ بەرەوڕوویە ڕەنگی داوەتەوە. لەوێدا مەرگی بە پێشمەرگایەتی، بە دیلی، لە خۆپێشاندان، لە کاتی کۆچ و لە کۆڵبەریدا وێکڕا وێنا کراون و هەستی شۆڕشگێڕانە، ئازادیخوازانە و کوردانەی خۆی تێدا دەربڕیوە:

**ئێمە خەڵکی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستین**
**هێندێکمان لە جەنگ(دا) ئەکوژرێین**
**هێندێکمان لە بەندیخانە**
**هێندێکمان لە شەقام ئەمرین**
**هێندێکمان لە دەریا(دا) نوقم ئەبین**
**تەنانەت کەژە بەرزەکانیش**
**تۆڵەی تەنیاییان لە ئێمە ئەکەنەوە**
**چون ئێمە کارمان مردنە**

ئەو نموونانەی کە لەم بابەتەدا باسیان کرا تەنیا مشتێ لە خەرمانی دەوڵەمەندی ئەو لاوە کەم تەمەنانەن کە بە ئازایی و زاناییەوە پێشەنگایەتیی ئەو شۆڕشە دەکەن و لە پێناویدا خوێن دەدەن و قوربانی دەبن. ئەوان نەک هەر لە ناو کۆمپیوتێر و گەیم و یاریی کۆمپیۆتێریدا نوقم نەبوون و نەک هەر شۆڕشەکەیان بە گەیم و یاری نازانن بەڵکو ڕێگای خەباتی خۆیان زۆر بە زانایی هەڵبژاردووە و زۆر بە ئازاییەوە بەرەو شەقام و ئەگەری بە هێزی بەرەوڕوو بوونەوە لە گەڵ مەرگ دەچن. بۆیەشە تا کاتی نووسینی ئەم بابەتە، ئەوە نیزیک بە پەنجا شەو و پەنجا ڕۆژە کە بەگژ یەکێک لە فێڵبازترین، بێ بەزەییترین و بێ حەیاترین دیکتاتۆرەکانی سەردەمدا چوونەتەوە و کۆڵیان نەداوە و شەقامیان چۆڵ نەکردووە. ئەو یادگارانەی ئەوان بۆمانیان بە جێ هێشتووە پێمان دەڵێن کە بۆ لاوانی ئێران ئازادی و بۆ لاوانی کورد ئازادی و مافی نەتەوایەتی لە سەرەوەی هەموو ئەو خواستانەن کە بۆی تێدەکۆشن. هەر بەو جۆرەی کۆماری مێرمنداڵ لە یەکێک لە دوا ستۆرییەکانیدا وەک مامۆستایەکی ئەم شۆڕشە بۆمانی نووسی:

«لە هەموو شت زیاتر، ئازادیتان خۆش بوێ».


تۆ و فرمێسك و گۆڕی باوکێکی شەهید
ئێمە و بەڵێنیی تۆڵە لە زوحاکی سەردەم

# شۆڕشی ژینا
# ڕێنسانسی عەقڵانییەتی دەسەڵات و حوکمڕانی

سەلام ئیسماعیلپوور

لەم ڕۆژانــەدا ئیران و کوردستان شایەتی شۆڕشێکی نوێین کە بەپێچەوانەی شۆڕشەکانی پێشوو لە جیهانی سێیەمدا، بە دڵنیاییەوە یەکێک لە پێشکەوتووترین و مرۆڤایەتیترین شۆڕشەکانە. شۆڕشێک کە هەموو بەپێچەوانەی تابۆی باو و چوارچێوەی بیرکردنەوەیەکی تەسک، بووە بە یەکەمین شۆڕش کە لەوێدا ژنان و نەتەوەکانی ژێردەست ڕۆڵی لۆکۆمۆتیو بۆ بەرەوپێشبردنی دەگێڕن کە بە دروشمی «ژن ژیان ئازادی» بنەماکانی سێ چەوساندنەوەی ستەم و هەڵاواردنی ڕەگەزی، هەروەها نەتەوەیی و چینایەتی دەپێکن.

کۆماری ئیسلامیی ئێران وەک تێکەڵاوێک لە هەموو جۆرەکانی زۆرداری و کۆکردنەوەی هەموو تاوانەکانی باندێکی مافیایی لە خۆیدا،

وەک ڕێژیمێکی سیاسی بۆ سەرکوتی ئەو شۆڕشە سەرەڕای هەموو ئەزمونێک کە لە سەرکوتکردندا هەیەتی شکستی خواردووە. ئەو ئاگرەی کە بە کوشتنی ژینا لە کوردستان گڕی گرت، ئێستا بڵێسەی گەیوەتە هەموو ناوچەکانی دیکەی ئێران و بووەتە هۆی یەکگرتنی بزووتنەوە پێشکەوتووەکانی گەلانی ئێران و سەرنجی کۆمەڵگەی نێونەتەوەییشی بۆ لای خۆی ڕاکێشاوە. بەڵام لە هەمانکاتدا ئەو هاودڵییەی کە لە شەقام دروست بوو دوژمنایەتیی دو چینی لێ کەوتەوە. یەکەمیان کۆماری ئیسلامی و دووەمیان لایەنگرانی پاشایەتی کە وەک هەمیشە دەیانەویست خۆیان وەک ئاڵترناتیڤی سەرەکیی ڕێژیم بنوێنن.

ئەوەی لەو وتارەدا ئاماژەی پێ دەکرێ هەموو ئەو هەوڵانە دەگرێتەوە کە هەر لە سەرەتای ئەو ڕاپەرینەوە بە دیسکۆرسی ناوەندگەرایانە بەدوای بێ نێوەرۆککردنی خەباتی ڕادیکاڵ و بێ واتاکردنی دروشمەکانی شۆڕش بوون. خێرایی بڵاوبوونەوەی ئەو شۆڕشە کە بە ڕێبەریی نەتەوە بندەستەکان و بەتایبەتی نەتەوەی کورد و ژنانی هەمیشە ستەملێکراو لە ئارادایە، هەستی دژایەتی و ئێرەیی ئەو توێژە لە سیاسەتوانە ناوەندگەرایانەی بزواند، هەربۆیە هەر لە سەرەتاوە بە درۆ خۆیان لەگەڵ شۆڕش نیشان دەدەن؛ بەڵام لە ڕاستیدا خۆیان دور دەگرن، تەنانەت ئەگەر بانگەوازێک دەدرا تا کاتێک کە بە شێوەیەکی پراکتیکی هاتنی خەڵک بەرەوپێل بانگەوازیان نەدەدیت خۆیان دور دەگرت و دواتریش هەر زوو هەموو هەوڵی خۆیان دەخستە گەڕ هەتا خۆیان بە خاوەنی چالاکی نیشان بدەن و بە دونیای دەروە وەک چالاکیی خۆیان بیفرۆشنەوە؛ خۆ ئەگەر خەڵکیش بەرەوپیلی بانگەوازەکان نەهاتبا ئەوا لە ناخەوە خۆیان بە سەرکەوتوو دەزانی.

لە خۆڕا نەبوو کە هاوکات لەگەڵ دروشمی «ژن، ژیان، ئازادی» بەدوای داهێنانی دروشمی کۆمیکی وەک «زن، زندگی، پهلوی» ودواتریش «مرد، میهن، آبادی» بکەون، کە نیشانەی ترسی ئەوان لە

دروشمی ژن ژیان ئازادی بوو. چونکە ئەو دروشمە بنەما هزرییەکانی ئەوان وەک باوکسالاری و تەواویەتی خاک و بەرەوپێشبردنی ئابووری کردبووە ئامانج. ئەو دروشمە تەنیا دژی ڕژیم ئێستا نەبوو، بەڵکوو دژایەتیی لەگەڵ هەموو ئەو بنەما فکرییانەی ئەوان هەیە کە وەک تابۆیەک لە مێشکیاندا چەسپاوە، ئەو دروشمە کە سەرچاوەی مافی دیاریکردنی چارەنووس و ئازادیی ڕاستەقینە و هەروەها لابردنی هەڵاواردنی ڕەگەزی لە خۆیدا بەرجەستە دەکات، هەموو دامەزراوەی فیکریی ئەوانیش کە تەنیا هەوڵی گەندەڵی لە دەسەڵاتدا دەدەن، دەکاتە ئامانجی خۆی.

ئەوانە بە هێنانەئارای ئاڵایەکی کۆن، پێداگریی دەمارگرژانە لەسەر یەکنەتەوەبوونی ئێران و ڕەتکردنەوەی فرەڕەنگبوون و جیاوازییەکانی کە هەن، خۆشاردنەوە لە پشت دروشمی تەواویەتیی خاک و هەروەها بە دانانی مەرج بۆ هاوپەیمانی ئەویش لەلایەن بنەماڵەی دیکتاتۆری پێشوو کە زۆر جار تێڕوانینی هاوبەشی لەگەڵ سوپای پاسداران و ئەرتەش و هەموو دامودەزگای مرۆڤکوژیی ڕێژیم هەیبووە، هەموو هەوڵی خۆیان بە ئاراستەی لاوازکردنی ئەو یەکگرتنە و هەروەها گۆڕینی ڕوانگەی ئەرێنیی خەڵکی ناوەند خستە گەڕ، بیگومان ئەو هەوڵانە وێڕای لاوازکردنی جووڵانەوەی دێموکراسیخوازی سودی تەنیا بۆ ڕێژیم و دەزگای حاکم هەبوو.

کەسانێک وەک کوڕی دیکتاتوری پێشوو کە دەبینێ شوێنپێیەکی ئەوتۆی لەنێو چالاکییەکاندا نییە، تەنانەت دروشمی «مرگ بر ستمگر، چە شاه باشد چە رهبر» وەک تاشەبەرد، بەر سەریان دەکەوێ لە لایەک هەوڵی سانسورکردنی هەموو چالاکییەکانی شۆڕشی ژینا و نەتەوە بندەستەکانی دەدەن و لەلایەکی دیکەوە بە دروشمی پیاوسالارانە چیرۆکی هەمیشەیی تەواویەتیی خاک بەرجەستە دەکەن، هەتا بە هەموو ئێرانییەکان بڵێت ئەوە کۆماری ئیسلامی نییە کە مەترسیی لەسەرە، بەڵکوو ئەوە وڵاتی ئێرانە کە مەترسیی لەسەرە

بۆوەی ئەوانەی دوودڵن لە پشتیوانیکردنی شۆڕش پەژیوانیان بکاتەوە.
هەر لەو پێوەندییەدا کوڕی شا ڕۆژی ٢١ سەرماوەز کە ساڵڕۆژی سەرکوتی دوو نەتەوەی کورد و ئازەری و حکوومەتە خودموختارییەکانی ئەوان بە دەستی ئەرتەشی باوکیەتی، وەک ڕۆژی ڕزگاریی ئازەربایجان و یەکگرتنی نەتەوەیی ڕابگەینێ هەتا بە مانای تەواوی وشە نامۆبوونی خۆی لە گەڵ ڕاستییەکانی شەقام پێشان بدات و بە جۆرێکیش پشتیوانیی خۆی بۆ سەرکوتی کوردستان و بەلوچستان پێشان بدات. ئەو شێواز بیرکردنەوەیە لەنێو هێزەکانی ناوەندگەراش دیکەی کڕیاری خۆی هەیە، ئێمە کە ئەولەوییەتی یەکەممان ڕووخاندنی ڕێژیمە، نابێ بێ ئاگا بین لەو شێواز بیرکردنەوە و دیسکۆرسە نەخۆشە. ئەو دیسکۆرسەی کە بە چاوی وڵاتە داگیرکراوەکانی پاشایەتی سەیری کوردستان و نەتەوە بندەستەکان دەکات وخۆی بە خاوەن و، دانیشتووانی سەرەکی ڕاستەقینەی ئەو خاکەش بە کرێنشین و ڕەعیەتی بێزەوی دەزانن کە تەنیا بۆ بێگاری و چەوساندنەوە لەوێن و هیچ مافیکیان نییە!
ئەزموونی مێژووی سیاسیی ئێمە لە هەڵسوکەوت لەگەڵ ئەو دیسکۆرسە دەری دەخات بێتوو جارێکی دیکە حوکمڕانی پێناسە نەکرێتەوە و دان بە فرەنەتەوە و فرەڕەنگبوونی ئێراندا نەنرێت؛ سیستمی حوکمڕانی پاشایەتی بیت یا کۆماری، سێکۆلار بێت یا ئایینی، سۆسیالیستی بێ یا لیبراڵی، سەرۆکایەتی بێ یا پارلەمانی، دیکتاتۆڕیی تاکڕەوانە بێت یا حکوومەتی یاسا، لە کۆتاییدا لە چوارچێوەی سیستەمی داگیرکەر و داگیرکراودا خۆی دەبینێتەوە، چونکە ئەوەی کە لە ئێراندا هەر لە بنەڕەتڕا بە هەڵە دانراوە، فەلسەفە یا سیستەمی حکوومەت نییە، بەڵکوو فەلسەفەی حوکمڕانی و عەقڵانییەتی وڵاتدروستکەرە. یا بە مانەیەکی دیکە ئەوەی لە یەکەمجاردا پێویستی بە گۆڕان هەیە نیوەڕۆک یا فۆرم و فەلسەفەی حکوومەت نییە، بەڵکوو فەلسەفەی حوکمڕانی و خوێندنەوەی ڕەسمی لە حوکمڕانیی باوە.

پرسی سەرەکی لە ئێران کە بۆتە هۆی ئەوەی نە دین کارایی مرۆڤدۆستانەی هەبێت و نە سیاسەت، دەرباز نەبوون لە عەقڵانیەیتی سەردەمی فتوحات بۆ دەوڵەتسازیی مودیرنە. تا ئەوکاتەش حوکمڕانی بەرهەمی ئەو تێڕوانینە بێت، تەنانەت کەشی سیاسی و فورم و جیهانبینیی ئۆپۆزیسیۆنیش هەر بەو شێوەیە بێت، دووبارە سیستمی ئاغا و ڕەعیەتی و پارێزگاری لە میراتی داگیرکەری دروست دەبێتەوە. لە سیستەمێکی لەو شێوەیەدا هەموو چەمکەکانی سیاسیی کلاسیک ومودێرن دەبێ بگوڕدرێن، بۆ ئەوەی بتوانن دۆخی داگیرکەر و داگیرکراو شی بکەنەوە. ئێران دەبێ لە خوولانەوە لەو بازنەیەدا بێتە دەرێ کە بەردەوام هەندیک خۆ بەخاوەن و هەندیک بە کرێنشین دەزانن.

بۆ کەسێکی کورد یا بەلووچ تا ئەوکاتەی زێدی باب و باپیرانی لەژێر دەسەڵاتی داگیرکەریی فتوحاتی نەتەوەی دیکەدا بێت و ناسنامەکەی و پەیوەندیی ئەو لەگەڵ خاکەکەی بە فەرمی نەناسرێت، ناو یا سیستەمی حکوومەت لە تاران گۆڕانکارییەکی ئەوتۆ لە دۆخی ئەودا دروست ناکات، هەر چۆن کۆماری دێموکراتیکی فەڕانسە کاریگەرییەکی ئەوتۆی لە ژیانی ئەلجەزایری داگیرکراو نەبوو، هەر وەک بریتانیا و ئیسرائیلی دێموکراتیک سارێژی برینەکانی فەلەستین یا هیندی داگیرکەری نەدەکرد.

تا ئەوکاتەی لە کۆمەڵگەی سیاسیی ئێران نرخی ئازادی و دیاریکردنی مافی چارەنووس لە پێش تەواویەتیی خاک (کە ناوەکەی دیکەی پارێزگاری لە فتووحات بە هەر نرخیکە) نەبێ، قەیرانی ملهوڕی و هەروەها بەرەپێشچوون چارەسەر نابێت. چونکە پێداگری لەسەر تەواویەتیی خاک بە مانای کۆکردنەوەی هەموو دەسەڵات لە ناوەند و حوکمڕانی تەنیا لە ناوەند، بێ گرینگیدان بە مافی نەتەوەکان و ویستی خەڵکی شەقام، پێویستی بە ڕێژیمێکی دیکەی سەرکوتکەری دژەمرۆڤی وەک کۆماری ئیسلامییە.

ناوەندگەراکان ناتوانن چاوەڕوانیی ئەوەیان هەبی لە تاران لەژێر سێبەری حکوومەتێکی مرۆڤدۆست و دێموکراتیکدا دابنشن، بەڵام لە هەمانکاتدا بە پێداگری لەسەر تەواویەتیی خاک دژی مافی دیاریکردنی چارەنووسی نەتەوەکانی دیکەی ئەو وڵاتە، واتە بنەمای سەرەکی حوکمڕانی بن. ناوەندگەراکان ناتوانن ئازادی و کەرامەتیان بۆ خۆیان بویَ، بەڵام بۆ هاونیشتمانتان کویلایەتی بخوازن، هەربۆیە یا هەموو پێکەوە ئازاد دەبین یا پێکەوە ژێردەستەی دیکتاتوری دەمێنینەوە.

بە کورتی و پوختییەکەی ئەوەی کە دەبی لە ئێراندا لەپێناو سەقامگیری دێموکراتیکدا گۆڕانکاریی بە سەردا بێت ڕوانگەی حوکمڕانییە و، هەتا ئەوکاتەی ناوەندگەرایەک کاتێک لەگەڵ چالاک یا ڕۆژنامەنوس یا سیاسەتوانێکی نەتەوە بندەستەکان دادەنیشێت و پێشمەرجی دیالوگ ئەوە دادەنێت کە بزانیَ چەندە باوەڕی بە تەواویەتی خاکی ئێران هەیە، تەنانەت هەبوونی سەرۆککۆمارێکی کورد یا پاشایەکی بەلووچ ناتوانیَ پرسی کورد و بەلووچ چارەسەر بکات و، بۆ نموونە کورد و بەلووچ بەردەوام لە بەرانبەر ئەو سیستمە سیاسییەی ئێران و عەقلانییەتی پشتی ڕادەوستن.



# DAYS 100

## ZHINA REVOLUTION

بەشی چاپەمەنیی ناوەندی ڕاگەیاندنی
حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران